



هەفتەنامەیەکی ڕۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات


ژمارە (١٢١) چوارشەممە ٢٠٠٩/٧/٨ زایینی
بەرانبەر بە پووشپەڕی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی نۆیەم

www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com


# بەدرخان
Bedirxan


بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

## میسری لەئامێزی خۆشەویستانیدا




ئەمڕۆ چوارشەممە (٢٠٠٩/٧/٨) ڕێوڕەسمی (کەرنەڤاڵی حسێن میسری) لەنێو هونەرمەندان و خۆشەویستانیدا لە شاری سلێمانی لە هۆڵی (تەلاری هونەر) کاتژمێر (٥)ی ئێوارە بەڕێوەدەچێت

لەم ژمارەیەدا پاشکۆیەکی تایبەت لە بەدرخان بە کەرنەڤاڵی میسری بخوێنەرەوە ل١١،١٢،١٣،١٤


٥ل

**کاک کۆسرەت:**
**یەکێتیی تەسلیمی پارتی نەبووە**


٨ل

**وتاری د.دڵشاد عەبدولڕەحمان**
**لە حزوری بارزانیدا**


١٧ل

**د. جەرجیس گوڵێزادە:**
**گۆڤاری بەغدا باشترینە**



**د. بۆریس جیمس**
سەبارەت بە سەلاحەدینی ئەیوبی و کورد، کتێبێک دەنووسێت
٣ل



**سەنگەر زراری**
کێ فاتیحا لەسەر خۆی دەخوێنێ ؟!
٩ل



٩ل



**حەمە عەلی خان:**
دەتوانین بڵێین، درامای گەردەلوول جەماوەرییەو سینەمای کوردیش لێرەو لەوێ بوونی هەیە
١٥ل

## فیلمسازانی کورد لە دیمەشق



**تایبەت بەبەدرخان- دیمەشق**
لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی فیلمساز، بۆ خولێکی پەرەپێدانی هونەری سینەما و تەلەفزیون بۆ وڵاتی سوریا نێردران. ئەم خولە لەلایەن ئەکادیمیای نیودەوڵەتی سوری بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدان لە بوارەکانی (وێنەگرتن و ڕووناکی – مۆنتاج – سیناریۆ – دەرهێنان) لەلایەنکۆمەڵێکمامۆستای پسپۆر و ئەکادیمی وانەکان دەوترێنەوە ..
هونەرمەندانی بەشدار خوشحاڵی خۆیان بە بەشداریان لەم خولەو ئەو هەوڵەی حکومەت دەربڕی و هیوایان خواست، کە حکومەت خزمەتی زیاتری هونەرمەندان بکات و هەلی زیاتر بۆ هونەرمەندانی تر بڕەخسێنێت و ئەم جۆرە کارانە بکاتە نێوکارنامەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە و ساڵانە هونەرمەندان بۆ ئەم جۆرە خولانە بنێردرێن.
هونەرمەندانی بەشدار بریتین لە : شوان عەتوف، سالار سوڵتان، هەوراز محەمەد، کامەران جەمال، هاوڕێ بەهجەت، شاخەوان عەبدوڵڵا، سەرووەر محیەدین، سەرووەر محەمەد، رزگار ئەمین، کرمانج قادر.



٢ل

www.arsivakurd.org

## ئاراستەی سێیەم
# ئەزمەی پیاوە

چەند برادەرێکی ئازیز ئیمەیلیان بۆکردم، کە خێرە ماوەیەکە منیش هاوشێوەی پیاوەکانی دەسەڵات کەوتوومەتە گیانی هەموو ئەو لایەن و رۆژنامەو گۆڤارانەی وەک ئۆپزسیۆن دەرکەوتون.

ئاگاداریان کردمەوە کە واباشترە بگەڕێمەوە سەنگەری حەقیانەتی دژ بە گەندەڵی و ئایندە لە کیس خۆم نەدەم و لەوە زیاتر خۆم ناشرین نەکەم و خۆم نەکەمە نێچیری ئەوانەی بەدوای نێچیردا دەگەڕێن. ئەمەش رێک پێچەوانەی ئەو راستییەیە، کە کەس ئامادە نییە دانی خێر بە کەسدا بنێ، ئەوەتا کەمال میراودەلی کە هێشتا هیچ نەبووە دەڵێ ئیعتراف بەو سێ کاندیدەی دیکەی سەرۆکی هەرێم ناکەم، ئەوە موئامرەیە لێمکراوە و دەستی یەکێتی و پارتی لەپشتە، بە خوای سەیرە پیاوی ناچاردەکەن قسان بکات، تۆ بڵێی لەم وڵاتەدا ئەزمەی پیاوی بێت، لەو هەموو سەرۆک حزب و کۆمپانیایەی، کە هەیە پیاوێکی زەریفی تیا هەڵنەکەوت خۆی بۆ سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرێ ئەو سێ زاتە نەبێت، ئەمە رێک ئەوەی بیرخستمەوە، کە کاتی خۆی مەلیک حوسێن پێشنیازی ئەوەی خستە بەردەم رای گشتی جیهانی، بۆئەوەی عێراق وەک هەرێمێکی کۆنفیدرالی بخرێتە چوار چێوەی وڵاتی ئوردن و یەکێ لە خانەوادەکەشی بکرێتە سەرۆکی ئەو هەرێمە کۆنفیدرالییە، وەک ئەوەی عێراق پیاوی تێدا نەبێت. لە هیچ کونجێکی ئەو دنیایەدا نەبووە کەسانێک بەبێ ئەوەی لەسەر هیچ ئاستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناسراوبن خۆیان هەڵبژێرن و قسەی لە بەژن و باڵای خۆشیان گەورەتر بکەن، بۆیە خۆکاندیدکردنی ئەو چوار زاتە لە گاڵتەجاڕی بەولاوە شتێکی دیکە نییە.

هەمووئەوانەشکەخۆکاندیدکردنی ئەوان بە کرانەوەو جورئەتی مێژوویی دەزانن، باشتر وایە پیچەک بە عەقل و هۆشی خۆیاندا بچنەوە و یەک دوو پرسیار لە خۆیان بکەن، باشە خێرە لەو هەموو پیاوە زەریفە سیاسیانەی کە هەن، تەنیا یەکێکیشیان جورئەتی ئەوەی نەکرد ئەگەر هەر بۆ موجامەلەش بووایە خۆی کاندید کردبوایە بۆ سەرۆکی هەرێم و دواتر بە پارەیەکی باش بیفرۆشتبایەوە.

بۆیە پێم وانییە ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا روودەدات پرۆسەیەکی سیاسی حیساب بۆکراوی ورد بێت، چونکە زۆر جار کە پیاو گوێبیستی دەنگ و رەنگی ئەو پیاوە هەڵگەڕاوانە دەبێت، کە خەریکی بەخشینەوەی خێرو بەرکەت و نیعمەتەکانیان بەسەر ئەم میللەتە داماوەدا، رابردوو و ئێستاو داهاتووشی لەبەرچاو دەکەوێ.



سمکۆ عەبدولکەریم

smkobsat@yahoo.com

# فەلەکنازی دەنگبێژ لە ماڵی دەنگبێژانی دیاربەکر

**فەلەکناز یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بە بەردەوامی و رۆژانە لەماڵی دەنگبێژان لە شاری دیاربەکر بەرچاو دەکەوێت، دەنگێکی پڕ لە جۆش و لە سەداو حەیران و لاوکی کوردیت لێی گوێ لێ دەبێ، لە کۆی "٣٥" دەبنگبێژی پیاو تەنیا ئەو لەم تەمەنە دەبینرا، وەک شێرەژنێک بە باشمانزانی ئەم دیدارە کورتەی لەگەڵ سازبدەین...**

**بەدرخان- دیاربەکر- ستار محەمەد ئەمین**

*** فەلەکناز خانم رۆژ باش، گەر خۆت بناسێنی؟**

— سوپاس، من لە ناوچەی قولپێی سەر بە شاری دیاربەکر لەدایک بوومە، هەر لەوێش گەورە بوومە.

*** سەرەتا چۆن ئاشنا بوویت لەگەڵ دەنگبێژی؟**

— من مندال بووم گوێی لە رادیۆی یێریڤان دەگرت و هەر لەوێش ئاشنا بووم بە دەنگی مریەم خان و ئایشەشان و محەمەد عارفی جزیری، شەوانە تەنیا ئەم رادیۆیە یەک کاتژمێر پەخشی کوردی هەبوو گوێم لێ رادەگرت و بەرۆژ کە دەچوومە دەشت و دەر بۆ ئیش کردن لەبەرخۆم ئەم گۆرانییەم دەگوتەوە، ئەوانەشی کە دەمگوتنەوە هەمووی بۆ خۆم و لەبەرخۆم دەمگووتنەوە.

*** سەرەتای دەست پێکردنی گۆرانی گوتنت وەک دەنگبێژێک کەی بوو؟**

— لەو سەردەم دەنگبێژی لەناو کوردان و بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، چ جای ژنێکیش گۆرانی بڵێ، چونکە لەو سەردەم کورد هەمووی کۆیلە بوو، ژنیش کۆیلەی کۆیلەکان بوو، هەرچەند من گوێم لەوە نەگرت و چاوەڕێم نەکرد، لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتی ئاهەنگی ژنهێنان و شایی و هەڵپەرکێدا گۆرانیم دەگوت، پێ بەپێ ئەم گوتنانەی من چوونە پێش.

*** ئەی یەکەم جار کە گۆرانیت بۆ خەڵکێکی زۆر گووتبێت، کەی بوو؟**

— پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٤ گوندەکەمان لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورک رووخێنرا و سووتاندیان، هاتینە دیاربەکر ئا لەو سەردەم لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی شاری دیاربەکر لە ٨ی ئازار لە رۆژی ژنان یەکەمجار بوو تەمەنم ئەو کات سی ساڵ بوو، لە لایەن ئامادەبووان پێشوازی زۆرم لێکراو و لەوێوە من بڕیارمدا هەرچەند بۆم بکرێ زیاتر بۆ خەڵک گۆرانی بڵێم.

*** لە دەرەوەی وڵات بەشداریت لە هیچ فێستیڤاڵ و ئاهەنگێک کردووە؟**

— بەڵێ هەر ئەو ساڵە کە لە ئاهەنگی ٨ی ئازار بۆ یەکەم جار بەرەو رووی جەماوەرێکی زۆر بوومەوە، هەر لەوێشەوە داوایان لێکردم بەشداری یەکێک لەو فێستیڤاڵانە بکەم کە لە وڵاتی فەرەنسا بەرێوە دەچوو لەسەر رۆڵی ژنانی کورد لە گۆرانی و دەنگبێژیدا، واتە دەنگبێژی ژنی کورد، منیش قبوڵم کرد هەر ئەو ساڵە بەشداریم کرد لەگەڵ کۆمەڵێک دەنگبێژی تر وابزانم خەڵکێکیش لە باشوورەوە هاتبوون.

*** دەڵێن لەناو خانەوادەکەت دەنگبێژی تر هەنە، ئەم دەنگخۆشییەی تۆ لەوانەوە بۆت ماوەتەوە، چی دەڵێی؟**

— لەبەرئەوەی باوکم و دایکم زوو مردوون من بە بیرم نایەتەوە، بەڵام دەگێڕنەوە کە ئەوان دەنگیان زۆر خۆش بووە.

*** چەند ساڵە شووت کردووە و چەند منداڵت هەیە؟**

— من ٣٠ ساڵە شووم کردووە و تەمەنیشم ٤٧ ساڵە و پێنج منداڵم هەیە ٢ کوڕ و ٣ کچ، هەر هەمووشیان بە پیاوەکەشمەوە پێیان خۆش نییە من گۆرانی دەڵێم، بەڵام من هەمووجار پێیان دەڵێم، بۆ ژن لەناو شارەوانی فەرمانبەر بێ، یاخود لەناو پارتەکان هەبێ عەیب نییە، بۆچی گۆرانیبێژ بێت عەیب بێت، هەر بۆیەش من دەخوازم لە هەموو ژنێکی کورد لە هەر کوێیەک بن، هەموو یەک بن و گروپی دەنگبێژی پێک بێنن.

*** حەزمان دەکرد دیدارەکەت تەلەفزیۆنی با بۆ ئەوەی لەم دەنگە زوڵاڵە ببەینەوە باشوور لە جیاتی ئەوە چیت هەیە بۆ بەدرخان؟**

— سڵاو بۆ کوردستانی ئازاد، سڵاو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، هیوادارم ئەگەر کەناڵێک یان دەزگایەکی راگەیاندن من بانگهێشت بکەن بۆ ئەوەی بتوانم راستەوخۆ لەوێدا گۆرانی بۆ میللەتی خۆم لەباشوور بڵێم سوپاسیان دەکەم.



فەلەکناز

# نیاز جەمال: لە ئێستادا بۆشایی ئافرەت لە بواری هونەری نابینم

**نیاز جەمال یەکێکە لەو ئافرەتە هونەرمەندانەی لە ئێستادا بە گڕوتینێکی گەرمەوە کاری هونەری دەکا و دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە، ئەو جگە لە کاری نواندن لە چەند کلیپێک بەشداری کردووە، وەکو راگەیاندکاریش لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان کاری کردووە و بەو دواییانەش لە سەتەلایتی نەوروز بەرنامەی ساتەکانی تەمەنی پێشکەش دەکرد، سەبارەت بەدوا کاری خۆی و کارە هونەرییەکانی دواندمان.**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** چۆن بڕیارتدا لە درامای نامەکانی ئەشرەف بەشداری بکەی؟**

— وەکو هەموو ئیشێک بانگیان کردم بۆ ئەو ئیشە، دواتر دەقەکەم خوێندەوە و رۆڵەکەی خۆم بەدڵ بوو، بۆیە بەشداریمکرد.

*** لە کاتێکدا لە دوو دراما کاردەکەی، نامەکانی ئەشرەف و ............؟**

— لە نامەکانی ئەشرەفدا زۆربەی رۆڵەکانم تەواو کردووە و وێنەی گیراوە، لە دراماکەی کاک بەکریشدا لە سەرەتای ئیشەکانە، هەرچەندە هەردووکیان باس لە دوو سەردەمی جیاواز دەکەن، بەڵام ئەکتەر دەبێ بتوانێ لە هەموو بوارێکدا رۆڵ ببینێ، ئایا ساڵانی کۆن بێ یا ئێستا و داهاتووش بێ.

*** لە دراماکەی بەکر رەشید چ رۆڵێکت هەیە؟**

— لە درامای "گەمەی باڵندەکان" رۆڵی خوێندکارێکی زانکۆ دەبینم، کە لە کۆلیژێکم، لەو درامایە کوڕێکی تیایە بە حیساب حەز لەمن دەکا، بەڵام من ئاگام لەو نییە تا ئەوکاتەی شوو ئەکەم.

*** قسەت چییە لەسەر نەبوون یا کەمی ژمارەی ئافرەتانی هونەرمەند؟**

— لە ئێستادا من ئەو بۆشاییە نابینم، چونکە کە دەبینین کچێکی زۆر زۆر هەیە لە بواری راگەیاندن و هونەریداکاردەکەن، دیارە لە ساڵانی پێشوو کچ نەبووە، بەڵام ئێستا دەتوانین تاراددەیەک بڵێین ئەو بۆشاییە پڕ بۆتەوە و هیوادارم زیاتریش بێ و کچی تریش وەکو کوڕان بتوانن بێنە ناو کاری راگەیاندن یا کاری هونەری.

*** سەرسامی بە نواندنی کام لە ئافرەتە هونەرمەندەکان؟**

— زۆرن ئافرەتەکان، بەڵام من هەمیشە باسم لەوە کردووە حەزم لە رۆڵی بەیان زەریفییە، رێزان فەرەج و چەندین ئەکتەری تر.

*** یەکەم کاری هونەریت کەی و چۆن بوو؟**

— یەکەم کاری هونەریم لەوکاتە بوو کە چوومە پەیمانگای هونەرەجوانەکان، لەگەڵ هەموو خوێندکارانی پەیمانگا ئیشێکی بە کۆمەڵمان کرد لە دەرهێنانی مامۆستا مۆفەق عارف لهۆنی بوو، توانیم لەرێگای ئەو کارەوە بەردەوام بم لە کاری هونەری.

*** لە سەرەتادا حەزت لە بەشی میوزیک بووە، بەڵام دواتر چوویتە بەشی شانۆ، لە ئێستادا کە شانۆکاری، حەز لە کاری مۆسیقی دەکەی یان نا؟**

— ئەگەر بتوانم و دەرفەتم هەبێ بەڵێ لە بواری مۆسیقاشدا کاردەکەم.

*** لە کەناڵی ئاسمانی نەوروز بەرنامەی "ساتەکانی تەمەن" پێشکەش دەکەی، چۆن بڕیارتدا ئەو بەرنامەیە پێشکەش بکەی؟**

— من پێشتر لە شوێنی تری راگەیاندن کارم کردووە، هەر لەو رێگایەوە کۆمەڵێک هاوڕێی ئازیز و لەرێگای شانۆ و کاری دراميیەوە کۆمەڵێ کەسی ترم ناسی، هەر دوای ئەوەی لە کەناڵێکی تری راگەیاندن وازم هێنا، هاوڕێیەکی خۆم پەیوەندی پێوەکردم و گوتی بەرنامەیەک هەیە لە نەوروز تیڤی، دەتوانی بیکەی، منیش گوتم بەڵێ و دەست بەکار بووم.

*** لە ئێستادا ئەو بەرنامەیە نابینرێ، بۆ؟**

— بەرنامەکە بۆ ماوەیەکی کاتی وەستاوە، لە راستیدا دەرفەتم نییە، ئەگینا دەستم دەکردەوە بە تۆمارکردنی بەرنامەکە.



نیاز جەمال

# هەیاسە ... لە بەدرخان چ باسە؟!

**ئا: حەسۆ**

* لێرەو لەوێ باس لەوە دەکرێ ئەگەر (ئیسڵاحییەکانی ئێران موسەویان هەیە لە کوردستانیش چوار حزبەکە و نەوشێروان مستەفا هەیە" ئەرێ بەڕاست کوردستانی عێراق دەکرێ بە رۆژهەڵاتی کوردستان بشوبهێنین، یان موسەوی بە نەوشێروان، پیرەژنێکیش لە ژیانیدا قسەی نەدەکرد بەکاوەخۆ دەیگۆت "فەرقی چییە، حەسەن بێ یا حوسێن، باشوور بێ یا باکوور، بەختیار بێ یا نا بەختیار" گرنگ ئەوەیە ئەوەی لەگەڵمان نەبێ قبوڵی ناکەین..

* رۆژنامەیەکی عەیار ٢٤ مانگانە ٤٨ ملیۆن دینار لە حکومەت وەردەگرێ و خۆی بە ئەهلی دەزانێ.

* ماس میدیای کوردی لە بەرامبەر پێشێلکردنی کەرامەتی تاکی کورد لەهەر کوێیەک بێ، وەکو هەنگیان لە دارا دۆزیبێتەوە دەچن بەلای هەواڵی رەش، نازانم بۆچی ناچن بەدەم خەمی مافی چارەنووس؟!

* کوردستان بە حسابی مەلای مەشهوور وەکو کەرەکەو منداڵ و باوکەکەی لێهاتووە "خۆ دەزانن مەسەلەکە چۆنە" ئەوەندە باسکراوە سواو بووە، بەڵام داخی گرانم هەر رۆژەو بیانوویەک بە سەرکردەکان دەگرن چیتان کردو بەرهەمەکەی چی بوو "ویستتان بودجەو دەستوور و رێککەوتننامەی ستراتیژی هەڵوەشێتەوەو تێنەپەڕێ"، بەڵام نەکراو ناشکرێ، کورد لە مێژە گوتویەتی "زەرەر لەنیوە بگەڕێتەوە هەر باشە".

* لە نەخۆشخانەی سۆرانی ئەهلی لە شاری هەولێر تاقی بەیانییەکەی "١٧" دەرزییان بە "١٠١" دیناری خۆمان دابووە نەخۆشێک، دواتر لە تاقی ئێوارەکەی "٧" دەرزیان بە ٤ هەزار وەرگرتبۆوە، دیارە شتەکان پێچەوانەیە، زانیومانە ئێواران نرخی دەرمان گرانترە لە بەیانیان، بەڵام لە نەخۆشخانەی سۆرانی ئەهلی بە پێچەوانەیە، خۆ باسی ئەوەش ناکەین نابێ کەس خواردن بباتە ژوورەوە لەبەر کافتریاکەیان، لە کافتریاش لەفەیەکی خۆمانەی بازاڕی بە ٣ هەزار دینارە.

* عەبدوڵڵا دەربەندی دوای یەک دوو هەوڵ بۆ بە ئەندامبوون لە سەندیکای رۆژنامەنووسان وەرنەگیرا، ئەو پێی وایە غەدریان لێی کردووە، لە سەندیکاش دەڵێن مافی ئەوەی نییە ببێتە ئەندام، بەڵام بەینی خۆمان بێ زۆر لە رۆژنامەنووسانی دیکە کە فەرمانبەرن لە دەزگا راگەیاندنەکان "وەکو دەربەندی" کەچی ئەوان وەرگیراون و دەربەندیش راستی گوت وەرنەگیرا.

* لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەندی لەسەر بەخشینی ١٥٠ پارچە زەوی بە رۆژنامەنووسان دراوە، کە پێشتر ناوی ئەو رۆژنامەنووسانە لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە دیاری کرابوو.

* غەفوور مەخمووری کاتێک لە رادیۆی ئەمریکا پرسیاری لێدەکرا دەیگوت رابەری بزووتنەوەی پێشکەوتوخوازی کوردستان مەسعود بارزانی، کەچی ئێستا دەڵێ لیستەکەمان هێشتا بڕیاریان نەداوە دەبێ کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیار لەسەر ئەوە بدات.

## پرسە

بەناوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و هەفتەنامەی بەدرخان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبووان "خەدیجەخان دایکی مام حوسێن و مامۆستا ناسیح و مامۆستا کامەران، سەبیحەخان خێزانی مام عوبێد گەلاڵی" دەکەین، هیوادارم ئەمە دوایین ناخۆشیان بێ و خودای گەورەش خوالێخۆشبووان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

# رای پێشوەخت

ئەوانەی پێشێلکاری لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەکەن، بڕیاروایە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ناویان بخرێتە لیستی ڕەشەوە. برادەرێک داوا دەکات یەکێتی و پارتی چیتر دابەستی ڕانەگرن، پێدەچێ ئەمجارە لە جیاتی دابەستی هەندێکیان فسبکاتەوە. خەڵک و ئاو و هەواناسانی کوردستان لە بارەی خۆڵبارینەکەی چەند ڕۆژەی شارەکانی هەرێم، بەیاننامەیەکی دژ بە ڕەوتی سەحرانشینەکان بڵاودەکەنەوە. "هەرێمەکەمان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە" ئەمە قسەی بەرپرسێکی لیستی چوار حزبەکەیە، منیش دەڵێم وریابن لەو تاقیکردنەوەیە ساقیت مەبەن؟!!!. مایکڵ ڕۆبن دەڵێت "سەرکردە کوردەکان مەستی دەسەڵاتن" منیش دەڵێم تۆش مەستی پارە و جاسووسیەتی. ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بە مانشێتێکی گەورە و لە لاپەڕەی یەکەمیدا نووسیویەتی "وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە وردی چاودێری هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەکات" ئەرێ کوڕینە ئەوە باشە یان خراپە؟!!!. هەندێک لە خاوەن لیستەکان لە ئێستاوە لافیتەیان حازرکردووە و لێیان نووسیوە " کوا دەنگەکانمان"، " بۆ تەزویرتانکرد"، " نا بۆ دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان" بە خوا سەیرە هێشتا نە ڕۆژی هەڵبژاردن هاتووە و نە هەڵبژاردنیش کراوە ئەمانە تووشی وەهم بووینە و دەیانەوێ دۆرانی خۆیان بەوشیعاراتانە پەردەپۆش بکەن. لە لاپەڕەی یەکەمی هەفتەنامەی هاووڵاتی نووسراوە دکتۆر بەرهەم نابێتە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دکتۆر فوئاد مەعسومیش بە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ڕەسمی جەنابی دکتۆر بەرهەمی بۆ ئەو پۆستە دیاریکردووە. لە گۆڤاری ستاندەر نووسرابوو "چوار ساڵە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتییە نەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆیە دەنگ بە مەسعود بارزانی نادەم" ئەوەی ئەم نووسینەی نووسیبوو چەند ڕۆژێک لەمەبەر لەگەڵ زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان و ڕوناکبیراندا میوانی سەرۆک بارزانی ببوون، بەڵام ئەو کاتە نەک جورئەتی نەکرد ڕاستەخۆ ئەو قسەیە بە بارزانی بڵێت، بەڵکو وەک کەسێکی بێ گیان و بێ ئەرزشیش دەهاتە بەرچاوان؟!!!. "ئەگەر بچمە پەرلەمان داوای کردنەوەی دیسکۆ دەکەم" ئەمە قسەی بەشداربوویەکی ئەمجارەی هەڵبژاردنە، بەو پێیە بێت دەبێ مەلاکان داوای کردنەوەی مزگەوت بکەن. تورکمانەکانی هەولێر بە پێنج کورسی پەرلەمان، داوای جێگری سەرۆک وەزیران و حوکمی زاتی دەکەن. بە گوێی من دەکەن واز لەم بیرکردنەوەیە دێنن و ماڵی خۆتان ڕێک بخەن باشترە. مەلا کرێکار داوا دەکات ئیسلامییەکان دەنگ بە لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی بدەن، ئەم داوایەی کرێکار لە ڕقی کۆمەڵ و یەکگرتووە؟!!!. فاخیر هەریری بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان خۆی کاندید کردووە، هیوادارم ئەوەی حەز بە بەند و گۆرانییەکانی ئەو دەکات دەنگی پێبدەن. دکتۆر کەمال میراودەلی لە کەللەی شەیتان نایەتە خوارێ و خەون بە سەرۆکی هەرێمەوە دەبینێ، باشە پیرۆزە. بەس یەک داواکاریم هەیە، بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی خۆت ئارەزوت لێیە و بە وتەی خۆت هەوادارانت لەوێن. بابزانین چەند کەس دێتە پێشوازیت، وەعدبێت گەر توانیت 5000 کەسیش خڕکەیتەوە ئەوە من واز لە ڕەخنەگرتنی تۆ دەهێنم، بەڵام گەر نەتوانی ئەوە تۆش واز لەم وەهمە بێنە.


دڵزارحەسەن

# عەبدوڵڵا پشدەری: حکومەتی ئێرانی ئەوکات ڕێگایان بە موحسین دزەیی نەدا بە پاسپۆرتی ساختە بگەڕێتەوە


عەبدوڵڵا پشدەری


لەڕاستیدا من هەتاکوو ئێستاش کاتێ ئەو نووسینەم هەر سورم لەسەر ڕایەکەی خۆم، هەتا مردنیش هەر وا دەبم ئیتر پاش بە خاکسپاردنی "تەرمەکە" شەو بەسەرداهات و ناچار ئەو حەشیمەتە زۆرە ڕۆیشتینەوە ناو شارۆچکەی "شنۆ" و میوانی ئەو خەڵکە بەشەرەف و نیشتیمانپەروەرەی ئەو شارە بچکۆلەیە بووین، هەر ماڵێ لە "٢٥" تا "٥٠" کەسی میوانداری دەکرد، بە زۆری خەڵکیان بۆ ماڵی خۆیان ڕادەکێشا، ئێمە چەند برادەرێکی دانیشتوی "کەرەج" وەکو عەبدولوەهاب ئەتروشی و ڕەشید سندی و محەمەد ئەمین بەگ و فازیل سۆرانی و کەمال مەلا محەمەد قادرو جەمال نامیق و خۆشم لەگەڵیدا حەزمان نەکرد، کەوا پێش دامەزراندنی میوانەکانی، کەوا لە شارە دوورەکانەوە هاتبوون، ئێمە بچینە ماڵێک، ئینجا بۆیە هیچ جێگایەک بۆ ئێمە نەمایەوە، هەموو ماڵەکان پڕاوپڕ مۆنجیان دەدایەوە ئیتر برادەرانی ناوبراو هاتنە لام و وتیان بەو شەوە ساردو سەرمایە چۆن دەتوانین بەبێ جێگا و ڕێگا بژین، منیش بەهۆی ئەوەی کەوا چەند کەسێکم لە دانیشتوانی "شنۆ" دەناسی ڕۆیشتمە ماڵی "حەیدەر ئاغا"، کە یەکێک بوو لە کەسایەتییەکانی ئەو ناوچەیە، مرۆڤێکی زۆر نازدارو زۆر ناودار بوو وتم "حەیدەر ئاغا" چەند کەسی میوانت هەیە؟ ئەویش وتی دەوری "٣٠" کەس میوانم هەیە، دەبێ خۆشت و برادەرەکانیشت هەر میوانی من بن، وتم نابێت، تۆ مادام میوانت زۆرە دەچینە شوێنێکی تر، سوێندی خوارد، کەوا دەبێ لای ئەو بین، بەهەرحاڵ ژن و منداڵەکانی خۆی ناردە ماڵێکی خزمی بۆ نووستن و جێگەی ئێمەی لەناو ژووری خەوتنی خۆیدا کردەوە، نان خواردنیش ئەوەندە زۆر بوو هەر باسی نەدەکرا، ئیتر من بۆیە ئەوەندەم درێژ کردەوە باسی "حەیدەر ئاغا" کە تاکوو خزم وکەس و کارەکانی ناوبراو هەتاکو خەڵکی تریش لە حەیدەر ئاغاوە فێری پیاوەتی، خزمەتگوزاری ببین و دیسانەوە ئەرکی سەر شانی منیشە، کەوا ئەوچەند دێرە لەناو مێژوودا بۆ خەڵکی "شنۆ" بەگشتی و بۆ "حەیدەر ئاغا" بەتایبەتی تۆمار بکەم، ئینجا بۆ ڕۆژی دووەمیش هەتا دوای نیوەڕۆ هەر لە "شنۆ" ماینەوە، چونکە ئەو هەموو خەڵکە زۆرەی لە شارەکانی کرماشان، سەقز و مەهاباد و سەردەشت و پیرانشار و نەغەدە و ڕەزائیە و خۆی و سەڵماسەوە هاتبوون دەبوایە لەلایەن کاک ئیدریسی خوالێخۆشبوو و کاک مەسعود و کوڕەکانی سەرۆک بارزانی نەمرەوە بەخێرهاتنیان لێ بکرێ و سوپاس گوزاریان لێ بکەن، ئینجا دوای نیوەڕۆ هاتینەوە ناو شاری ڕەزائیەوە و فڕۆکە هیلیکۆپتەرەکانی خۆمان لەسەربازخانەی ڕەزائیە چاوەڕوانی ئێمەبوون بۆ ڕۆژی سێیەم هەر بەفڕۆکەکان گەڕاینەوە "کەرەج" بۆ ماڵی خۆمان، ئەوەی کەوا لێرەدا دەمەوێ نەیشارمەوە بۆ مێژوو تۆماری بکەم هەڵوێستی "مام جەلال و عەبدورەحمان قاسملۆ" هەڵوێستێکی زۆر نەگونجاو و دوور لە داب و نەریتی کوردایەتی بوو، کەوا هیچ کامیان لە ئێمەوە دوور نەبوون و ئەو ڕۆژەش زیاد لەو هەموو خەڵکە زۆرەی کورد چ عێراق و بگرە تورکەکانیش هاتبوون بۆ بەخاکسپاردنی ئەو سەرۆکە مەزنەی کوردستان، ئەو دوانە مام جەلال و قاسملو خۆیان دوورەپەرێز گرت، بەلای کوڕەکانی مەلا مستەفادا نەهاتن، چونکە لەبەر ئەو داب و نەریتەی کوردەواریش نەبوایە، کەوا هەموو کەسێک پەیڕەوی لێدەکات، ئەوان دەبوایە بۆ سوودی سیاسی خۆیان ئەو هەڵەیان بقوزتبایەوە، ئەو ڕۆژە هاتبان بۆ گۆڕستان و خۆیان بۆکاتی "پرسە" هاتبانە "کەرەج" بۆ ماڵی مەلا مستەفا، چونکە من دڵنیام لەوەی ئەوان لەوکاتەدا هیچ جۆرە ساردی ناخۆشییەکیان و لەناودا نەدەما، و کوڕەکانی سەرۆک زۆر ڕێزیان لێدەگرتن، بەڵام ئەوەیە کورد هەر لەکۆنەوە وا فێربووە، کە هەر دەبێ دژی یەکتر کار بکات و هەرگیز ڕێگای ئاشتی و برایەتی نەگرێتە بەر، زۆر بەداخەوە، ئینجا ئەوە بوو پرسە و سەرەخۆشی تا ماوەی ١٥تا٢٠ ڕۆژ لە کەرەج بەردەوام بوو، هەموو لێپرسراوانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی جگە لە "خومەینی"، شەریعەت مەداری تالەقانی و مەهدی بازرگان، ئەوانی تر هەموویان هاتنە لای کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو و کاک مەسعود بارزانی و غەم و ماتەمینەی خۆیان پێشاندا.

**کەم کردنەوەی پارەی مانگانەی چەند کەسێک لەسەرانی شۆڕش**

پاش ئەوەی حکومەتی خومەینی بە تەواوەتی کەوتە سەر ئیش کردن، هەروەها سەرەخۆشی بارزانی نەمریش کۆتایی پێ هات ئەوە بوو کەوتمەوە سەر ئیش و کارەکانی جارانم لە "کۆمیتەی پەناهەندان"، بەڵام دامودەزگای تازەی وەزارەتی ناوخۆ وایان بە پەسەند زانی، کەوا بارەگایەکەی پێشووی ئێمە واتە "کۆمیتە" بگوێزنەوە بۆ ناو کۆشکی وەزارەتی ناوخۆو ئابوورییەوە، چونکە نەیان دەویست کرێی ئەو خانووەی، کەوا بۆ "کۆمیتە" گیرابوو بیدەن، ئینجا ئەوە هەر بەناو کۆشکی وەزارەتدا چەند ژوورێکیان بۆ ئەندامانی کۆمیتەکەمان تەرخان کرد و سەرۆکی "کۆمیتە"، کە ناوی ئاغای "فەلسووفی" بوو زۆر لەخۆی دەترسا لەوەی، کە یا بیگرن یا دووری بخەنەوە، چونکە یەکێک بوو لە پیاوە ناسراوەکانی ڕژێمی "شا"ی ئێران و خۆی ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆ و سەر بە ساواک بوو، بەڵام بەڕاستی مرۆڤێکی زاناو لێهاتوو بوو، لەهەمان کاتیشدا زۆر یارمەتی ئێمەی دەدا بۆ ئیش و کارەکانی پەناهەندەکان، هەر گیروگرفتێکی هەمانبوایە بۆی چارەسەر دەکردین لە زەمانی ڕژێمدا، بەتایبەتی، تا لە سەردەمی "خومەینیشدا جارێکیان ئیشێکیان بۆ کردین، کە تا لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دەرەوەش" ئەو ئیشەیان بۆ ئەنجام نەدەدا، ئەویش ئەوە بوو کاک موحسین دزەیی کاتی خۆی زەمانی ڕژێمی "شا" بە "پاسەپۆرتی ئێرانی"، "واتە "پاسەپۆرتی مزور" ڕۆیشتبوو بۆ لەندەن، ئەوجا خۆی لەگەڵ "تەرمی پیرۆزی" سەرۆک بارزانی هاتەوە "ئێران" و لەو کاتەشدا حکومەتی "خومەینی" قەدەغەی هەموو خەڵکی ئێرانی دەکرد بۆ سەفەر کردن بۆ دەرەوەی وڵات، ئینجا من و کاک موحسین هەرچەند هەوڵماندا نە لە وەزارەتی دەرەوە و نە لە "ئەنجومەنی وەزیران" دا ڕێگایان نەدەدا، کەوا کاک موحسین بەوپەساپۆرتە "ساختە" یە بگەڕێتەوە "لەندەن" هەروەها "پاسەپۆرتی تازەشیان پێ نەدەدا، ئێمە ماوەی یەک هەفتە خەریکی ئەو بووین و بۆیان جێبەجێنەدەکردین، ئینجا کاک موحسین زۆر تەنگاو بوو و نەیدەزانی چی بکات، چونکە ماڵ و منداڵەکانی لە "لەندەن" بوون، هەر دەبوایە بچێتەوە لایان، منیش ڕۆیشتمە لای ئاغای "فەلسووفی" و داوای یارمەتیم لێکرد، بەڵکو چارەسەری ئەو ئیشەمان بۆ بکات، ئەویش وتی تەنیا یەک ڕێگا هەیە ئەگەر بتوانم بۆتانی بکەم، ئەویش لەوانەیە کەوا لێپرسراوانی تازەی کۆماری ئیسلامی پێی ڕازی نەبن و لە "فڕۆکەخانە" گیروگرفتی بۆ دروست بکەن، ئەوەبوو "لیساپاسی" بۆ دروست کردین، کە بریتییە لە "وەرەقەی عبور" دەرچوون لەخاکی ئێران، ئیتر باش بوو لە فڕۆکەخانەش چاویان لێ پۆشی و کاک موحسین ڕزگاری بوو، ئینجا من بۆیە ئەو چیرۆکەی کاک موحسینم درێژ کردەوە، تاکو بزانن کەوا داروودەستەی ڕژێمی "شا" زۆر زیاتر ئاسانکارییان لە ئیش و کاری ئێمەی کوردی پەناهەندەدا دەکرد، من ئەو ماوەیە کەوا ئیشم کرد لەگەڵ داروودەستەی خومەینیدا زۆر بێزارو بە ئازار بووم، ئەوان هەر بە "ئاقڵە" کۆنەکەی سەد ساڵ لەمەوبەر بیریان دەکردەوە، لەگەڵ چەرخی تازەدا نەدەگونجان، پاشان گیروگرفتی زۆر گەورەیان بۆ دروست کردین، ئەویش ئەوە بوو بڕیارێکیان دەرکرد لەمەودوا "مووچە"ی پەناهەندەکانی کورد، واتە سەرانی شۆڕش، ئەوانەی لە ٣٠٠دینار، کە بە پارەی ئێرانی دەیکرد ٦٠٠٠ تومان زیاتریان هەیە دەبێ کەم بکرێتەوە، ئەو بڕیارەش چەند کەسێکی پەناهەندە لە خزمەکانی مەلا مستەفا دەگرێتەوە، چونکە ئەوان موچەکانیان لەهی ئێمە "ئامر هێز" ەکان زیاتر بوو، هێندێکیان دەگەیشتە ٤٥٠دینار ئینجا کاتێ لە وەزارەتی ناوخۆ بڕیارەکە دەرچوو، کاک ئیدریس بارزانی خوا لێخۆش بوو داوای لەمن کرد، کەوا هەرچۆنێ بێت کارێکی وابکەم، کەوا وەزیری ناوخۆ ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە.

بەشی هەژدەهەم

# عەلی حەسەن مستەفا: ئەو ڕووداوانەی کوشتنی تێدا بووایە ڕەوانەی مەکتەبی تەنفیزیم دەکرد


عەلی حەسەن مستەفا

بەڕێزان لەو ماوەیەی کە من وەکو حاکم کارم دەکرد لەناوچەی هەولێر و دەوروپشتی، کە نزیکەی ساڵ و نیوێک زۆر کارامە و لێهاتووانە توانیم کارەکانی ناوچەکەو خەڵکەکە بەڕێوەببەم و پێویستییەکانی ئەم ناوچەیە دابین بکەم، وەکو هەموو لایەک ئاگادارن، کە یاسا یەکێکە لەبنچینەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ بە ئاشتی و پێکەوە ژیان. بەئەرکی سەرشانی خۆمم دەزانی کە گەورەترین کۆشش بکەم و تا لەو ڕێگەیەشەوە زۆرترین خزمەت بگەینم بەدەڤەرەکە و خەڵکەکەی، کە شایەنی خزمەتی یەکجار زۆر زیاتربوون، لەو ماوە زۆرەش گەورەترین دەستکەوتم ئەوەبوو، کە توانیم لەگەڵ هەبوونی هێزێکی زۆری میلیشیا لەو دەڤەرە، زۆر بوێرانە دەسەڵاتی قەزایی لەناوچەکە بچەسپێنم هونەرەکە لەوەدابوو، کە بۆ یەکەم جار بوو لەناو شۆڕش بەو قەبارەیە دەسەڵاتی یاسا و شەرع کاری ئاسایی خۆمان بەئەنجام بگەیەنین، لێرەدا حەز دەکەم ستایشی زۆری ئەو خەڵکە بکەم، کە زۆر بەڕێزانە و بەحەماسێکی کوردانە کێشەکانیان دەخستە بەردەستی ئێمە، بەوپەڕی بڕوایی خۆیانەوە، چونکە پێیان وابوو تاکە مەرجەع بۆ سەندنی هەقەکانیان تەنیا ئێمەین، لەگەڵ ئەوەی کە ڕژێم دامودەزگای یاسایی خۆی هەبوو، منیش بۆ زیاتر بەیاسایی بوون و پاراستنی مافە شەرعییەکانی خەڵک ژمارەیەک مەلام بۆ پرسە ئایینییەکان وەکو کاری ژنان و مەسەلەی میرات و هەندێ بابەتی تری پەیوەست بە ئایین دەستنیشان کرد، ڕای ئەو مەلایانەم بەهەند هەڵدەگرت هەروەها بۆ بەدەست هێنانی متمانەی تەواوی چینەکانی کۆمەڵ کارە سیاسی و غەدر و دزی و ئەوانی تریش خۆم ئەنجامم دەدا، ئەگەر شتێک بە بنبەست بگەیشتبایە، ئەوا نووسراوم دەکرد بۆ بەشی یاسایی لە مەکتەبی تەنفیزی، کە هاشم عەقراوی سەرپەرشتیار بوو. بەو شێوەیە کارەکانمان ئەنجام دەدا، زۆر کات هەبوو کێشەکان لەلای کاک هاشم تەواو نەدەکرا و دوا دەخرا هەردوو تەرەفی کێشەکە دەهاتن، بۆئەوەی خۆم دادگایی کردنەکە تەواو بکەم و لەلای خۆم حوکمەکە دەربکەم و بەڵێنیاندەدا، کە بەدەرئەنجامەکەشی ڕازی دەبن.

**پێکهێنانی دادگای شۆڕش لە بێستانە**

لە ساڵی ١٩٦٦کە لە کۆنگرەی حەوت گەڕاینەوە دەشتی کۆیە، لەوێ خواحافیزیمان لە ناوچەی کۆیە کرد و ماڵەکەمان گواستەوە بۆ گوندی سۆفی برایم لە بناری دێدەوان، ماوەیەک لەو گوندە بەسەرمان برد، من و مەلا عومەری چلەوێزی بێ ئیش بووین، کاک فارس باوە ئامر بەتالیونی(١)ی دەشتی هەولێر بوو لە جێگای ملازم ئیسماعیل، داوای کردین بێنە گوندی بێستانە ئاگاداری کردین، کە من بوومە یاریدەدەری ناوبراو و هەڤاڵ مەلا عومەریش پاشان کارێکی بۆ دەدۆزینەوە، منیش بە مەلا عومەرم گوت ڕات چییە؟گوتی جارێ تۆ ئەوە بکە بۆ منیش ئیشێک بدۆزنەوە، ئێمەش لەبێستانە دەستمان بەئیشکردن کرد، ئەوکاتە گفتوگۆی شۆڕش و عەبدولڕەحمان عارف لە ئارادابوو، لەوێ منیان بەحاکمی شۆڕش دامەزراند، ئەوکاتە لەبەرئەوەی شەڕ نەبوو خەڵکی شارو لادێ دەهاتنە لای ئێمە، منیش لەسەر بڕیاری بارزانی لێژنەیەکم دامەزراند بەناوی لێژنەی چارەسەری گیروگرفتی ئایینی، کە لە سێ مەلای ئایینی پێکهاتبوو، بەم شێوەی خوارەوە:-

*مەلا خالیدی مورتکەی

*مەلا عەلی کەردزی

*مەلا تەلعەی دووشیوانێ

کەیەکەمیان و دووەمیان نەماون، بەڵام مەلا تەلعە ماوە و لە هەولێر دادەنیشێ. منیش بەرپرسی ئەو ڕووداوانە بووم، کە لە دێهاتەکان و لەریزی پێشمەرگەدا و لەناو شاری هەولێرو کەرکووک و شارۆچکەکانی تر ڕوویان دەدا، ئەو ڕووداوانەی کوشتنی تێدا بوایە ڕەوانەی مەکتەبی تەنفیزیم دەکرد، هەروەها بەندیخانەیەکمان هەبوو لە کۆنە خانوویەکی(عەلی مەحمود کاکە خان)ژوورێکی مابوو کردبوومانە بەندیخانە، ئەوانەی کێشەیان هەبوو سکاڵایان پێشکەش دەکردین، ئێمەش سکاڵاکانمان کۆ دەکردەوە، ڕۆژێکمان دیاری دەکرد بۆ چارەسەری گیروگرفت بۆ دادگایی کردنەکە دەهاتنە گوندی بێستانە لە بارەگای دادگا دادگایی دەکرا و منیش سەرپەرشتی دادگایەکەم دەکرد، زۆر جار وا ڕێک دەکەوت ئەوانەی دەهاتن بۆ سکاڵا لە شاری هەولێر و کەرکووک بوون بۆ چارەسەی کێشەکانیان، کە هەردوو شارەکە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم دابوو، شۆڕش دەسەڵاتی بەسەردا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەهۆی پیوەندی نهێنیمان لەگەڵ دادوەری هەردوو شارەکە دەمان توانی ڕێک کەوتنێک دروست بکەین بۆ ئەو کێشانەی، کە لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدانەبوون، ئەوش لە ئەنجامی ئەو باوەڕو متمانەیەی کە لەنێوان من و ئەو دادوەرانەدا هەبوو بۆ نموونە زۆر جار نووسراوی نهێنیم بۆ دەناردن بۆ ڕاپەڕاندنی کێشەکان.

بەشی بیست و دوو

# دیدارەکەی کۆسرەت رەسول عەلی هەموو پڕوپاگەندەکانی رەت کردەوە

**دوای ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی لیستی کوردستانی بانگەشەی هەڵبژاردنی راگەیاند، دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە "کۆسرەت رەسول عەلی" جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی "ی.ن.ک" لەو بانگەشەیەدا خۆی دوورە پەرێز دەگرێ، بۆ وەڵامی ئەو قسانە "کۆسرەت رەسول عەلی" لە دیدارێکی تایبەتی "کوردستان تیڤی و کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس" وەڵامی هەموو ئەو پروپاگەندانە و چەندین پرسیاری دیکەی گرنگی دایەوە.**

## ئا: بەدرخان

**هیوادارم هەڵبژاردنی ئەوجارە بە شێوەیەکی هێمنانە بەڕێوە بچێ**

لە دەستپێکی دیدارەکەدا کۆسرەت رەسول باسی لە گرنگی ئەو هەڵبژاردنە کرد بۆ هەرێمی کوردستان و هیوای خواست ئەو هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی هێمنانە بەڕێوەبچێ، چونکە ئەو پێیوابوو ئەو هەڵبژاردنە دیموکراسییەت و ئازادی کوردستان بە دەرەوە دەناسێنێ.

**پارتی و یەکێتی درێژترین تەمەنی حوکمڕانیان هەیە**

کۆسرەت رەسول عەلی باسی لەوەکرد بە درێژایی مێژووی کرد هەر لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران و ئیمارەتە کوردییەکانیشەوە بگرە هیچ حکومەتێک بە قەد حکومەتی هەرێم تەمەنی درێژ نەبووە، ئەو گوتی: پارتی و یەکێتی تەجروبەی ١٨ساڵیان لە حوکمڕانی کورد هەیە بە خۆشی و ناخۆشی، ئەوەی لێ دەرکە بڵێی شەڕی ناوخۆ هەبووە.

ئەو باسی لەوەکرد کە جاران لەبەرئەوەی هەموو کاتەک زروفی مەوزوعی لەباربووە بەڵام زروفی سیاسی لەبار نەبووە، بۆیە هیچ نەکراوە، بەڵام ئەوجارە ئێمە دەڵێین دەبێ زروفە زاتییەکە وا لێبکەین کە لە مەوزوعییەکە بەهێزتربێ، چونکە هەموو جارێک کورد خۆی نەیتوانیوە هیچ بکات بۆ میللەتەکەی، ئەگەرنا دەیتوانی شتی باش مسۆگەر بکا، بەڵام ئەوجارە بڵێین خەتای کێیە؟ ئەوە ئەمەریکا هات ناوچەی ئارامی بۆ دروست کردین، سەدامی رووخاند، پشتیوانی لێ کردین، ئێستاش دەستووری عێراق دەستوورێکی دائیمییە کە مافی کورد سەلمێنراوە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە یەکێتی و پارتی پێکەوە بوونە، پێشمان وایە کە ئەگەر یەکێتی و پارتی بەیەکەوە بن تەجروبە هەیە کە لە داهاتوودا خەڵک دەنگیان بداتێ، لە رابردوو تەجروبە هەیە، راستە کەموکوڕی و گازاندە و گەندەڵی هەیە، بەڵام ئەوەش مانای وانییە هیچ نەکرایە، شتی زۆر کراوە، بۆ نموونە ئەگەر ١٠ ساڵ پێش ئێستا تەماشای شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک و رێگاوبانەکان، وەزعی کارەبا، ژیانی خەڵک تەماشا بکەین، بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٦ لە هەموو پارێزگای سلێمانی ٥٣ هەزار ئۆتۆمبێل هەبوو، بەڵام ئێستا ٣٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل هەیە، مانای وایە ژیان و گوزەرانی خەڵک بەرزە، ژیانی خەڵک باشە، لە هەولێر ئەو رۆژە بە دەیان هەزار کەس کۆبۆوە، لەخوا بەزیادبێ یەک شتی بچووکیش نەبوو، مانای وایە باری ئەمنی باشە، من زۆر سوپاسی پۆلیس و ئاسایش پێشمەرگە و هەموو بەرپرسانی ئەمنی دەکەم، ئەگەر ئەوان نەبان نەماندەتوانی ئەوە بکەین، ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە ئێستا کوردستانی خۆمان جیاوازییەکی زۆر زیاتری هەیە لەگەڵ پارچەکانی دیکە، راستە دوێنێ لە کەرکووک تەقینەوە بووە، کەرکووک کوردستانییە، بەڵام کە ناهێڵن ئیدارەکەی بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی کوردستان وای بەسەر هاتووە، بۆ نموونە تەماشادەکەی بەغدا، کوت و هەموو ناوچەکانی دیکەی عێراقی کێشەی هەیە، بەڵام لە کوردستان لایەنی ئەمنی و لایەنی دارایی و ئابووریش باشە، ئێستا هی وا هەیە ٣–٤ مووچە وەردەگری، تا ئێستا تەسنیفی پیشە نەکراوە لە کوردستان، هی وا هەیە "فەرمانبەرە، پێشمەرگەیە، جووتیارە، کاسبە، بازرگانە" هەمووی تێکەڵاو کردییە، ئەوجا من پێموایە ئێستاکە وەزعی خەڵک زۆر باشە و خەڵکیش تەجروبەی هەیە لەسەر ئەو دوو حزبە، پێشموایە یەکێتی و پارتی لاشعور بەیەک لیست دادەبەزن، ئەگەرنا دەیانتوانی مونافەسە بکەن، بەڵام تەجروبەمان هەیە لە رابردوو ئەو منافەسەیە هەبووە، کە شەڕی ناوخۆ کرا هەموومان زەرەرمان کرد، خەڵکی ئەو شارە قارەمانە "شاری هەولێر" زۆر زەرەریان کرد، ئێستا وردە وردە ئەسراری وا بزر دەبی، بەڵام هێشتا ئاسەواری ماوە، هیوادارم ئەوجارەش خەڵکی کوردستان دەنگ بدەنە لیستی کوردستانی، کە لە یەکێتی و پارتی پێکهاتووە و دوو حزبی سەرەکینە، پێشموایە ئەو کێشانەی ئێستا هەیە هەمووی چارەسەر دەکرێ، کابرایەک گەندەڵە پارە بۆ کوێ دەبا، خۆ نایباتە بانقەکانی دەرەوە، ئەگەر بیبا پێی دێنینەوە، ئەوە لیژنەی نەزاهە دادەنێین، ئەوە رەقابەی دارایی دادەنرێ و هەموو ئەو شتانە چارەسەر دەکرێ، بەڵام ئەگەر لێمان تێکچووە و ئەو وەزعەی ئێستا هەیە دوایی هیچ ناگەڕێتەوە، بۆ نموونە ئێستا من پێموایە پێشتر سەدام موبەڕیر بۆ ئەو تەجروبەیەی ئێمە کە هەبی، خۆ ئێمە خۆمان پێشمەرگەی کوردستان زۆر شەڕی کردووە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول شەڕی زۆر کراوە، بەڵام دیسان ئەوکات کە لایەنی دوەلیمان لەگەڵ نەبوو هیچمان بە هیچ نەکرد، ئەوجارە زروفی دوەلیمان لەگەڵە سەردەمی سەدامیش نەماوە وەکو پێنج ساڵ پێش ئێستا بڵێین سەدام ماوە و ئەوە پارێزگاری لە کورد دەکەین، ئێستا حکومەتی عێراقی هەڵبژێردراوە، بۆیە دەبێ ئێمە هەوڵدەین خۆمان یەک بین و یەک بگرین، یەک نەگرین دەکەوینە منافەسە لە بەرامبەر یەکتری و ئەو دەوڵەتانە و بەرامبەر حکومەتی یەکگرتوو، تا ئێستا حکومەتی یەکگرتوو بۆ نموونە دەستوور هاتووە جێبەجێی نەکردووە، ئەگەر ئێمە یەک نەبین چۆن دەتوانین لە بەغدا مەوقیفمان یەک بێ و چۆن دەتوانین بەردەوامی بە وەزعی کوردستان بدەین، ئەوانە هەمووی شتی گرنگن و پێموایە خەڵکی کوردستان چاک دەزانن ئەو شتانە بە یەکێتی و پارتی دەکرێ، بە خەڵکێک ناکرێ کە تازەیە، دیارە لیستەکانی دیکە هەموو خەباتیان کردووە، بەڵام دیارە شتەکە موجەرەد بێ باشترە لەوەی شتەکە تازە بێ.

**ئاوەدانی بەردەوامە**

لە وەڵامی مەبەست لە دروشمی "نوێبوونەوە و ئاوەدانی" کۆسرەت رەسول عەلی گوتی ئاوەدانی بەردەوامە، ژێرخانی ئابووری کوردستان پێویستی بە ئاو و رێگاوبان و هێڵی شەمەندەفەر هەیە، ئێمە پێشتر کە دەچووینە دەرەوە تا لەوڵاتێک دەردەچووین چەندین عەرقەلەیان بۆ دروست دەکردین، بەڵام ئێستا سنووری تورکیا کە تورکیا دۆستی خۆشەویستمانە، چارەسەرێکی بنەڕەتییە لەگەڵ کورد و شەریکاتیان هەیە، جاران جانتاکەیان لەسەر سنوور فڕێ دەدا چییە ناوێک یا کتێبێکی کوردی تێدا بوو، بەڵام ئێستا لە فڕۆکەخانەی خۆمان سوار دەبی دەچیە ئەوروپا، دەچیە هەر کوێیەک کە دەتەوێ لێرەوە دەڕۆی، ئەوە جێگای شانازییە بۆ هەموو لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە مەسەلەی ئەوەی کە ئاوەدانبوونەوە و نوێبوونەوە، من پێموایە دەبێ ئێمە خۆمان بە بەرنامەی نوێ، بە خەڵکی نوێ، بە ستراتیجیەتی نوێ بچینە ناو خەڵکەوە، گلەیی هەیە، دەبێ ئەو گلەییانە ببڕین، بۆ نموونە ئەوجارە بەشداری گەنج لە لیستی هەردوولا ژمارەیەکی یەکجار زۆر هەیە، ژن ئەوجارە لە پەرلەمان بەشداری زۆر دەکا، لە حکومەتیش دەبێ وابێ ژن بەشداری زۆر بکا، نوێبوونەوە ئەوەیە کە بە بەرنامەی نوێ بۆ داهاتووی کوردستان چیمان پێیە، ئێستا ئێمە دەمانەوێ پیشەسازی نەوتی و غازی و پرۆژەی زۆ زۆر گەورە لە کوردستان بکرێ، ئێستا ئەوە محەتەی کارەبا وا لەدوز دەیکەن، یان لە سلێمانی کردیتیانەوە رۆژی ٢٢ سەعات کارەبا هەیە، لە عێراق ئەوە نییە، لە لایەکی تریشەوە ئێستا ئەوە دەیانەوێ محەتەیەکی غاز لە چەمچەماڵ دروستکەن، ئەو محەتەی غازە شتێکی زۆر زۆر گرنگ دەبی لە ناحیەی سیاسی و دیبلۆماسی و ئابووری، لایەنی سیاسی ئەوەیە کە نەفتی کوردستان رۆیی ئەوە غازی کوردستانیش دەڕوا و دەچتە ئەوروپا، ئەو غازە لە تورکیا دەچتە ئەوروپا، لە ئەوروپاش یەکێتی ئەوروپا زۆر بەلایانەوە گرنگە، چونکە ئەوزەختەی روسیا لەسەریان نامینێ، مانای وایە ئەوە دیسان شتێکی گەورەیە بۆ کوردستان، ئەو هەموو کرێکارە ئیش دەکەن لەو کارگەی غازەی چەمچەماڵ یان لەو پرۆژە گەورانەی دەکرێ، هەموو ماڵێک غازی بۆ رادەکێشرێ، هەموو ماڵێکیش تەوفیری غازی دەبی و مانای وایە دەتوانن سوودی زۆری لێ وەرگرن، ئەوانە هەمووی پرۆژەی گەورەن بۆ کوردستان و داهاتووی کوردستان، یان بەنداوی بێخمە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەن چەندی بودجە بۆ سەرف بکرێ یان نا، کاتی خۆی ساڵی نەوەدەکان کە لە حکومەت بوو لەگەڵ کۆمپانیای ئۆفدا قسەم کرد و گوتم ئەو پرۆژەمان بۆ بکەن، گوتیان ئەو پارەیەمان نییە، ئێستا حکومەتی ناوەندی لە بودجەی خۆمان پارەی بۆ تەرخان دەکا، ئێمە ئەو بەنداوە بکەین هەولێر و بەڕانەتی و شەمامک و قەراج و کەندێناوە و بەشێکی زۆری سنووری ئاخرە و سورمزیشی پێ ئاودەدەین، مانای وایە هەم بەرهەمی گەشتوگوزار و هەم بەرهەمی کشتوکاڵمان زۆر زۆر باش دەبێ، ئەو شاری هەولێرەی ئێستا کێشەی ئەوەیە ئاوی بەناودا نایە، شارێکی گەورەی وا مێژوویی ئاوی بەناودا نایێ، دەشتی هیچ شارێکی کوردستان لەسەر ئاونییە، وەرە ئێستا تەنها یەک کەناڵی ئاو لە دەشتی پشت کرواتەت و زرارەتی بینە بەسەر بەنداوی بەستۆڕەو بیهێنە ناو هەولێر و قەراج و کەندێناوە و بەڕانەتی هەمووی پێ ئاو دەدەی، مانای وایە ئەو پرۆژەیەش پرۆژەیەکی زۆر گەورەیە کە ئێستا لە ئارادایە، پرۆژەی بچووک بچووکی دیکەش هەیە، بۆ نموونە من داوام کردووە کەرتی کشتوکاڵی ببوژێنینەوە و سولفەی کشتوکاڵی بدەینە جووتیاران، مەسرەفی پیشەسازی بژێنینەوە و هەوڵدەین هانیان بدەین و کەرتی تایبەت هان بدرێ زۆر زۆر باش دەبی و روون دەبێتەوە ئایندەیەکی باش دەبینم بۆ خەڵکی کوردستان.



کاک کۆسرەت جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## ئاوەدانی بەردەوامە، ژێرخانی ئابووری کوردستان پێویستی بە ئاو و رێگاوبان و هێڵی شەمەندەفەر هەیە

**مەسعود بارزانی کاندیدی لیستی کوردستانییە**

کۆسرەت رەسول عەلی لەو دیدارەدا گوتی لە رێککەوتنی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی هاتووە کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و مام جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بێن کاک مەسعودیش شایستەی ئەوەیە بیکەیە سەرۆکی ناوچەی خۆت و ئەویش کاندیدی لیستی کوردستانییە.

**چۆن دەبێ لەو بانگەشەیەدا بێ دەنگ بم**

سەبارەت بەو بێدەنگییەی کە باس دەکرێ، کاک کۆسرەت گوتی: ئەوە نییە وا لەگەڵ ئێوە دیدار دەکەم و رای من ئەوەیە، دوێنێش کۆبوونەوەم لەگەڵ خەڵک کردووە، ئەمن جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم دەبێ لە بانگەشەدا بێ دەنگ بم؟ ناکرێ، ئەوە شەڕێکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە، یانی بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەوە شەڕە، لەو شەڕەدا دەبێ بەرپرسی دووەمی حزبێک لە ماڵی خۆی دانیشێ؟

**بەرپرسیاریەتی ئەمنی هەڵبژاردن لە ئەستۆی پارتی و یەکێتی دایە**

کۆسرەت رەسول عەلی لەبارەی ئەمنیەتی هەڵبژاردنی ئەوجارە و بانگەشە و سوژنئامێزەکانی لیستەکان گوتی: خۆی دیارە بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی یەکێتی و پارتی دایە، چونکە دیارە ئێستا ئەوان لەسەر حوکمدانە و دوو حزبی گەورەن و مێژووی گەورەیان هەیە لە خەبات و قوربانی و فیداکاری و چاوی میللەت لەسەر ئەو دوو حزبەیە، لەبەرئەوە ناکرێ ئەو دوو حزبە بچتە ئاستی لیستێک کە ٤ کەس دەنگی نەداتێ، رەخنە دەگرن منیش رەخنە دەگرم لە حکومەت، بەڵام رەخنەکە بنیاتنەرە یان نا، چوارچێوەی حکومەت هەیە، پەرلەمان هەیە بەشێوەی شەرعی، نەک بچی لە دەرەوە یان لەناو خەڵک حەملە لەسەر حکومەت بکەی، خۆ خەوشەکانی حکومەت خەوشی هەموو میللەتی کوردە، حکومەت حکومەتی کوردستانە، هی خەڵکە، هی میللەتە، هی ئەو جەماوەرەیە کە قوربانی لە پێناوی دایە، ئێستا من پێمباشە ئەو رووە گەشەی حکومەت کە هەیە باسیکەن، گەندەڵییەکانیش باسکەن، خۆ من ناڵێم گەندەڵی نییە، گەندەڵی لە هەموو دنیا هەیە، ئێستا بڵێی لەکام دەوڵەتی پێشکەوتووی جیهان گەندەڵی هەیە بەجۆرێکە، بەڵام خەڵک لێرە بە زۆری دەزانی با بێن قسەی لەسەر بکەین و کەمی بکەینەوە، پێش ماوەیەک من لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دانیشتین گوتمان کە لیژنەی نەزاهە کە لە خەڵکی بێ لایەن پێکدێ، ئەو لیژنەیە هەقی هەیە هەموو شوێنێک بپشکنێ و چاودێری هەموو کەسێکیش بکا و لێپرسینەوە لەگەڵ هەموو کەسێک بکا، خەڵکەکی بێ لایەن دانرایە کابرا ٣٠–٤٠ ساڵە ئەزموونی هەیە لە وردبینی و ژمێریاری، وردبینە، خەڵکی هەولێرە، ناوی دلشاد چییە، ئەویش دیسان پیاوێکی زۆر ناسراوە و با بچێ لە هەموو وەزارەتەکان و لەکوێ کەموکوڕی بینی دەتوانی سەحبی سیقەی بکا و لەسەری بنووسی و دوایی بیداتە دادگا، ئاخر ئەوانە هەمووی گرنگن.

**ناکرێ سیستەمی ئەمڕۆی کوردستان بخەینە ژێر پرسیارەوە**

لەبارەی چاکسازی لە حکومەتدا کۆسرەت رەسول گوتی: من پێموایە ژیان بە بەردەوامی چۆن ئینسان پێویستی بە خواردن هەیە تا ژیانی ئینسان بەردەوام بی، ژیانیش وایە هەموو رۆژێک پێویستی بە ریفۆرم هەیە، هەموو رۆژێک پێویستی چاکسازی و چاککردن هەیە، هەتا ژیان بەردەوام بی، دەبێ چاککردنیش بەردەوام بی، ئەوە نییە بڵێی سەد لە سەد عالمی سابت نییە، سابت نییە لە هەموو دنیا، بۆ نموونە ئێستا زروفێکە، سبەینێ شتەکی دیکە دەبی، یان پێویستە یاسایەکی دی هەبی، یانی بۆ نموونە ئێستا بۆچی لە هەموو وڵاتان پەرلەمان هەیە، ئەو پەرلەمانە بە گوێرەی پێویست یاسا دادەنێ بۆ هەموو میللەت و وڵاتەکەی خۆی و بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی خەڵک و حکومەت و حکومەت مافی خەڵکی تێدابی، مافی خەڵک پارێزراو بی، حکومەتیش بەشدار بی ئەوە یەک لایەنە نییە.

**هیوادارم فایلی یەکتر هەڵنەدەنەوە**

من هیوادارم نەیەتە سەر ئەو ئاستەی بێن فایلی کۆن هەڵدەنەوە لەبەرامبەر یەک، چونکە فایلی کۆن هەڵدەنەوە ئەوە ئەو ئاوە زۆر دەکێشی.

**ئەوانەی دەڵێن تەزویر دەکرێ دیارە دەزانن دەدۆڕێن**

لەبارەی ئەو پروپاگەندانەی کە لیستەکانی دیکە دەیکەن و دەڵێن پارتی و یەکێتی تەزویر دەکەن، گوتی: ئەوجارە وەک جارەکانی پێشوو نییە، ئەوانەی کە ناویان هەیە لە لیستی دەنگدەران لە بنکەی دەنگدان "٥٠٠" کەس لە یەک سندوق دەنگ دەدا، وەکو پێشتر نییە بڵێی هەزار کەس لەیەک سندوق دەنگ بدا، لە دەنگدانەکانی پێشوو هەرکەس دەچوو لە بنکەیەک دەنگی دەدا و هەرکەس دەیتوانی لەسێ چوار بنکە دەنگ بدا، بەڵام ئەوجارە ئەوکەسەی دەیەوێ دەنگ بدا ناوی نەنووسرابێ دەنگ نادا ئەوە یەک، دووەمیش نوێنەری لیستەکان لە بنکەکانە هەر شتێکی بینی دەتوانی ئیعتراز بگرێ و ئاگاداری کۆمسیۆن بکاتەوە، سێیەمین بەرای من ئەو قسانە بنەمای نییە لە ئێستاوە بە خەڵک بڵێی وەڵا تەزویریان کردیە و تەزویر دەکەن، مانای وایە لە ئێستاوە دەزانن دەدۆڕێن بۆیە ئەو قسانە دەکەن، پێموانییە ئەو کەسانەی سیقەیان بەخۆیان هەبی وابڵێن، هیچیش لەگۆڕێ نییە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و کۆمەڵگای مەدەنی و وڵاتە عەرەبییەکان و نوێنەری لایەنەکان هەن، ئەوان هەموویان لەسەر سندوقی دەنگدانن، کە لەسەر سندوقن دەبینن شتەکان چۆن دەبی و چۆن نابی، بەڵام ئەگەر یەکێک لەئێستاوە بڵێ هەر تەزویر دەکەن تەزویر دەکەن، مانای چییە تەزویر دەکەن.

**جاران دەیانگوت بۆ یەکناگرن، ئێستاش دەڵێن بۆ یەکدەگرن**

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا کۆسرەت رەسول عەلی باسی لەوەکرد جاران لە کاتی شەڕی ناوخۆ دەیانگوت بۆ یەکناگرن و شەڕدەکەن، ئێستاش کە یەکمان گرتووە دەڵێن بۆچی یەکدەگرن.

**مەترسی لەسەر کوردستان ماوە**

کۆسرەت رەسول عەلی بە دڵنیاییەوە گوتی تا ئێستاش مەترسی لەسەر کوردستان ماوە، ئەگەر مەترسی نەماوە حکومەتی عێراقی بۆچی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ ناکا و ناوچە دابڕاوەکان ناگەڕێنێتەوە سەر هەرێم، باسیشی لەوەکرد لە دنیادا چ میللەتێک هەیە ٥٠ ملیۆن بێ و دەوڵەتی نەبێ، ئەوان نەک دەوڵەت فیدرالیش بە ئێمە رەوا نابینن، بۆیە بە بڕوای ئەو تا ئێستاش مەترسی لەسەر کوردستان ماوە و حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتی پارێزەری کوردستان دەبن.

**نەخۆشخانەی پار خێرخوازییە خۆبۆ من نییە**

کۆسرەت رەسول گوتی لە ئەنتەرنێت نووسراوە بۆ نەخۆشخانەی پار ٤٥ ملیۆن دۆلار وەرگیراوە و دەربازی کوڕی ٢٤ ملیۆنی بردووە، ئەو گوتی ئەو قسانە هەمووی بێ بنەمان و نەخۆشخانەکە خانووی خۆم بووە و کاتێک کاک نێچیر زانی دەیکەمە نەخۆشخانە هەموو زەریبەکانی لەسەر لادا دەیکەمە نەخۆشخانە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئەو گوتی خۆ نەخۆشخانەکە بۆ خۆم نییە.

**دیک چینی هات هەموویان پێیان ناخۆش بوو**

کۆسرەت رەسول باسی لە دەسکەوتەکانی کورد کرد و گوتی دوژمنانی کورد چاویان پێ هەڵنایە و پێیان ناخۆشە، ئەو هاتنی دیک چینی بە نموونە هێناوە و گوتی: کە دیک چینی هات هەموویان پێیان ناخۆش بوو.

**بۆچی یەکێتی تەسلیمی پارتی بووە؟**

لەبارەی ئەو پروپاگەندانەی کە دەڵێن یەکێتی تەسلیمی پارتی بووە، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی "ی.ن.ک" گوتی: بۆچی یەکێتی تەسلیمی پارتی بووە، کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمە، مام جەلال سەرۆک کۆمارە، عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانە و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمە، وشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراقە دکتۆر بەرهەمیش جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقە.

# حاجی مەمۆ : دەمانویست هەموو نوێنەرەکانی هەولێر بەیەکەوە لە یەک هوتێل بین



**حاجی مەمۆ**

ئەو سێ ساڵەی خوێندنی ئامادەیی بۆ من ئەزموونێکی پڕ لە هەرزەکاری و سەرچڵی بوو، لەلایەک دوور لە هەر پێزانین و ڕازی بوونێکی خێزانەکەمان، سەربەستانە لەکاری سیاسی چووبوومە پێش و گوێم بە هیچ هەڕەشە و مەترسییەک نەدەدا. پێش ئەوەی لە ناوەندی کۆماری هەولێر بەرەو ئامادەیی بچم، ئەو دەمە لە ناو قوتابیان "یەکێتی قوتابیانی کوردستان" یەک شیرازەی یەکگرتووی هەبوو، کاک جەمیل ڕەنجبەر پۆلێک لە پێش منەوە بوو، هەر زوو لە ڕێگای ئەو شانەیەوە، کە بەیەکەوە کارمان دەکرد، ئاشنای یەکتر بووین. ئەوێ ڕۆژێ برای خۆشەویست "حوسام بەرزنجی" ڕێکخەری شانەکەمان بوو، کە وەک بەبیرم بێتەوە برادەری ڕۆژانی تەنگانە" محەمەد زاهیر" یش لەگەڵ ئێمە بوو. هەر لە ڕێگای منەوە بۆ یەکەمجار ڕێکخستنی قوتابیانی کوردستان لە ناوەندی زازا و سەلاحەدین "کە بە شوێنی کورە ئاغا و زەنگینەکان ناسرابوو" دروست بوو، کە یەکێک لەو ناوانەی لە بیرم ماوە قوتابی ئەو ڕۆژی "قەهار سادق "بوو، کە لە یاری تۆپی پێ زۆر بە توانا بوو. لەگەڵ چوونە ئامادەیی و ڕێکخستنم لە ریزەکانی پارتی لەلایەن "جەمیل ڕەنجبەر"ەوە و لە ژێر کاریگەری تێکەڵ بوونم لەگەڵ کەسانی وەک "عەبدوڵلا پەشێو و سەعدوڵلا پەرۆش و سابیر چوارچاو و کەریم ڕەسول و ڕاید شەوکەت و مامۆستا یوسف دەرگەڵەیی و مامۆستا محەمەد حەسەن مەنگوری" لە چاپخانەی مام وەسمانی تەک چاپخانەکەی گیوی موکریانی لە پەنای قەڵا و بەرامبەر سەرای هەولێر، کەوتمە بەرەی سەر"ڕەوتی م.س-ی پارتی" و درێژەم بە هەوڵ و خەباتی خۆم دا. دەبێ بۆ مێژووش ئەوە بڵێم کە کورە خاڵێکم هەبوو بەناوی"محەمەد سلێمان" زۆر کاریگەری بەسەرمەوە هەبوو بۆ ئەو هەنگاو هەڵگرتنە، کە نێوانمان زۆر خۆش بوو. ئەو دەمە جولانەوەی کوردایەتی لە ناوشاری هەولێردا بە هەبوونی درەوشاوەی ناوەکانی"عەونی یوسف" و"قادر ڕۆژباش" و"مەئموون دەباغ" و"حەسەن مستەفا" و"سەعید مەجید" و دەیان سەربازی دیکە کەوتبووە سەر پێیان. بزاڤی قوتابیان لە بوارەدا بە گورترین و پڕ کاریگەرترین توێژ بوون بۆ سەقامگیربوونی کوردایەتی لەم شارەدا، چونکە هەتا ئەو ساڵەی توێژی سەرەکی ناوشار کە زۆرتر خەڵکی کاسبکار و ئەربابی ماڵی خۆیان بوون و ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بەرجەستەترین ڕێکخراوی ناوخەڵک بوو، سەرباری نهێنی بوون و شاراوەیان. بە جۆرێک چاپخانەکەی مام وەسمان ببووە مەیدانی کۆبوونەوە و لەیەک نزیک بوونەوەی خەڵکانی خوێندەوارو خۆ بە ڕۆشنبیر زان، زۆربەی ئەو خەڵکانە لەوێ یەکیان دەدیت و بەیەکەوە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریان سازدەدا لە نێوان ساڵانی"١٩٦٦-١٩٦٧" دا.

هەروەها ناکرێ ڕۆڵی هەبوونی چاپخانەی کوردستانی گیوی موکریانی و کتێبخانەکەی لە بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی چاپەمەنی کوردی بەلاوە بنرێ و دەتوانم بڵێم هەوێنی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە بوو لە ڕووی بەرهەمی چاپکراودا. بێگومان دەیان سەربازی نەناسراوی تر هەبوون، کە هەم لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئێمە جیاواز بوون و هەمیش من پێیان ناسیار نە بووم. لەوێ ڕۆژاندا ڕیزەکانی ناو خەڵک، سەرباری کەم هۆشیاری و خوێندەواری تارادەیەکی زۆر پاک و جوامێرانە بوو، بگرە ئەو خەڵکە پاک و ڕەوشت بەرزە بەبێ ئەوەی لە هیچ وردو درشتێک بزانن، پەرژین و قەڵای پۆڵایینی پاراستنی خەڵکانی تێکۆشەرو خەباتگێڕ بوون.

دامودەزگاکانی ڕژێم هەتا بڵێی دەستەپاچە و دەستکورت بوون. خەڵک بەدڵ و بەگیان پەرۆشی دەنگوباسی پێشمەرگە و شۆڕش بوون و هەموو هەواڵەکان دەماو دەم بە ناو خەڵکدا بڵاودەبووەوە.

زەمینەیەکی هاندەرو پڕ پشتیوان بۆ خەڵکانی ڕێکخراو و سیاسی لە ئارادا بوو، بەڵام دیارە چەپک چەپکی ئەزموونی ئەو هەموو لە یەک جیابوونەوە بێهودانەی ڕەوتی مێژوو، هەر لە سەرەتاوە مایەی لە باربردنی ئەو کەش و هەوایە دروستەی ناو خەڵک بوون و بەدەیان و سەدان تێکۆشەری دڵسۆز لەو جۆرە ئاوو هەوایە بەیەکجاری لە تێکۆشان تەرەبوونی و یەک ریزی و یەکێتی ناو کۆمەڵانی خەڵک کەوتە بەر ڕەشەبای ناتەبایی و یەکتر ڕەتکردنەوە و لە یەک ترازان.

ئێمەی گەنجی کاڵفام لەوان ڕۆژاندا، بەبێ سڵەمینەوە و گوێدانە هەڕەشەکان درێژەمان بەو ڕێبازە دەداو هەوراز و هەنگاومان دەنا..

لە دوا ساڵی خوێندنی ئامادەییدا، ئێمە نوێنەرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەموو پارێزگای هەولێر، کە کۆیەو ڕواندوز و شەقڵاوە و مەخموریش هەبوون"بەداخەوە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە" بەیەکەوە لە پایزی ساڵی"١٩٦٩" بەرەو بەغدا بەڕێکەوتین بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی سەرتاسەری یەکێتی قوتابیانی نیشتیمانی عێراق، کە لە هۆڵی"الخلد" بەسترا. هەرکە گەیشتینە ئەوێ چەند ئەندامێکی سکرتاریەتی قوتابیان بۆ بەخێرهاتنمان هاتن، کەناوی"نەجمەدین عەزیز" م لە بیرماوە. لە پێشەوە بڕیار بوو ئێمە هەموومان لە یەک هوتێل جێگیر بکەن لەنزیک هوتێلی"سەمیر ئەمیس" کە بەشێکی هەڤاڵانی (م.س)ی پارتی تێدا جێگیر بوون. نوێنەرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی لە هۆتێلی"ئەلعراق" لەسەر کۆتایی جادەی"ڕەشید" جێگایان بۆ دانرابوو، لێرەدا ئێمەی نوێنەرانی هەولێریان کردە دوو بەش و جەمیل ڕەنجبەر و برادەرە هەرە نزیکەکانی لەگەڵ کچە نوێنەرەکان لە هۆتێلی"ئەلعراق" جێگیرکران و ئێمە ئەو چەند کەسە پەڕپووتەی مابووینەوە، بردنیانە هوتێلێکی لای گەڕەکی"ئەلحەیدەرخانە" بۆ شەوی یەکەم سەیرمان کرد ژوورەکان زۆر سارد و پیس و پۆخل بوون. بەندە پێشتر لە ساڵی ١٩٦٧ بەغدام دیتبوو، بەو جادەیە ناسیاو بووم. بەیانی من و موحسین حەمەدئەمین کردمانە هەراو گوتمان ئێمە لەو هوتێلە پیسە نابین و"جەمیل ڕەنجبەر و نەجمەدین عەزیز"هاتنە سەردانمان بۆ ئەوەی بێ دەنگمان بکەن، ئێمە هەردووکمان پێمان لەسەر ئەوە داگرت، کە دەمانەوێ هەموو نوێنەرەکانی هەولێر بەیەکەوە لە یەک هوتێل بین، دەنا ئێمە ئەو چەند نوێنەرە پشگوێخراوە بۆ خۆمان دەگەڕێینەوە، ئەوە بوو بە ناچاری چوون هەر لەو نزیکە لە هوتێلی"بەغداد دوەلی" جێگەیان بۆ هەموومان گرت و بەیەکەوە کۆبووینەوە، بەتایبەتی"کچەکان" زۆریان پێ خۆش بوو، کە لە ژوورێکی ئەو هوتێلە بن کە هەموومان تێیدا دەخەوین. هوتێلەکەش گەرم و گوڕ و زۆر پاک و خاوێن بوو. لێرەوە کاک"شاسوار جەلال" لەگەڵ دکتۆر"ئەنیس شاکر" و عوسمان گەزنە و ئەرسەلان بایز و عەزیز مەحمود، کە خوێنکاری کۆلێجی ئاداب بوون لە زانکۆی بەغداد هاتنە لامان و"شاسوار" ئەو هەنگاوە نارازی بوونەی ئێمەی بەهەند باسکرد و پیرۆزبایی لێکردین، کەوا لەناو خۆمان یەکگرتووین لەسەر مافی خۆمان بێدەنگ نابین..

ئەو چەند ڕۆژەی ئێمە لە بەغدا بووین، برایان ئەرسەلان بایز و عەزیز مەحمود زۆر هاوکاریان کردین و ڕۆژانە هاتووچۆیان دەکردین بۆ شوێنەکانی بەغدایان دەبردین، بەتایبەتی ئەودەمانەی پشووومان هەبوو. ڕۆژەکانی سەرەتای کۆنگرە کە بە هێمنی بەڕێوەچوو، تێکڕای نوێنەرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە تێکڕای کوردستاندا"٧٠" نوێنەر بەسەرەوە بوو، کە دەوری "١٥" نوێنەری پارێزگای هەولێری تێدا بوو. هۆڵی"ئەلخلد" کە نزیکی کۆشکی کۆماری بوو هێشتا هاتوچۆکردن بەو ناوە ئاسایی بوو. ڕۆژانە ئێمە بە"پاس"هاتووچۆی هۆڵەکەمان دەکرد، لە ڕۆژانی بەرەو کۆتایی کۆنگرەکە تا دەهات کێشە و دژواری دەکەوتە نێوان نوێنەرە کوردەکان و تێکڕای بە عسییەکان، کە زۆر بە توندی و ڕەقی ڕووبەڕووی هەر جۆرە هاوبەشی و بەتایبەتی باسکردنی ڕۆڵی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە پارێزگا و شاری کەرکووکدا دەبونەوە، هەروەها لەسەر مەسەلەی دیموکراتی و پرۆسەی هەڵبژاردن لەناو قوتابیاندا ناکۆکی نێوانمان زۆر فراوان بوو. لەم کۆنگرەیەدا بەڕای من یەکەم جار بوو بەعسییەکان لە باوەشی خۆیان"بەغدا" و لە سێبەری حکمڕاتی نەگریسیان یەکەمجار بوو نوێنەری کوردەکان ئاوا ڕاشکاو و چاونەترسانە لە هەمووئەومەسەلانەبەرپەرچیان بدەنەوە و ئێستاکەش لەگوێم دەزرینگێتەوە، کە بەعسییە عەرەبە توندرەوەکان بە چەفیە و عەگاڵ دەهاتنە کۆ بونەوە و بە دروشم و هوتافی ئیستیفزازیانە هۆڵەکەیان داگیردەکرد، کەچی دەنگی زوڵاڵی"ئەنیس شاکر" و"عەزیز عوسمان" و"یاسین ئەنوەر" و"جەعفەر عەبدولواحێد" کە زۆربەمان جلی کوردیمان بە کڵاو و جەمەدانییەوە وەک"تەحەدا" لەبەرکردبوو، بە دروشم و هوتافە ئاگراوییەکانیان سەرتاپای هۆڵەکەیان دەلەراندەوە، هەرگیز لە بیرم نەچووە، کە"ئەنیس شاکر" بەدەنگە نێرەکەی ئەودەمی دەینەڕاند:

هاها..هاها..یا عەرەب

أحنا أكراد صاحب الغيرە و الخنجر

لەگەڵ دەیان هوتافی دیکە و بگرە چەند دانەیەکمان لە گەرمەی ئەو گێرەو کێشە ئاڵۆزانەدا خەنجەرمان لەبەر پشتێ بوو. ئەو دەمانەش هەموو لە هۆڵی حەسانەوە یاخود لەناو"پاس"هاتووچۆدا"جەعفەر عەبدولواحێد" کە خوێنکاری زانکۆی بە غدا بوو، بەدەنگە خۆش و چریکە ئاساییەکەی سروودەنیشتمانیوکوردییەکانی دەچڕی. بەڕاستی چرکە ساتێکی زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام ئێمەی قوتابی بۆ پارێزگاری لە وشەی کوردستانیەتی کەرکووک بێ پەروا ملمان لە چەقۆی دڕندایەتی بەعسییەکان دەسووی. تاکو لە دوارۆژدا ئەوەی گەرەکیان بوو لە ڕێگای هەڕەشەو گورەشەوە مەبەستە چەپەڵەکانی خۆیان بە ڕەزامەندی ئێمە بکەن، دوا بڕیارەکانی کۆنگرە، بەڵام یەک هەڵوێستی تێکڕای نوێنەرەکان و پێ داگرتنمان لەسەر بەجێ هێشتنی چاونەترسانەی کۆنگرەکە هەموو خۆزگەکانی ئەو بەعسییانەی لەو کۆنگرەیە بە هەدەر مایەوە، خوێندکارانی لە خۆبوردووی وەک"فازل مەلا مەحمود" و دواتر"شاسوار جەلال"ی جەربەزە بەوپەڕی دلێری هەستانە سەر مایکرۆفۆنەکە و بەدەنگی بڵند هەموو ئەو بڕیارانەیان ڕەتکردەوە و جاری دەرچوونی ئێمەیان لەو کۆنگرەیەدا. ئەوە بوو هەموومان یەک پێ و بە هێمنی و شارستانیانە لە هۆڵەکە دەرچووین و کۆنگرەکەمان بۆ تەنیا نوێنەرانی خۆیان بە جێ هێشت. دواتریش بە هیچ جۆرێک ڕێگای قوتابیانی بەعسییەکانمان لە کوردستان نەدا و دواتر بەیاننامەی ١١ ئازاری بەسەرداهات و من ئەو ساڵە بەرەو کۆلیجی ئاداب لە زانکۆی بەغدا چووم.

**بەشی بیست و هەشت**

---

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بۆ بەڕێز دکتۆر جەواد چۆم حەیدەری

دوای بڵاوبوونەوەی ڕوون کردنەوەیەکی بەڕێز دکتۆر جەواد لە بارەی چاپی تەفسیری مەلای گەورەی کۆیە لە ژمارە (١١٩)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٨ ڕۆژنامەی بەدرخان لە ژێر ناونیشانی (کەس بەدۆی خۆی ناڵێت ترشە)، ئێمە وەک (دەستەی هەڵەچن و بەراوردی تەفسیرە تایپکراوەکە لەگەڵ دەستنووسەکانی مەلای گەورەی کۆیەدا) سەرمان سوڕما لە وتەکانی بەڕێز دکتۆر جەواد چۆم حەیدەری لە بارەی کاری هەڵەچنی تەفسیرەکەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی وەک مافێکی خۆمان و لە پێناو ئەوەی ڕاستییەکان ئاوەژوو نەکرێنەوە لە بارەی خاڵی پێنجەمی ئەو ڕوونکردنەوەیەی بەڕێز دکتۆر جەواد ئەم چەند ڕاستییە بخەینەڕوو:

یەکەم – ئێمە وەک دەستەی هەڵەچن و بەراوردکردنی تەفسیرەکە لە لایەن برایانی بەڕێز لە نووسینگەی تەفسیر ڕاسپێردراین کاری هەڵەچنی و بەراوردی تەفسیرە تایپکراوەکە لەگەڵ دەستنووسەکانی مەلای گەورە بکەین، نەک جەنابی دکتۆر جەواد چۆم حەیدەری.

دووەم – ئێمە لە یەکی نیسانەوە تاوەکو یەکی ئەیلولی ٢٠٠٨ کاری هەڵەچنی و بەراوردکاری تەفسیرەکەمان ئەنجامداوە و مانگانە هەریەکمان بڕی ٢٠٠ دۆلارمان لە نوسینگەی تەفسیر وەرگرتووە.

سێیەم – ئێمە بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە رایدەگەیەنین، کە لە سەرتاوە تا کۆتایی جەنابی بەڕێز دکتۆر جەوادمان نەبینییوە و بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵیدا نەبووە، بەڵکو ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ برایانی بەڕێز لە نووسینگەی تەفسیر پەیوەندیمان هەبووە و کارەکەشمان هەر لەوێدا ئەنجامداوە و ئەوان سەرپەرشتیاری ڕاستەقینەی هەڵەچنی و پێداچوونەوەی تەفسیرەکە بوون نەک کەسێکی دیکە.

چوارەم – بەداخەوە ئەو هەڵەچنییەی بەڕێز دکتۆر جەواد باسی دەکات، کە لە بەرامبەریشیدا ٦٠٠ دۆلاری بەخشیوە ئەگەر بەو جۆرە تێپەڕیبا، ئەوا بێگومان تەفسیرەکە دەبووە مایەی شەرمەزاری بۆ بزاڤی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی ئەمڕۆمان، چونکە تەفسیرە تایپکراوەکە جگە لە هەڵەی یەکجار زۆری ئیملائی لە دەیان شوێن چەند دێڕ و لاپەڕەی دەستنووسەکان تاپ نەکرابوون و تەنانەت هێندێک بەشی تەفسیرەکە بە نیوەناچڵی تایپ کرابوون، بۆنموونە دەفتەری (١٦)، (١٧)، (٢٨)ی دەستنووسەکە،



کە تەواو بە نیوەناچڵی تایپ کرابوون و بێگومان ئەگەر کاری ئێمەو نووسینگەی تەفسیر نەبا، ئەوا چاپکردنی وەها تەفسیرێکی نیوەناچڵ ستەمێکی گەورە بوو لە مەلای گەورە بە تایبەتی و خوێنەرانی کورد بەگشتی.

دەستەی هەڵەچن و بەراوردکردنی تەفسیری مەلای گەورە

- **مەلا ئیسماعیل تەها.**
- **شنۆ حەمەدەمین.**
- **ئەرسەلان ڕەحمان محەممەد.**

---

## پارووی هەڵبژاردن

**پوشۆ خدر قەساب**

هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان وا خەریکە نزیک بێتەوە لەپێشوازی داین بۆ سندووقەکانی دەنگدان، تاک و ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردەواری خەریکی سەرقاڵ و گفتوگۆ و گەرمی هەڵبژاردن و سەیرکردن و بیستن لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانەوە هەڵسەنگاندن و ناوی پاڵێوراو و ژمارەی لستەکان و قەوارە سیاسییەکان سەرپشکن و ئازادن لەوەی کێ بەنوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان و گەلیان هەڵدەبژێرن.

لە هەمانکاتدا لە کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنی خەڵکی سادە و زۆر جار لە نێوان توێژی ڕۆشنبیر و چینی مام ناوەند و دەسەڵاتدار و بنەماڵەکان هەڵبژاردن و چوون بۆ سندووقەکانی دەنگدان ڕەت دەکەنەوە...

ڕەخنەو گلەیی لە حزب و دەسەڵات دەگرن، کە قۆرغکردن و دەست تێوەردان لە کاروباری حکومەت و فەرمانگەکانەوە بە زەقی بەدی دەکرێت و دامەزراندن و بەرژەوەندییەکان دەبێ لە بەرژەوەندی باڵای حزب بێ، نەک خزمەت بە حکومەت و بەرژەوەندی گەل و هەژاران لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکان بێ.

شار جوان و ڕازاوە دەکەن، بەڵام بەشی شێرو زۆرەکەی بۆ خۆیانە، کۆڵان شەقام و پارک دروست دەکەن، بەڵام مەپرسن سەروەت و سامانی وەزیرێک و یان لێپرساوێکی حزبی چەندە، مەپرسن باڵەخانەی چەند نهۆمی هی کێیە؟ کۆمپانیاو ڤێلا و پیشانگای سەیر و سەمەرە هی کێیە؟


ئەگەر فایل و کونیەی هەر وەزیرێک و یان سەرۆک دەوڵەتێک لە وڵاتێکی سەدان ساڵ دەوڵەت بخوێنییەوە تەنها ئەم بەرپرسە لە وەزیفە و وەزارەتەکەی خۆی دەکاتەوە بەرژەوەندی و وڵات لەسەروی باڵای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە، مووچەیەک وەک هەر فەرمانگەیەکی وڵات لە حکومەتەوە بۆی دیاری کراوە.

گەر وەزیفە و کورسی فەرمانڕەوای نەمێنێت بە دەنگی گەڵ و ئیرادەی گەل لابرا وەکو"جورج بۆش" ی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێشوو، ئەوا ریکلام و بە دوای کار دەگەڕێت، کە لە شوێنێک دامەزرێت.

بەڵام خەڵکی دڵپاک و خاوەن هەڵوێستی کوردانە، خۆمان ئامادە دەکەین بە ئەندامانی خێزانەوە جوانترین جل و بەرگی کوردی دەپۆشین و ڕوو لە بنکەی دەنگدان دەکەین، چونکە دەزانین دەسەڵاتی کوردی گەر گۆشتمان بخوات، بەڵام ئێسقانمان ناشکێنێت، هەر لە خۆمانە بۆ خۆمانە. کاتێ گەلی کورد مردن و قەبرمان بەچاوی خۆمان بینی ئێستا بە گرانەتاو گرانە گەندەڵی ڕازین، ئەگەر سەیری ناحەزان و پیلانی دوژمنانی چواردەورمان بکەین، ئەوکاتە هەموومان بەرەو چارەنووس و پرۆسەی هەڵبژاردن و مەدەنیەت بوون بەرێدەکەوین، بۆیە گەر وەزیرێک لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کاربکات، بێ شکە دوای هەڵبژاردن دەبێتە ئەندامێکی کارا بۆ گەل و نیشتیمانەکەی..

کەواتە با هەموومان گەندەڵییەکانی پێش هەڵبژاردن ڕامالین. ئەو پارەی هەڵبژاردنە دەکەوێتە کۆشمان قازانجە بۆ من و تۆ گەل و خەڵکە دڵ بە جۆشەمان.

# هەرێمی کوردستان.. لانکەی دیموکراتییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



**جەمال هەمەوەندی**

دیموکراتییەت لە جیهان لە کوردستان دروست بووە لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتی میدیا، گەشتی سیاسی خۆی لە ڕێگای یۆنانەوە بەجیهاندا کردووەو، ئێستاش ئەمریکاوە گەڕاوەتەوە نێو لانکەی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە بەلای هەندێ کەسەوە ئەم وتەیە بە سەیر بزانن، بەڵام سەیر نییە، بەبەڵگە ئەم قسەیە کراوەو نووسراوە لە لێکۆڵینەوەیەک(راندی. ر.ئیلاسال)خەڵکی ویلایەتی تێنێسی لە ئەمریکا ئەنجامی داوە بەناوونیشانی(گەڕان بەدوای دیموکراتییەت لە میدیاوە بۆ ئەمریکا)، کە بەزمانی ئینگلیزی لەلایەن(دۆگلاس لایتن و، ستیفن مانسفیلد)ناوێکەوە بڵاوکراوەتەوە، لە لەساڵی ١٩٩٨ گەیشتە هەرێم و بڵاوکرایەوە لە کۆڕێکی ڕۆشنبیری لەهۆڵی میدیای شاری هەولێر.

لە هەرێمدا باس لە دیموکراتییەت دەکرێت، بەڵام سەروبن و ئەوسەرو ئەمسەری هەڵپچڕینی قوتووی دیموکراتییەت دیار نییە لە کوێوەیەو ئایا چەند جۆری تیایە، چونکە لای ئێمە کە ڕۆیشتووە وەکو ئەوەی دۆگلاس لایتۆن باسی دەکات، یەک جۆر بوو، ئێستاش گەڕاوەتەوە لامان بووە بەچەندین جۆر، گەر نەزانین کامە جۆریمان دەوێت پیادەی بکەین، ئەوا وەکو ئەوەیە بە تەمەن گەورەیی فێری پڵاو خواردن بووبین، لەجیاتی ئەوەی گیا بۆ دەممان ببەین بۆ گۆیمانی دەبەین.

تاکو ئێستا(سیاسییەکانمان )پێیان نەوتووین ئێمە سەر بەکامە جۆری دیموکراتین، ئایا دیموکراتی نیشتمانی، یان دیموکراتی لیبراڵی، یان دیموکراتی سۆسیالیستی، یان سۆسیال دیموکرات، یان دیموکراتی ناوەندی، یان دیموکراتییەتی لیبەرتاری... هتد. وە ئەگەر کاتیان بەدەستەوە بێت، جۆرەکەیمان بۆ دەستنیشان بکەن ئەوا لە مەمنونیان دەرناچین، بۆ ئەوەی جەماوەری شۆڕشگێڕی پێشوو، دیموکراتخواز ئێستا، بزانێت ڕوو یان کامە جۆریان پیادەی بکات و خۆی پێ ڕۆشنبیر بکات، مەبەستیش لە داواکاری دیاریکرنی جۆرەکەی ئەوەیە، تا وەزارەتی پەروەردە بتوانێت لەسەر بنەمای جۆرەکەی، سیستەم و پرۆگرام دابڕێژێت بۆ پێگەیاندنی نەوەکانی دوا ڕۆژ بۆ ئەوەی وەکو ئێمە سەرگەردان نەبن و نەزانن لەسەر کامە ئاین و مەزهەبی دیموکراتین، ئێمەی ئاڵۆزیش وەکو تاک، بتوانین تۆزێک شارەزایی لەسەر بنەماکانی ئەوجۆرە دیموکراتییەی حکومەت پێی باشە، پەیدا بکەین و لە ژیانی ڕۆژانەماندا پیادەی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین مافی ئێمە بەسەر حکومەتەوە چین؟ مافی حکومەت بەسەر ئێمەوە چین؟.

دیموکراتییەت وەکو بزانین چەندین لایەنی هەیە، وەکو لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری.. هتد.هەر لایەنەی بە گوێرەی جۆرەکەی چەندین لێکدانەوەی لەلایەن زاناو پسپۆڕان و پیتۆڵەکانی سیاسەت بۆ کراوە، کە پێکهاتەی هەرجۆرێکیان جیایە لە جۆرەکانی تر، وابزانین(هەڵبژاردن)لە هەموو جۆرەکانی هەیە، کە ئەمیش چەندین جۆری پیادەکرنی هەیە کرداری هەڵبژاردن و ئەنجامەکان، کەوا هەر هەمووی بەیەکەوە دیموکراتییەتن.

وابزانین، دیموکراتییەتی کۆمەڵایەتی باشترینیانە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە خزمەت بە مافە بنچینەییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ساڵی ١٩٦٦دا هاتووە، کە بریتییە لە سادەترینی مافەکانی مرۆڤ، گەر جێبەجێ بکرێت لە هەرێمی کوردستان، ئەوا هەرخەنی دەبین بە بابەوە، چونکە پەیماننامەکە داوا لە دەوڵەتان دەکات ئەم مافانە بۆ هاووڵاتیانیان دابین بکەن، لەوانە:

-یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو.-مافی دەستکەوتنی کار.-مافی گونجان و دادپەروەری بۆ مەرجەکانی کار.-مافی تاک لەوەدەستهێنانی تێچووی بژێو لە کردنی کارێک خۆی هەڵیبژێرێ یان تاک بۆ خۆی پەسەندی بکات.-دادپەروەری لە کرێی کار، کرێیەک بەرامبەر ماندووبوونی کارەکە بێت. دابینکردنێکی ئاسایی بۆ تێچووی پێداویستییەکانی بژێو.-هەلومەرجێکی ئارام و تەندروست بۆ شوێنی کار.-مافی پێکهێنانی سەندیکا، ئازادی کاری سەندیکایی.-مافی مانگرتن لەکار.

-ئاسایشی کۆمەڵایەتی.-دابینکردنی ژیانێکی گونجاو.-پاراستنی کۆمەڵگە لە برسییەتی.-مافی تەندروستی جەستەیی و عەقڵی بەرز و دابینکردنی پێداویستییە چارەسەرییە پزیشکییەکان.-مافی خود ڕۆشنبیرکردن و فێربوون و پەروەردە بەمەبەستی بونیادانی کەسایەتی مرۆڤ.-مافی خوێندنی تەوزیمی سەرەتایی بەشداری کردن لە خوێندنی باڵاو زانکۆ بە گوێرەی توانای کەسایەتی تاک.-مافی ڕۆشنبیری شارستانییەتی.

ئەم خاڵانەی باسکران، مافی سەرەتایی مرۆڤن لە دیموکراتییەتی کۆمەڵایەتی، هەر خاڵێک لەمانە ورد دەکرێتەوە بۆ چەندین مافی تر.

بەداخەوە، ئێمەی هاووڵاتی بەباشی دەرک بە مافەکانمان بەسەر حکومەتەوە ناکەین!!لەهەمان کاتدا دەرک بە مافەکانی حکومەت ناکەین کەبەسەرشانمانەوەیە!!هەروەها مافمان بەسەر کۆمەڵگەوە چین!! مافی کۆمەڵگەوە بەسەر ئێمەوە چین!! بۆ نموونە، تەنها نیوەی کۆمەڵگەی ئێمە ڕۆشنبیرو ڕێزگرتووە لەبەکارهێنانی ئاوو کارەباو جادەو کۆڵان و ژینگەو موڵکە گشتییەکان و سامانەکانی گەل.

دەبا کوردستان بکەینە باخچەی دیموکراتییەت، کە پێشتر لانکەی دیموکراتییت بووە، بۆ ئەوەی کەسانی شۆڤێنی عەرەب و فارس و تورک، لەو باخچە کوردستانییە، فێری گیانی لێبووردەیی و بیری نەتەوەیی ڕاستەقینەو گیانی دیموکراتی سەردەم فێر ببن.



---

## با هەبێ (٢٥)

# کێ فاتیحا لەسەر خۆی دەخوێنێ؟!

هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرەتا بەشێوەیەکی ئاشتییانەی ئاسایی ڕێڕەوی خۆی دەبڕی، بە گوێرەی هەموو پێشبینی و ڕاپرسییەکان، "میر حوسێن موسەوی" سەرکردەی ریفۆرمخواز سەرکەوتنی بێ وێنەی لەم هەڵبژاردنەدا بەدەست دەهێنا و "ئەحمەدی نەژاد"ی ڕکابەری دەناردەوە ماڵەوە و خۆی دەچووە سەر کورسییەکەی ئەو، بەڵام ئەنجامەکان تەواو پێچەوانەی ئەمە دەرچوون کاتێ (بە پێی ئەوەی کە ڕاگەیەنرا) "ئەحمەدی نەژاد" نزیکەی دوو هێندەی دەنگی "موسەوی" بەدەست هێنا.

دوای ئەم ئەنجامانە، ئاشتییەکەی بەر لە هەڵبژاردن نەما و بوو بە شەڕ و هەڵایەک کە کوشتن و توندوتیژی زۆری لێکەوتەوە، گەیشتە ئەو ڕادەیەی "میر حوسێنی موسەوی" فاتیحای مردنی لەسەر خۆی خوێند، "موسەوی" نامەیەکی بڵاوکردەوە و لە نامەکەدا جگە لەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کرد و ئەنجامەکەی بە ساختە دانا، (انا لله وانا اليه راجعون)یشی بۆ گیانی خۆی خوێند و گوتیشی "ئامادەی شەهیدبوونم و تا ئەو کاتەی شەهید دەبم، ئامادە نیم واز لە دەنگی ئەو خەڵکانە بێنم کە متمانەیان بمن بەخشیوە"، هەروەها داوای لە هەوادارانی کرد، کەلەکاتی دەستگیرکردنی ئەو لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە، مان بگرن و نەچنە سەر ئیش و کارەکانیان.



سەنگەر زراری

لە کوردستان هێشتا هەڵبژاردنەکان دەستی پێ نەکردووە و لە قۆناغی پڕوپاگەندەدایە، کەچی توندوتیژی دەستی پێکردووە و ناخۆشی و شەڕیش کەوتۆتە نێوان هەندێ لایەنەوە. دیاردەی نامەدەنی و نابەجێ دەبینرێ، پۆستەرەکان دەدڕێندرێن و گاڵتە بە ئارم و دروشمی لایەنەکان دەکرێت، هەوادارانی لیستە جیاوازەکان بە چەقۆ هەڕەشەیان لەیەکتر کردووە و تەنانەت لە هەندێ شوێن تەقەشیان لە یەکتر کردووە، لە هەندێ لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان نووسین لە پروپاگەندە دەرچووە و بۆتە تانە و تەشهیردان لەیەکتر.

ئەمە ئەوە دەردەخات، کە یەکترقبوڵکردن یەکجار کەمە و ڕەنگە لە ئاستی نەبووندا بێ. ئەگەر بەر لە هەڵبژاردن دۆخەکە بەم شێوەیە بێت، دەبێ دوای هەڵبژاردنەکان چۆن بێ؟! لە ئێران تا ئەنجامەکان دەرنەچوون، کردەوەی توندوتیژ ئەنجام نەدرا، بەڵام ئەوەتا لێرە لە کوردستان بەر لەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، توندوتیژی گەیشتۆتە ڕادەیەکی ترسناک، ئاخۆ دوای هەڵبژاردنەکان چی ڕوودەدات؟! ئەگەر ئەنجامەکان دەرچن و بە دڵی هەندێ لایەن نەبوون، ئایا ئەوانیش فاتیحا لەسەر خۆیان دەخوێنن و خەڵکیش بەهەدەردەبەن؟! بێگومان ئەگەر چاوەڕێی شتێکی لەو جۆرە بین، ئەوە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن زۆر باشترە، چونکە بەم پێیە بێت دەرچوونی ئەنجامی هەڵبژاردن، یەکسانە بە دروستبوونی شەڕ و ئاژاوە، ئێمەش لە هەڵبژاردن بە دوای ئاشتی و خۆشگوزەرانیدا دەگەڕێین نەک شەڕ و ئاژەوە.

---

# خانمی ریاحی لە ڕۆڵی زولێخادا

**تیمی بەدرخان لە تاران**

*** سەرەتا باسی ژیانی خۆت بکە؟کەی و لە کوێ هاتوویتە دنیاوە لە کەیەوە دەستتکردووە بە چالاکی و کاری هونەریی؟**

– ساڵی ١٩٦٢ لە تاران هاتوومەتە دنیاوە سەرەتا بەنووسینی فیلمنامەوە دەستم پێکردووە و دواتر هەر لەو ڕێگایەوە پێشنیازی ڕۆڵ بینینیان پێدام، لەدوای ئەوەوە بوو وەک ئەکتەرێ بەشداری چەند فیلمێکی سینەماییم کرد و تاوەکو ئێستا لە زیاتر لەسەد فیلم و درامادا بەشداریم کردووە ئێستا وا بۆ "٢١" ساڵ دەچێت وەک ئەکتەر لە سینەمای ئێراندا ڕۆڵ دەبینم.

*** چۆن بوو ڕۆڵی زولێخات قبووڵ کرد لە زنجیرە درامای "حەزرەتی یوسف" دا، ئایا پێشتر ئاشناییەتیت لەگەڵ ئەم کەسایەتییەدا هەبوو؟ چ شتێکی ئەم ڕۆڵە سەرنجی تۆی ڕاکێشا؟!**

– من پێموایە زۆربەی خەڵکی ئاسایی ئاشنایان هەیە لەگەڵ چیرۆکی ژیانی حەزرەتی یوسف و زولێخادا، کاتێک کە بڕیارمداو قبووڵ کرا ڕۆڵی زولێخا ببینم، لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زۆرم کرد بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ژیانی یوسف و زولێخا، سیناریۆش لە ڕوانگەی نووسەر و دەرهێنەری دراماکەوە، کە ئاغای"فەرەجوڵای سەلەحشورە" ئەویش خۆی بەدڵنیاییەوە لە ڕوانگەی خۆیەوە هەندێک جیاوازی قایل بۆ کارەکەو بەپێرەوی ئەو دید و بۆچوونانەی خۆی نەکات، بەڵام دواجار هەوڵێکی زۆری دا، کە لە ڕوانگەی قورئانەوە سەیری ژیانی یوسف و زولێخا بکات.

*** خانمی ریاحی وەک ئەکتەری سینەمایی کە تاوەکو ئێستا زۆربەی ژانرە جیاوازەکانی سینەمادا"، وەک: دین، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، جەنگی" ڕۆڵت بینیوە، کام یەک لەو ڕۆڵانەی کە تاوەکو ئێستا بەرجەستەت کردووە خۆشت دەوێ، بۆچی؟**

– دیارە هەر فیلمەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە هەروەها هەر ڕۆڵەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

بەڵام لە فیلمە سینەماییەکاندا "شام أخر"م لە هەموویان پێ خۆشترە لە دراما تەلەفزیۆنەکانیشدا "شەوی دەیەم" لە هەموویانم پێ خۆشترە.

*** رات لەم ڕۆڵ بینینەی ئەکتەرە ئافرەتەکانی ناو سینەمایی ئێران چییە، کە ئاشکرایە لەم چەند ساڵەی دواییدا پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە؟**

– من زۆربەی ڕۆڵی هاوکارەکانی خۆمم پێ خۆشە لە سینەمای ئێراندا. ڕۆڵ بینینەکانیان سەرنج ڕادەکێشێ. هەریەکەیان لە ژانر و سەبکی خۆیاندا زۆر سەرکەوتوون هەر وەک ئاماژەمان پێدا بەتایبەتی ڕۆڵ بینینی ئافرەتان لە دوای شۆڕشی گوڵانی ئێران پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، لەوانەش خانمی مەهتاب نەسیر پوور، خانمی ڕوئیا نەونەهالی و زۆری دیکە لە هاوڕێیانم ڕۆڵ بینینەکانیان سەرنجم ڕادەکێشێ.

*** لە پێش ڕۆڵ بینین لەم درامایەدا، ئەزموونی ڕۆڵ بینینت لە درامایی مێژووییدا هەبووە؟**

– بەڵێ لە درامای"مەلا سەدرا" دا ڕۆڵم بینیوە، هەروەها لە درامای"پاڵەوانان نامرن".

*** ئەگەرچی لەو چەند ساڵەی دوایی هونەرمەندانی ناو سینەمای ئێران ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و پێشکەوتنی زۆریان لە ڕۆڵ بینیندا بەخۆیانەوە دیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەو سانسۆرە زۆرەی، کە لەسەریانە لەکاتی ڕۆڵ بینیندا تا ڕادەیەک ئاستی کارەکانیان دابەزاندووە. بۆ نموونە لە سینەمای ئێراندا لەمس بوونی نییە، کوڕ و کچ ناتوانی لە فیلمێکدا جەستەیان بەر یەک بکەوێ، ئەگەر ژن و پیاون یا خۆشەویستی یەکن. نموونەیەکی دیکە: ئەگەر سەربازێک لەدوای چەندین ساڵ لە جەنگ دەگەڕێتەوە ناتوانێ دایکی یان خوشکیان هاوسەرەکەی لە ئامێز بگرێت تۆ وەک ئافرەتێکی بە ئەزموون لەسینەمای ئێراندا چۆن ڕاهاتووی لە گەڵ ئەم حاڵەتەداو چی دەکەیت لەو کاتانەدا بۆ ئەوەی ئەو هەستە بگەیەنێت بە بینەران؟**

– ڕاستە ئەمە زۆر زەرەری داوە لە سینەما بەگشتی لە ئێراندا، بە تایبەت لە بواری ڕۆڵ بینین دا، ئەویش یەکێکە لەزیانە کوشندەکانی سانسۆر، بەڵام ئێمە لە کاتی ڕۆڵ بینیندا داوا لەو حاڵەتانە ناچاردەبین هەوڵ بدەین زیاتر بە ڕوخسارمان ئەو هەستە دەرببڕین و بگەیەنینە بینەران، پێموایە لەم ڕەوشەوە تارادەیەکی باش سەرکەوتووین.

*** رات لەسەر سینەمای ئێران چییە و لە چ ئاستێکدا دەبینی؟**

– فیلمە ئێرانییەکان دابەش دەکرێت بەسەر"٣" گروپدا، گروپێکیان ئەو فیلمانەی، کە لە ئێراندا بینەریان هەیە، گروپێکی دی ئەو فیلمەکان کە بۆ بینەرانی دەرەوەی وڵات و ڤیستیڤاڵەکانی دەرەوەی وڵات دروست دەکرێن، گروپێکیش فیلمە جەنگییەکانە، کە حکوومەت پشتیوانی ئەمانە، هەر هەمووشیان بینەری تایبەت بەخۆیان هەیەو ئاستەکانیشیان زۆر جیاوازە و ناکرێت لێرەدا بەوررد و درێژی لە سەریان بڕۆین.

*** تا ئێستا وەک باشترین ئەکتەر لەچەند ڤیستیڤاڵێکدا خەڵاتت وەرگرتووە، دەکرێ باسی ئەو خەڵاتانە بکەیت؟**

– خەڵاتی خانەی سینەمام وەرگرتووە خەڵاتی جەژنی دنیای وێنەگرتن هەروەها خەڵاتی زۆربەی کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانی ناو ئێران بۆ باشترین ئەکتەرم وەرگرتووە. هەروەها خەڵاتێکی نێونەتەوەیی فیستیڤاڵی قاهیرەم وەرگرتووە.

*** زۆر سوپاس کە دەرفەتت داین بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆیە ئەنجام بدەین**

– سوپاس بۆ ئێوەش لە دەزگای بەدرخان.

**تێبینی: لە ژمارە (٦٦)ی ٢٠٠٦/٢/٢٢ لە هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکراوەتەوە، لەسەر داوای خوێنەران دووبارە بڵاوی دەکەینەوە. لە ژمارەی ئایندەش دیدارێک لەگەڵ (فەرەجوڵای سەلەحشۆر) بخوێنەرەوە.**




دیمەنێک لە درامای "یوسفی ڕاستگۆ" بەکامیرای بەدرخان

پاشکۆیەکی هونەرییە، تایبەتە بە کەرنەڤاڵی هونەرمەندی گەورە حوسێن میسری، کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان دەریدەکات.

ئامادەکردنی: حەمید بەدرخان و مەسعودی مەلا هەمزە
ژمارە (١٢١) چوارشەممە ٢٠٠٩/٧/٨

# کەرنەڤاڵی حوسێن میسری




## حســـێن


هێرۆ خان لەکاتی بەخاک سپاردنی تەرمی حسێن میسری

**هێرۆ**

هێشـــتان لە خەمی کۆچی مەنەخاندا بووم، منیرە خانی خانم، دڵسـۆزی هەژاران و داڵدەدەری نیشتمانپەروەران، ئەو شۆڕەژنەی، باوکیشم لە ماڵی ئەواندا خۆی حەشـاردابوو، ئەو خانمەی لە سـەرەتای شەستەکاندا جلی بۆ پێشـمەرگە ئەدووری و بەنهێنی ئەیگەیاندە شاخ. هێشتا لە یادی ماڵی منیرە قەفتانا بووم، کە هاوکاری زۆری ئێمەشـی کردووە، خوشکەکانم لە شەستەکاندا بەنیوە قاچاغی لە قوتابخانەکەی ئەوا ئەیان خوێند. چاکەی لەگەڵ خۆشم هەبووە، کە ساڵانی دواتر بە نهێنی لەگەڵ خۆیدا هێنامیەوە بۆ سلێمانی و بردیشمیەوە بۆ زیخان و لە ماڵەکەیا نووستم. یەکەم بەیانیش کـە خەبەرم بۆوە، چاوم بە کەنتۆرێک کەوت زۆرم لا سـەیر بوو، لە دڵی خۆما وتم: خوایە گیان ئێرە کوێیە؟

لەپڕ بیرم کەوتەوە کە ئەم شـوێنە ماڵی مەنە خانە، نەمزانی چیم لەبەرا بوو، بەڵام ئەزانم پانتۆڵ و قەمیسێکم پێمابوو.

بردیانم بۆ بازاڕ و تەنورەو بلوزێکم کڕی و وەک کێشەی هەمیشەییم لەگەڵ جلوبـەرگا تەنوورەکە زۆر گـەورە بوو بۆم، مەنە خانم بەو دەسـتانەی کە یەکەم مەشـخەڵی ئاگری نەورۆزی داگیرساندبوو، لە یەکەم ئاهەنگی نەورۆزی گشـتیدا، تەنورەکەی بۆ بچووک کردمەوە، هێشتان لەگەڵ یاد و یادەوەری ئەو خانمە گەورەیەدا ئەژیام و مات و غەمگینی کۆچی ئەو بووم.

کە پێیان وتم، حەسون ڕۆیی باوەڕم نەکرد. وتم ڕاست ناکەن، دوێنێ لەلام بوو، کۆمەڵێک پڕۆژەی هەبوو، وانییە، ڕاسـت ناکەن، حسێن نەڕۆیوە، وتیان بەداخەوە وایە و حسێنیش ڕۆیی.

دوێنـێ "ڕۆژی پێش مردنی" دوای نیوەڕۆ هات بـۆ لام، قەول وابوو ڕۆژی پێشـتر یەکتری ببینین، من زۆر سـەرقاڵ بووم، بیرم چوو تەلەفۆنی بۆ بکەم، ئەو ڕۆژە لە سەعات یەکەوە بۆ سێ بێ ئیش بووم، تەلەفۆنم لەگەڵی کرد، وتم: حەسـون ببورە دوێنێ بیرم چوو تەلەفۆنت بۆ بکەم، وتی باش بوو بیرت چوو. وتم ئێسـتا ئیشەکانم تەواو کردووە تا سەعات سێ هیچم نییە، ئێوارەش لەدوای سـەعات هەشتەوە بێ ئیشم و وتی ئێستا یەم، با سایەقەکەم نانەکەی بخوات.

هات وتی: ماما "دایکە" هەمیشە وا بانگی ئەکردم، وتی ماما باش بوو دوێنێ تەلەفۆنـت نەکرد، چونکە یارۆ کەوتووە و دەسـتی شـکاوە، تا خەفەت نەخۆیت. وتم ئاخر ئێستاش هەر خەفەتم خوارد، ڕۆژێک چی ئەگۆڕێت؟

وتی: نا، ئێسـتا شکور باش بووە و مەترسـی نەماوە. زۆر باسی چاکەی دکتۆرەکانیشـی کرد، کە زۆر ئاگایان لێ بووە و ئەشیعەیان بۆ گرتووە و شکور ئێسقانەکەی چۆتەوە جێی خۆی. پاشان وتی ماما کۆمەڵێک کێشەی تریـش هەبوو تا چەرەسـەرم نەکرد نەهاتم بۆ لات. بـۆی باس کردم کە کێشەکان چین و چۆن بوون. ئینجا وتی: ماما کێشەی دایکی هونەرمەندێکی شەهید نەبێ، کە هێشتا بۆم چارەسەر نەکراوە و باری ژیانی باش نییە. وتم وەی بەسەرچاو هەر ئەو کێشەیەت ماوە ئەمیش چارەسەر ئەکەین.

حسێن میسری هونەرمەند بوو، هاوڕێ بوو، برا بوو، مرۆڤێکی زۆر تایبەت بوو، پیاوی ئاشـتی بوو، عاشقی کوردستان بوو، عاشقی کەرکووک بوو. خەمخۆری تورکمانی کەرکووک بوو، خەمخـۆری کوردی کەرکووک بوو، خەمخۆری هەژاران بوو، خەمخۆری مرۆڤایەتی بوو.

من لە سەرەتاکانی خاکەوە میسری ئەناسم، تەنیا یەک ڕۆژ باسی کێشەیەکی خۆی کردووە، لەوە زیاتر هەرگیز نەک باسی کێشەی خۆی، بەڵکو تەنانەت باسـی کێشەی نزیکێکی خۆشی نەکردووە، هەمیشە دڵی لای خەڵک بووە، هەمیشە دڵی لای هونەرەکەی بووە، سەدام لەسەر حوکم بوو، ئەو کاری بۆ هەندێک هونەرمەندی کەرکووک ئەکرد.

بەڵام کارەکانی حسێن هەمیشـە بە کەمترین پارەو جوانترین شێوە تەواو ئەبوون.

لەم ماوەیەی دواییدا کە شـانۆگەرییەکەی بە هەندێک ناوچەی جیا جیای کوردستانا ئەگێڕا و ئەیزانی کاتێک کەسێک سەفەری دوور ئەکا دڵم ئەکەوێتە مەراقەوە، هەندێک جاریش پێش ئەوەی بگاتەوە سلێمانی هەر لە تاسڵوجەوە تەلەفونی ئەکرد، ئەیوت: ماما گەیشتمەوە تاسڵوجە، شانۆگەرییەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، خوات لەگەڵ، ماندووت ناکەم.


حسێن زۆر تایبەت بوو، حسێن. حسێن بوو، لە ڕێزگرتنیا بۆ کات حسێن بوو، لە دڵسۆزیا بۆ ئیشـی خۆی حسێن بوو، جلوبەرگی حسێنانە بوو، خۆشەویستی بۆ چیمەن و یارۆ حسێنانە بوو، لە خۆشەویستیا بۆ ئامێری دەف حسـێن بوو، حسێنانە شانۆی هێنایە سەر شەقام، یەکەم کەس بوو شانۆی ئەنفالی لەسەر شەقامەکانی سلێمانی نمایش کرد. لە زۆربەی یادە خەمبارەکانا بە شـاکارە حسێنیانەکەی سەرسـامی ئەکردین، وەرەی بەرز ئەکردینەوە.

حسـێنەکان لەم سەردەمەی ئێمەدا زۆرن و زۆربەشیان مرۆڤی باشن، بەڵام بەخوا حسـێنەکەی خاک زۆر تایبەت بوو، حسێن میسری هەر خۆی بوو و لەو مۆدیلەی ئەو دووبارەبوونەوەی لەم سەردەمەدا سەختە، هەرچەندە لای خوای گەورە هیچ شتێک سەخت نییە.

بەڵام بەخوا حسێنەکەی ئێمە.. حسێن بوو.

**لە گۆڤاری خاک وەرگیراوە**

## جیهان جامە، فەلەک مەیگێر، ئەجەل مەی هەموو دەیخۆینەوە هەردەم پەیا پەی


مەحموود زامدار پیرۆزبایی لە ستافی شانۆیی هاروون دەکات

**مەحمود زامدار**

* ئا بەڵێ "پەیا پەی". ئەی مەرگ چەند جوان و چەندیش بـە بەزەیی، هـەر هەموو مرۆڤایەتیش لـە ئەلەندی مێـژووەوە تا هەتایە بۆ تۆ ئـەژی و لەبەردەم پەیکەری سـامدارتا واقی وڕ دەمێنێ و دۆش. بـەڵام هـەی برای گەورە هەندێ جار خۆت زۆر دزێو دەنوێنـی و ئەوەی بە قووڵی تێت نەگا لێت مۆنج و هەراسـان دەبـێ و تۆش قێـزەون، تۆی ناشـرین و جوان، جوان و ناشرین...!؟

* لەڕێی هەردوو هونەرمەندی گەورە جیهاد دڵپاک و عەلی کەریمەوە ناسیم، ناسینێکی سـەیر، وەک بڵێی بیسـت ساڵە ئاشنای یەکتربین. دەم بە خەندە، خاکەڕاو سادە، نوکتەچی، سـرک و سێبەر سـووک و تۆزێکیش نهێنی پۆش...!؟

* چەندیـن جـار گفتـم لێوەرگـرت تـا دیدارێکی ڕۆژنامەوانـی لەگـەڵ سازبکەم، کەچی نازانم بۆ خۆی رادەپسکاند..!!!

* لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی لەدەسـچوو ڕووی لێنام تا کۆڕی نمایشـێکی هونەری دانسقەی ئەوسای "پانتۆمایم"ی بۆ سـازبکەم و گوتیشـی: ئەم نمایشـە لەجیاتی دیدارەکەیە...!

* ئەو سەردەمە ئەم هونەرە بەرزە، خەریک بوو فەرامۆش بکرێ، هەرچەندە لەدەسپێکی حەفتاکان چەند نمایشـێکی لەو جۆرە کرابوو. لە هۆڵی نەقابەی کرێکارانی ئەوسای هەولێر، نمایشـەکە لەنێو چەپڵەڕێزانی دەستەبژێرێکی ڕووناکبیـران و عەودالانی شـانۆ ئەنجامدرا، بەمەش بـۆ یەکەمجـار خەڵک ئەم "میسری حوسێنە"ی ناسی و گرتە باوەش...!

* کاک حوسـێنی وەفادار و هونەرمەند ئەوەندەی کاری بۆ دراما ڕەخسابوو، بەڵام دە ئەوەندە بۆ "شانۆ" و تەنیا شانۆ و شانۆ خوڵقابوو...!

* بەر لە مانگێک و شتێ بەر لە ماڵاوایی کردنی و دوای ٢٥ ساڵ و لەنێو ئاپۆرەی خەڵک لـە هۆڵی میدیا شـەرەفی ئەوەی پێ بەخشـیم تامن پەردەی شانۆنامە جوانەکەی "هاروون"ی بۆ بکەمەوە، کە بەڕاسـتی موچڕکێکی سەیر بەرامبـەر ئـەو وەفادارییە دایگرتم.

* چەپکـە گوڵاڵـەی بناری چیای سـەڵباتووی دەشتی کاکی بە کاکـی گەرمیان بۆ سەر مەزاری مەلوولت، ئەی هونەرمەندە جوانەکە.

## کەرنەڤاڵی حوسێن میسری


میسری لەکاتی دەرهێنانی درامایەکیدا

**جەبار مەعروف**

میسـری گیـان ئـەم کۆچە ناوادەیـە زوو بوو زوو. پەلە پەلـەی چیت بـوو، خۆ تۆ خەونی زۆرت مابوو، هاوڕێم حوسـێن ئەی ئەو کەسـەی لە دنیادا یەک شـتت دەزانی ئەویش هونـەر بوو، تۆ ئەو کەسـە بوویت کـە کۆمەڵێ یادەوەری و وانەی هونەریت بۆ جێهێشـتین، شـانۆیی هاڕونـت بـۆ جێهێشـتین، درامـای ڕەزا و ڕەمەزانت بۆ جێهێشتین، قەرزارت کردین، تا ماوین قەرزاری تۆین، من مژدەت دەدەمێ بە ناوی خۆم و سەرجەم کارمەندانی بەشە پڕ بەها هونەرییەکەت "بەشی درامای خاک" تەواوکەری کارە هونەرییەکانت بین و بەهەمان ڕێچکەی کاروانی هونەری تۆدا بڕۆین و بـەردەوام بین لەو کاروانە هونەرییە جوانانەی کە تۆ بـۆت کردین بە نەریت و بـە بەردەوامـی سـاڵانە یـەک دوو بەرهەمی بەپێزت پێشکەش بە عاشقانی هونەر و هونەردۆستانت دەکرد.

هەر ئەمڕۆش بەناوی تۆوە و بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆحی نەمری تـۆی گـەورەو هونەرمەند کەرنەڤاڵی حوسـێن میسری دەکەینە پەیامێک و پێشکەشی سـەرجەم ئامادەبـووان و خۆشەویستانی دەکەین.

میسـری هونەرمەند هەمیشە سووربوو لەسـەر کارکردن، بە ئیرادە بوو، خاوەن بڕیار بوو، بـەر لـە تەواوکردنی کارێکـی هونـەری ئامادەیی خـۆی نیشـان دەدا بۆ کاری ئایندەی، زۆر ڕاسـتگۆیانە بەڵێنی دەدایـنێ و کارەکەی ئەنجام دەدا، هونەرمەندێکی خۆبەخـش بـوو، موڵکـی میللەت بوو، نیشتمانپەروەر بوو، دڵسـۆز بوو بۆ خاک و نەتەوەکەی، پڕ بەهاو دڵساف و لەدڵا شـیرین بوو، خاوەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەند بوو لە دراما و شـانۆی کوردی، زۆر دڵگرانم بە کۆچی دوایی لەپڕ و ناوادەی هاوڕێی هونەرمەند و خۆشەویستم حوسێن میسری.

# ڕەمەزانی بێ "حسێن میسری"



**بەرهەم عەلی**

نازانم نەریتی دانیشتنی بەردەوامی شەوانی ڕەمەزان بەدیار تەلەڤزیۆنەوە لە عەرەب و دنیای ئیسلامییەوە بۆمان ماوەتەوە، یاخۆ جێگرەوەی شەوچەرە و چیرۆکخوێندنەوە و سەربردەگێڕانەوەی مەجلیسی شەوانی جارانی کوردەوارییە، لێ گرینگ ئەوەیە ئەو شەوانە بۆ بینەرانی تی ڤی چێژبەخش و بۆ ئەهلی دراماو نواندنیش دەرفەتێکە بۆ ناوبانگ و پێشکەشکردنی بەرهەمەکانیان بەزۆرترین بینەر.

هەمووی چەند ساڵێک بەر لە ئێستە بوو، لەبیرم دێ لە شەوانی ڕەمەزاندا ماڵباتی کورد لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکووکیش جگە لە زنجیرەدراما لاتینییە دۆبلاجکراوەکان و زنجیرە عەرەبییە میسری و سووریاییەکان هیچ بابەتێکی تریان شک نەدەبرد ئەو شەوانەی پێ بەرنە سەر، تا حسێن میسری ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە، ناڵێم لە ڕەمەزانانداا پێش حسێن میسری کەس زنجیرە درامای بۆ تەلەڤزیۆنە کوردییەکان نەکردووە، بەڵام حسێن میسری یەکەم هونەرمەند بوو، کە زنجیرەی ٢٠ تا ٣٠ ئەڵقەیی بۆ ئەو مانگە ئامادە بکات، ئاخر نەفەسی زنجیردرامای جاران لە ٥-٦ ئەڵقە زیاتر بڕی نەدەکرد، بۆیە هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە ئەم ڕەمەزانە بێ حسێن میسری بۆشاییەک لای بینەری کورد دروست دەکات، کە بەهیوام هونەرمەندانی تر پڕی بکەنەوە.

بەئومێدم ئەم چەند دێڕەی دەینووسم نەچێتە قاڵبی ئەو تۆمەتەی زۆر جار دەدرێتە پاڵ کورد "زیندووکوژی مردوو پەرست"، چونکە من بەر لە ئێستە سەرسامیی خۆمم بەحسێن میسری بەنووسین دەربڕیوەو لە پاڵ ئەوەشدا بەتوندی ڕەخنەشم لە هێڵە کۆمەڵایەتییەکانی کارە درامییەکانی گرتووە، بۆ من ڕۆژنامەی بەدرخان یادگارییەکی جوانی لەگەڵ حسێن میسریدا بۆ دروست کردووم، جارێکیان خۆی و ستافی کارەکەیم لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی تەلەڤزیۆنی کوردساتدا بینی، بینەران وێڕای دەستخۆشی کۆمەڵێ ڕەخنەشیان لێ گرت، منیش وەک بینەرێک هەندێ ڕەخنە و سەرنجم هەبوو، بەڵام لە وەڵامەکانییەوە بۆ ئەو خەڵکەی ڕەخنەیان لێ گرت، هەستم کرد حسێن میسری بەرامبەر ڕەخنە سنگفراوان نییە، بۆیە بڕیارم دا ڕەخنەکانی خۆم بکەمە نووسینێکی یەک لاپەڕەیی و لە ڕۆژنامەی بەدرخاندا بڵاوم کردەوە، کەچی بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی منەوە لە ژمارەی داهاتوودا وەڵامێکی ئەوەندە جوان و هێمنی دامەوە تەواو ڕای گۆڕیم و بڕیارم دا تا مردن ئەو وەڵامەی لە ئەرشیفی خۆمدا بپارێزم وەک ئەویش بۆ منی نووسیبوو.

لە میدیاکاندا گەلێ جار باس لەو بوارانە کراوە کە حسێن میسریی تێیدا دەستپێشخەر بوو. "ئەو بینەری کوردی لەگەڵ درامای کوردیدا ئاشت کردەوە، ئەو ژووری نووستنی هێنایە ناو تەلەڤزیۆنەوە، ئەو پرس و باسە تازەکانی ژیانی ئێستەی کۆمەڵگەی کوردیی کردە چیرۆکی درامی، ئەو ماڵباتی کوردی لە دراما عەرەبی و دۆبلاجکراوەکان دوورخستەوە، ئەو و ئەو....".

منیش هەرچەندە دەزانم کە لە ڕووی تەکنیک و گۆشەی کامێرا و ئەدای ئەکتەر و هێڵی درامی و زۆر شتی ترەوە، زنجیرەکانی حسێن میسری لەچاو تەنانەت زنجیرە میسرییەکانیشدا لەپاش بوون، بەڵام ئەوە بەلای منەوە گرینگە کە ئەو ئومێدێکی بەئایندەیەکی گەشی درامای کوردی لا دروست کردینەوە، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە خەڵکانێک دوای ئەو بڕیاریان دا کار لە زنجیرە درامای کوردیدا بکەن، یاخۆ لانی کەم کۆمەڵێ توانای هونەریی بواری نواندن هەبوون، حسێن میسری خستنیە گەڕ یان پاش دابڕان بەگەڕی خستنەوە، خۆ هیچ نەبێ میسری توانی قەناعەت بەو تەلەڤزیۆنانە بێنێ کە بەشێک لە بودجەکەیان بۆ زنجیرە دراما خەرج بکەن.

بەڵام هەنگاوێکی گەورە هەیە کە حسێن میسری هاویشتی و کەم کەس باسی دەکات ئەویش ئەوەیە کە میسری درامای کوردیی هێنایەوە نێو کوچە و کۆڵان و شەقامەکانی شارەوە، ئاخر پێشتر کامێرای درامای کوردی ئەگەر باسی ژیانی شاریشی بکردایە، بەفیعلی نەیدەوێرا لە ژووری ستۆدیۆ بێتە دەرێ، یاخۆ هەموو ڕووداوەکانی درامایان لە گوندێکدا دەبڕاندەوە، ئەوە حوسێن میسری بوو توانی بەوێنە و گرتە و چیرۆکەوە باس لە خەمەکانی کۆمەڵگەی شاری بکات.

---

# ژوورەکەی میسری

**مەسعودی مەلا هەمزە**

نازانم باسی کام ژوورت بکەم، ئەوەی درامای خاک، یان ئەو ژوورەی ڕۆحی پاکت لەناویدا دەرچوو، ئەو ژوورەی تا ئێستاشی لەگەڵدابێ کەس نەیکردۆتەوە باوەڕناکەم چیمەتی گوڵ تا ئەبەد بێلێ کەس ئەو ژوورە بکاتەوە.

دە هەڵسەوە و پێم بڵێ باسی کام ژوورت بۆ بکەم، ئەو ژوورەی یارۆت تێدا پەروەردە و گەورە کرد، یان ئەو ژوورەی کتێبخانە خنجیلانەکەتی لێ بوو..

نا. وابزانم باسی ژوورەکەی درامای خاکت بۆ بکەم دڵخۆش دەبی، میسری گیان تۆ ئەوەندەی لە ژوورەکەی درامای خاک بووی، ئەوەندە لە ژوورەکەی خۆت نەبووی لەماڵەوە لەگەڵ چیمەن، بەڵام لەوەشدا فەلسەفەی خۆت بەکارهێنابوو، ئاخر تۆ تابلۆیەکی دەستی چیمەنت هێنابوو لەپشتی سەری خۆت هەڵت واسیبوو، چونکە دەتزانی بۆنی چیمەن و عەشقی چیمەن و دەستە نەرم و نیانەکانی چیمەنی لێ دێ...

میسری گیان ئەزانی حەزناکەم بچمەوە ژوورەکەت لە درامای خاک، ئاخر خۆ من و تۆ بە دەیان جار لەو ژوورە دانیشتووین و بەدەم کێشانی جگەرەوە باسمان لە هونەر و ژیان و خۆشەویستی و بەردەوامی کردووە، بەڵام چی بکەم ئێستا ژوورەکەت بێ نازە و کەسێ نییە کۆمپیوتەرەکەت هەڵ بکا، لە هەمووی ناخۆشتر چیمەن بێ ناز کەوتووە، دەزانێ و نازانێ تۆ جێتهێشتووە و چیتر تابلۆ ڕەنگینەکانی بۆن ناکەی...

میسری گیان لەکوێی ئەوە چل ڕۆژە (ئەحە)*ی کوڕە گەورەت و مامە جەباری خەمخۆرت لەو ژوورەدا بێ تاقەت و غەمبار، دڵشکاو و چاوەڕوان دانیشتوون و چاوەڕێی هاتنەوەت دەکەن، دە پێم بڵێی کەی دێیەوە، تۆ وەرەوە ڕەزا و ڕەمەزانم بۆ تەواو مەکە، چونکە دەزانم تۆ ئێستا سیناریۆیەکی ترت نووسیوە و کۆمەڵە شیعرێکت کردووە بە دەقێکی شانۆیی و حەزدەکەی نمایشیان بکەی.

جوانەمەرگەکەم نازانم چ ناوێک لەو سیناریۆیەت دەنێی "مەرگ و غەم" یا "سەفەری جیهانەکەی تر" دە وەرەوە مۆژدەی کارە نوێکانی خۆتمان بەرێ، ئەوە ئەوڕۆ "کەرنەڤاڵی حوسێن میسری" سازدەکرێ و تۆ ئامادە نی، یارۆش چوست و چالاک چاوەڕێیە بێیتەوە بڵێ میسری بۆ دیار نەبووی ئەوە چەند ڕۆژە لەکوێی بیرت دەکەم...

میسری گیان بمبورە باسی چیمەنت بۆ ناکەم، چونکە دەزانم تۆ و چیمەن، دوو عاشق بوون مەگەر خۆتان بتوانن وەسفی یەک بکەن، ئاخر قوربان چی بنووسم، مەگەر نازانی ئەو ئەوجارەیان لە جیاتی تابلۆ قەسیدەی شیعری بۆت نووسیوە، دە وەرەوە قەسیدەکەی ئەویش وەکو قەسیدەکانی قوبادی جەلی زادە بکە دەقێکی شانۆیی و نمایشی بکە، ناویشی بنێ "ئەو قەسیدەیەی بۆ گەشتەکەم نووسراوە"....بەڵام بەخوا نازانم گەشتەکەت کاتییە، یان بۆ ئەبەد نایێتەوە، قوربانت بم میسری گیان نەکەی، چۆن دەتوانی ئەو هەموو خۆشەویستانەت جێ بهێڵی، خۆ دەزانم تۆ لەخۆشت یاخی بووی، بەڵام یاخییەکی خۆشەویست و داهێنەر و ئیشکەر و بێ دەنگ بووی، یاخییەک بووی مەگەر چیمەن و یارۆ بتوانن پێمان بڵێن چ جۆرە یاخییەک.



*** مەبەست لە "ئەحە" هونەرمەند ئەحمەد مەحمودە.**






























# میسری گیان زوو بوو

**حەمید بەدرخان**

ئەگەر مێژووی هەر پیاوێکی زاناو دانای ئەو گێتییە هەڵدەینەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ژیانی ڕۆژانەو تایبەتی خۆیان پڕییەتی لەچەندین نەهامەتی و شانازی و هەڵبەز و دابەز، هەندێکیان پێش مردنیان پێویستیان بە چەپڵەلێدان و پیاهەڵگوتن و یا فڕێدانی چەند قسەیەکی زل، نەبووەو نییە، هەندێکیش هیچیان لەباردا نەبووەو لەپاش مردن دەبن بەپاڵەوان، لینین گوتەنی: "ئەو پیاوە ئیسفنجییانە سوودیان بۆ کۆمەڵگا نییە" لە نێوان پیاهەڵگوتنی ڕاستەقینەو دەمامکار، تەنیا بەرهەم و پەیوەندییە ڕووناکبیرییەکان ڕۆڵی خۆیان دەبینن و ئەوانی دیکە دەچێتە نێو زبڵدانی مێژوو.

حوسێن میسری، هونەرمەندێکی گەورەو خاوەن کەسایەتی تایبەت بەخۆی بوو، ئەو خولیای کارو بەرهەمە ناوازەکانی بوو، ئەو میوانی هەمووماڵێکی کورد بوو، لەهەر کوێیەکی دنیادابێ، ئەو مێژووی کلتووری و جوگرافیای کوردستانی لە درماکانی دەخستە نێو سیناریۆکانی... ئەو عیشقی درامای گەڕاندەوە نێو ماڵی کوردی، ئەو لەپێش ڕاپەڕین لەبواری شانۆ، مامۆستاو شانۆکارو دەرهێنەربوو، ئەو دوای ڕاپەڕین لەدراما، دەرهێنەرو سیناریست و نووسەر بوو، کاتێ شانۆگەریی "هارون ئەلرەشید"ی لە ڕۆمانی نووسەری گەورە "محەمەد موکری" وەرگیرابوو، بە شارەکانی کوردستانی دەگێڕا، لەبەرامبەر بینەرو هەوادارانی شانۆو بە ستایل و تەکنیکێکی نوێوە لەسەر تەختەی شانۆ، شانۆگەرییەکەی وەکو دەرهێنەرێک نمایشکرد.

پاش سەرکەوتنی شانۆی"هارون ئەلرەشید" موکری ڕۆماننووس لەهەوڵ و خەمی ئەوەدابوو، کە چۆن کاستی شانۆکە بتوانن شانۆگەرییەکە لە یەکێ لەوڵاتانی ئەوروپا یا بەریتانیا نمایش بکەن. منیش پاش ڕاوێژکردن و قسەکردن لەگەڵ"حوسێن میسری و جەبار مەعروف"بەرنامەکە گەڵاڵەبوو، دەستکرا بە ڕۆتینی خۆئامادەکردن بۆ سەفەرەکە.. ئەو "میسری" چەندین جار بە تەلەفۆن بە لوتفەوە باسی لەو سەفەرە دەکرد و دەیگوت: لەتەک شانۆی"ڕۆمیۆ و جولێت" لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەبێ "هارون ئەلرەشید" پێشکەش بکرێ، ئەو "میسری" خەونی زۆربوو، خەونە وەنەوشەییەکانی هەرگیزاو هەرگیز بەلای مردن و سەکتەی دڵ نەدەچوو، ئەو بۆ نیشیتمان و خاک و نەتەوە دەژیا، ئەو دەستلەملانێی"هەولێرو کەرکووک و دهۆک و سلێمانی و دیاربەکر و قامشلی و مەهاباد"بوو، ئەو لەنێو نەتەوەکان و ئایینزاکانی دیکەدا کە لەکوردستان دەژین "مەسیحی، ئیسلام، ئێزیدی، کاکەیی، سائیبی، مەندائی" خۆشەویست بوو، بۆیە لە بەڕێکردنی تەرمی پیرۆزی ئەو پیاوە گەورەیە بەشداری بە خاکسپاردنی بوون.

میسری بەڵێن و بەڵێن، دەبێ ئەو هیواو ئاواتانەی هەتبوو سەبارەت بەکاستی تیپەکەت و بەتایبەتی کاستی شانۆگەریی "هارون ئەلرەشید" بێتە دی و لەحزووری بەڕێزیشتان شانۆگەرییەکە نمایش بکرێ، دەزانی بۆ؟ چونکە تۆ نەمری و بە زیندوویی دەمێنیتەوە.

میسری گیان: تۆ خۆت بۆ چلەی هونەرمەند "سەلاح داودە" ئامادەکردبوو، نەخوازەڵڵا بچیتە لای ئەو.

ئەی ئەوەنییە "چیمەن خان" دەرگای ژوورەکەت ناکاتەوەو دەڵێ: "ڕۆحی حوسێن" زیندووەو نابێ کەس ئەودەرگایە بکاتەوە. "یارۆ"ش هەر دەگەڕێ و دەگەڕێ تا بەدیدارت شاد دەبێتەوە، دەزانێ باوکی نەمردووە، چونکە "میسری" بە "چیمەن و یارۆ"ی دەگوت:"خوا منی خۆشدەوێ، خوا برامە، بۆیە نامرێنێ".

**بەدرخان - ژمارە ١١٩**

# چەند وشەیەکی چاو بەفرمێسک بۆ سنەوبەرەکەی کەرکووک

**یاسین قادر بەرزنجی**

حوسێن هاوڕێ خێر لە خۆ نەدیوەکەم..

لەوەتەی دیارنیت، یار و نەیار باست دەکەن، بە باڵای بەرهەمەکانتدا هەڵدەدەن، هەر هەموو ڕاستگۆیانە باسی بۆشاییەک دەکەن، کە مەرگی تۆ لە شانۆ و درامای کوردیدا درووستیکردووە، هەر بە هونەرمەندی ماندوونەناسی وەکو تۆش پڕدەکرێتەوە.

ئەگەر بۆ ئەم کورتە نووسینەم باسێک لەتۆی براو خۆشەویستم بکەم، دەبێ دووسێ ئاکارت بێنمەوە یاد، دووسێ خەسڵەت کە هەر لە مرۆڤی (میسری) ئاسادا دەبینرێت.

بەندە، بە درێژایی هاوڕێیەتی ناو کار و دەرەوەی هونەریش، دەمدی هەمیشە عەودالی پرۆژە بوویت، پرۆژەیەک هونەرمەندی بەهرەمەند تیایدا ئامادە بێ، پرۆژەیەک ببێتە پردی نێوان (ستاف) و جەماوەری بینەری وەرگر.

پاشان، بەحوکمی کارم لە سێ درامات و شانۆگەریی (گۆڕستانێکی بێگۆڕ)تدا، لام چەسپا کە (ئەبو عەلی) پیاوێکە لێوان لێو لە ڕەوشت، ڕەوشت لە ناو کاری هونەری و دەرەوەی کاریشدا، هەموو ئەکتەرەکان دەمانزانی چەندە ڕێز لە بەهرە و پیشەیان دەگریت، دەشمانزانی بەو هەموو ڕێزەوە، کە وەک هەندێ ( دەستکرد و درۆزنانە نەبوو) چەندە دەستپاک و دەمپاک و داوێنپاکی..

چەندە دەروێشانە ڕۆژت دەدایە دەم شەو و ئەمەکدارانە لە نیوەی شەودا ماڵئاواییت لە هاوکارانت دەکرد..

باوکی یارۆ، هاوڕێ لە یاد نەچووەکەم ..

هەزار ئەفسووس، بۆ یادگاری جێماوت، بۆ ئەو پەیوەندییە قووڵەی، کە هەڵوێستی جودا بەرامبەر هەندێ کار نەیانتوانی لاوازیان بکات، ئێمە کاریشمان پێکەوە نەبوایە هەر هاوڕێ بووین، لە دوا دیدارەکانی دوای (هارون)ەکەت سەرنجمان ئاڵوگۆڕ کردو خۆشەویستیت لە چاواندا دەبریسکایەوە..

دەبێ و ئەرکی سەر شانمە، جاری دی درێژتر و ئەمەکدارانە تر بۆ دەرهێنەرەکەی خۆم (کاکە حوسێن) بنووسم و بدوێم. خۆشم دەوێی ئەستێرە کشاوەکە، سنەوبەرە سەر و قژ ئاڵۆزکاوەکەی کەرکووک، هاوڕێ نزیک و دوورەکەم میسری گیان.

# چەند وشەیەک بۆ مەرگی حوسێن میسری



**ئەحمەد ئیبراهیم**

ئەو ڕستەیەی سەرەوەتان لا سەیر نەبێ، چونکە ئەمە وتەی دەرهێنەرێکی بەناوبانگی کوردە لە دیمانەیەکی تایبەتی بەدرخان گوتی: هەموو ئەو کارانەی لە ڕابردوو کردوومە لێی پەشیمانم، چونکە ئەم کارانەم ئەگەر لە ئێستادا بکردایە بێگومان گۆڕانکاری زۆرم تێیدا دەکردو بە کوالیتێکی تر کارم بۆیان دەکرد. زیاتر دەچوومە ناو ناخی بابەتەکان و گرنگیم پێدەدان، ئەو دەرهێنەرە"حوسێن میسری"بوو ئەو هونەرمەندەی هەردەم هەوڵی دەدا هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەیەک چاو سەیر بکرێ، کاری دەکرد بۆ نەهێشتنی پیاو سالاری لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری.

ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی بکەی ئەوا زۆر بە ئاسانی درک بەم کارەی دەکەی، لەدوای ئەوەی کە توانی سوود لە چەندین دەقی جیهانی ببینێ و کاری تێدا بکات، پاشانیش بیکاتە شانۆ بۆ گەلەکەی، ئەو هونەرمەندە لەدوای ئەوەی دەچێتە وڵاتی میسر و خۆشەویستی بۆ کارەکەی وایکرد لەم وڵاتە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کارە هونەرییەکان بەشداربێ چەندین شتی نوێ فێربێ و بێت لەناو میللەتەکەی خۆی کاری لەسەر بکات، لە دوای ئەوەی هەموومان لە چاوەڕوانی"ڕەزا و ڕەمەزان"بووین کەوا بڕیاربوو لە ماوەیەکی نزیکدا کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجام بدرێ، بەڵام چی لە قەدەر بکەین پێش وادەی کارکردن لە ڕەزاو ڕەمەزان هونەرمەند دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ و بەهۆی سەکتەی دڵ دواماڵئاوایی لە خانەوادە و هاوڕێیانی و بینەرانی درامای کوردی کرد.

کاتێک دوایین شانۆگەریی خۆی لە پایتەخت نمایشکرد، کە شانۆگەریی"هارون"بوو، جەماوەر و هونەردۆستان لە کاتی نمایشکردنی ئەم شانۆگەرییە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکرد، لەوکاتەی لە ڕۆژی دووەمی نمایشی شانۆگەری هارون مامۆستای گەورە"مەحمود زامدار" دەهێنێت بۆ سەر تەختەی شانۆ و دەڵێ: هەموو هونەرمەندان قەرزاری ئەم کەڵە پیاوەن، کە شوکر بۆ خوا ئەم پیاوە خەڵکی شاری هەولێری پایتەختە، یەکێکیشە لە مامۆستاکانی من، کە جورئەتی زۆری دا بەمن، ئەمەش وادەکات کە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو خۆی بە قەرزاری مامۆستا مەحمود زامدار بزانێ و هەموو هونەرمەندێکیش بە قەرزاری ئەوبزانێ، ئێمە وامان دەزانی لەمە بەدوا هەموو کارەکانی میسری لە شاری هەولێری پایتەخت و شاری هونەردۆست و هونەرمەندان نمایش دەکرێ، نەمانزانی هارون دوا وێستگەی هونەری هونەرمەندە، هەموو بە تاسەوە چاوەڕوانی کارێکی دیکەی میسری بووین، بەڵام سەد ئاخ مەرگ نەیهێشت میسری جارێکی تر بێتەوە باوەشی شاری هۆڵاکۆ بەزێن و لەلای خەڵک و هونەرمەندان پێشوازییەکی بێ وێنەی لێبکرێ.

بە کۆچی دوایی میسری دەرهێنەرێکی بەناوبانگ وخاوەن ئەزموونمان لەدەستدا، کە کارە جوانەکانی شاهێدی ڕاستی قسەکانمە، بۆیە دەڵێم: پاش میسری دەبێ کێ کاربکات بۆ ئەوەی گشت تاکێک لە کۆمەڵگای کوردی بەیەک چاو سەیربکرێت، کاربکات بۆ نەهێشتنی پیاو سالاری، کێ وەک ئەو بەپەرۆش بێ بۆ خەمی گەلەکەی، میسری ئەگەرچی بەخۆی ڕۆیشت و کۆچی کرد، بەڵام کارەکانی هەر دەمێنێ، کاتێک میسری توانی بەشی دراما لە تەلەڤزیۆنی خاک دابمەزرێنێ خۆشی وەک بەرپرسی ئەم بەشە کاری کرد، تاکو ئەو ڕۆژەی هەموو کارمەندانی خاکی بەجێهێشت، هەر خۆی وەک بەرپرسی ئەم بەشە مایەوە. هیوادارم ئەمە دوایین مەینەتی بێ بۆ کورد بەتایبەتی بواری هونەری، چونکە بۆ میسری گەلی کورد زۆر پێویست بوو، میسری دەیتوانی بچێتە نێو ناخی هەموو تاکێک، میسری بوو دەیتوانی واقیعی کۆمەڵگا لە ڕێگای کارەکانی ئێمە نیشانبدا، دەبێ ئەوەشمان لە یادبێ لە یادی ئەنفالی گەلی کورد ئەو دەچوو بۆ نمایشی شانۆگەریی لە نێو قوتابخانەو پۆلەکان و پاشانیش دابەشکردنی دیاری تایبەت بەو کەسانەی کە کەسوکاریان لەم کارەساتە بوونەتە قوربانی، دەیویست کەمێک لە ئێش و مەینەتی ئەم کەسانە کەم بکاتەوە، بۆیە دەڵێم هیوادارم هونەرمەندان کاربکەن بۆ ئەوەی شوێنی میسری پڕبکەنەوە و نەهێڵن شوێنی ئەم دەرهێنەر و ئەکتەرە بەناوبانگە بە چۆڵی بمێنێتەوە.







# وێستگەکانی ژیانی حوسێن میسری لە کەرکووکەوە بۆ گردی ئابڵاخ



حوسێن میسری لەکاتی لاوێتیدا

ئا: بەدرخان

## ژیاننامەی حوسێن میسری


ناوی تەواوی "حوسێن رەحیم محەمەدئەمین"ە.
لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی شوانی شاری کەرکووک لەدایک بووە.
لە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری موسڵ بۆ یەکەم جار وەکو کۆمبارسێک لە شانۆیی "من الڒی قتل الوحش" نووسینی عەلم سالم، دەرهێنانی عەدنان جویدجاتی.
لە ساڵی ١٩٧٤– ١٩٧٦ مودیل بوو لە بەشی شێوەکاری لە ئەکادیمیای بەغدا.
لە ساڵی ١٩٧٦– ١٩٧٨ وێڵ بووە بەدوای هونەر و بەو عەشقە چۆتە قاهیرە و لەوێ وەک کۆمبارسێک و کارمەندی دیکۆر لە چەندین بەرهەمدا بەشدار بووە.
لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردووە بە تیپی شانۆی ئەزموونگەی کەرکووک، هەر لەو تیپەدا دەستی بە ئەزموونی شانۆ کردووە و بەشداری چەند شانۆییەکی تری کردووە و بیروڕای پێشکەوتووانەی بە تیپەکە داوە.
لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری کەرکووک بەشداری کردووە لە شانۆیی "البیت الجدید" وەک ئەکتەر.
لە ساڵی ١٩٧٩ وەکو ئەکتەر بەشداری کردووە لە شانۆیی "باڵندە و ڕێوی" لە نووسینی ناتق خلوسی و دەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو جەعفەر موسا.
لە ساڵی ١٩٧٩ وەکو ئەکتەر بەشداری کردووە لە شانۆیی "الدراویش یبحپون عن الحقیقە" لە نووسینی مستەفا حەللاج و دەرهێنانی عەبدولرەزاق محەمەد عەزیز، کە ئەم شانۆگەرییە بە گەورەترین نمایش هەژمار کرا لەسەر ئاستی عێراق و لەو سەردەمدا دەیان وتاری لەسەر نووسرا.
لە ساڵی ١٩٧٩ وانەی هونەری بۆدی تەکنیکی وتۆتەوە لە تیپەکەیدا.
لە ساڵی ١٩٨٠ هەر لە شاری کەرکووک لە شانۆگەری "استعراچات تراپیە" وەک ئەکتەر، بەشداری کردووە.
لە ساڵی ١٩٨١ وەکو یاریدەدەری دەرهێنەر بەشداری کردووە لە شانۆیی "بەسەرهاتی دۆستی ئاژەڵ"، لە نووسینی برێخت و دەرهێنانی محەمەد عەزیز.
لە ساڵی ١٩٨١ وەکو ئەکتەر بەشداری کردووە لە شانۆیی "خۆشەویستی ئەبیکاب و مردنی"، کە لە کورتە چیرۆکی جەلال پۆڵاوە وەرگیراوە، دەرهێنانی عەبدولرەزاق محەمەد عەزیز، لە فێستیڤاڵی مونتەدای مەسرەح لە بەغدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری بەدەست هێناوە، هەروەها لەو سەردەمە ئەم شانۆییە بەسەرکەوتوویی سەرنجی هونەرمەندە گەورەکانی بەغدای راکێشا.
لە ساڵی ١٩٨١ بەشداری کردووە لە شانۆیی "لعبە السلگان و الوزیر" و رۆڵی ٣ ئەکتەری بینیوە.
لە ستۆدیۆی هونەرمەند کاری کردووە.
ئەندامی دامەزرێنەری تیپی شانۆی قەڵا بووە لە کەرکووک، هەرچەندە دوور بووە لە شارەکەی، بەڵام هەمیشە دەستی یارمەتی بۆ هەموو هونەرمەندانی دوای خۆی درێژکردووە، بە تایبەتی تیپی شانۆی قەڵا، کە ئەو تیپە تا ئێستاش بەردەوامە لە کارکردن و بەخشش. ئەمەش لە رێگەی هەردوو کەناڵی کوردسات و خاک بووە.
لە ساڵی ١٩٨٢ وەکو ئەکتەر بەشداری کردووە لە شانۆیی "بنادت الام جیرار"، لە نووسینی برێخت و دەرهێنانی عەبدولرەزاق محەمەد عەزیز.
لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری کردووە لە شانۆیی "بنادق لام" وەک ئەکتەر.
لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری کردووە لە شانۆیی "غابە یوتوبنا" وەک ئەکتەر.
لە ساڵی ١٩٨٣ بەشداری کردووە لە شانۆیی "حب ابی کاک و موتیە" و لو فێستیڤاڵی مونتەدای مەسرەح لە بەغدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری لەو شانۆگەرییەدا وەرگرتووە.
لە ساڵی ١٩٨٥ یەکەم کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەری "جپت علی الرصیف" کردووە.
هەروەها چەندین کۆڕی لە شارەکانی "بەغدا، بەسرە، کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، دهۆک" سەبارەت بە هونەری پانتۆمایم سازداوە.
پاشان چەند ساڵێک وەکو ئەندامێکی چالاک لە تیپی نواندنی سلێمانیدا کاری کردووە.
چوار خەڵاتی باشترین دەرهێنانی لە شانۆگەرییەکانی "دەروێشەکان بەدوای راستیدا وێڵن، مەرگی کورسییەک، چیرۆکی خۆشەویستی، دیفز. دیفز" وەرگرتووە.
ساڵی ١٩٨٦ کاری دەرهێنانی شانۆگەری "گوڵی بەهار هات" کردووە.
لە ساڵی ١٩٨٧ کاری دەرهێنانی بۆ شانۆی هەڵهاتنی مانگ کردووە.
لە ساڵی ١٩٨٨ شانۆگەری "ئەو پیاوەی خۆی بە بارمتە دانا"ی لە نواندن و دەرهێنانی خۆی نمایش کردووە.
لە ساڵی ١٩٨٩ وەکو ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەری "سێتای ئاسنین" کردووە.
لەساڵی ١٩٩٠ شانۆگەری نجینسکی لە نواندن و دەرهێنانی خۆی لە فێستیڤاڵی "منتدی المسرح" لە بەغدا کردووە و خەڵاتی رێزلێنانی وەرگرتووە.



حوسێن میسری لەگەڵ چیمەن خانی هاوسەری سەما دەکات

لە ساڵی ١٩٩١ شانۆگەری سەمایەکی بێ ناونیشانی نمایش کردووە لە نواندن و دەرهێنانی خۆی.
لە ساڵی ١٩٩٢ "کەرنەڤاڵی ئاشتی" لە ئەمنە سوورەکە پێشکەش کردووە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی خۆی.
لە ساڵی ١٩٩٢ کەرنەڤاڵی هەڵەبجەی لە ئامادەکردن و دەرهێنانی خۆی لەسەر شەقامەکانی مەولەوی تا سەرا نمایش کردووە.
لە ١ی ئایاری ١٩٩٢ تابلۆی رامانی نمایش کردووە.
لە ساڵی ١٩٩٢ وەکو ئەکتەر بەشداری لە فیلمی مەرگی ئەرخەوانی کردووە لە دەرهێنانی کامەران رەئووف.
لە ساڵی ١٩٩٣ وەکو ئەکتەر بەشداری کردووە لە فیلمی فرمێسکی رەش لە دەرهێنانی کامەران رەئووف.
لە ساڵی ١٩٩٣ کاری دەرهێنانی بۆ ساڵی دەروێشەکان بەدوای راستیدا وێڵن کردووە و لەیەکەم فێستیڤاڵی شانۆیی سلێمانیدا نمایش کراو خەڵاتی باشترین بەرهەمی پێ بەخشرا.
لە ساڵی ١٩٩٥ شانۆیی ساتێک بۆ شەڕ– ساتێکیش بۆ ئاشتی نمایش کردووە.
ئەو بەرهەمە درامییانەی کاری سیناریۆو دەرهێنانی بۆ کردووە بریتین لە: "خۆرنەوازان بەشی ١و٢، رەشەی پۆلیس، جومعە، حەسەنە فەنی، گوڵە بێ رۆژەکان، نیشتمان، خەمی چۆلەکەکان"
شانۆگەری گۆڕستانێکی بێ گۆڕ، کە لە قەسیدەیەکی قوبادی جەلی زادە وەرگیرابوو، نمایش کردووە.
کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەری "بێم لەوێیت، لەوێیت بێم" کردووە.
کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەری "تابلۆی سوێند" ئەنجامداوە کە بە بۆنەی کارەساتی "١ی شوبات" ئەنجامیدابوو.
کاری دەرهێنانی بۆ تابلۆی سروودی سەربەستی کردووە، کە بۆ ساڵرۆژی کۆچی دوایی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ٤/٨ نمایش کرا و ئێستاش ساڵانە لەو یادەدا ئەو شانۆگەرییە لە تەلەفزیۆنی خاک و کوردسات نمایش دەکرێ.
کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەری هارون کردووە، کە لە هارون ئەلرەشیدی محەمەد موکری وەرگیرابوو، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان نمایشکرا.
دوا کاری کە تەنها کاری نووسینی سیناریۆی تەواو کردبوو، زنجیرە درامای "رەزا و رەمەزان" بوو.
سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣١ هونەرمەند بە سەکتەی دڵ کۆچی دوایی کرد و لە گردی ئابڵاخی شاری سلێمانی بەرەو رووی شاری کەرکووک نێژراوە.

تێبینی:
ئەو زانیارییانەی سەرەوە بەشێکە لە کارو چالاکی و بەرهەمەکانی هونەرمەند ئەگینا هونەرمەند خۆی چەندان کاری دیکەی داهێنەرانەی پێشکەش کردووە.



میسری هەردەم هیوای ئایندەبوو

## شیوەنێک بۆ حوسەین

ئیتر تۆ نابینمەوە هاوڕێ
ئیتر لەسەر شۆستەکەی
پەروەردەو بەردەم بەرەی
کوردستانی ناخەوین
ئای لەو رۆژە خۆشانەی
راپەڕین وتتان ئیتر شەڕ
ناکەین
ئیتر پەڕۆ و فیشەک ئاودیو
ئەکەین، تەواو شەڕ تەواو
ئێستا رۆژگارێکە، کاکە
حوسەین دەنگ ئەیەین بە
هۆڕن نەک بە مۆسیقا،
رۆژگارێکە هاتینەوە سەر
شەڕەپەڕۆ
دڵم تەنگە حوسەین گیان،
هیچ کاتێک وەستا جومعە
کچەکەی نادا بە شاگردەکەی
بۆیە گوڵێک لە باخەکەیان
ناڕوێ
تۆ ئەڕۆیت بۆ ئەوەی
ماڵەکان پڕکەیت لە
فرمێسک و تەنیایی
خەونێک بۆمن ناهێڵیتەوە..
بۆ کوێ رۆشتی؟
بۆلای دیڤز، هارون
بۆ لای حەسەنەفەنی، یان
دادە ناهی
حەزدەکەم لەگەڵ تۆبم
هاوڕێ
بە هۆڕن و پەڕۆ کوێریان
کردم
حەزدەکەم جومعە نوێژێک
پێکەوە بکەین، بۆ ئەوەی
لەسەر شەقامەکان خوێن
نەڕژێ
ئاخ کاکە گیان زۆر زوو بوو
زوو
کەرکووک پانتۆمایمێکی ئاڵ
و واڵا بوو لەدڵتا
کفریش، دوزیش
دەنگمان بۆ هونەردا نەک
بۆ پەڕۆ
ئێستا وڵاتی بەفر و تفەنگ،
پەڕۆ ئەمکوژێ..
هۆڕن کاسم ئەکاو
بە نائومێدییەوە لە باخی
گشتی جگەرە ئەکێشم
تۆ باخەکە ئاودەدەیت و
چیمەن لەوێ نییە
یارۆش نوستووە، فریشتانە
نوستووە
ئاخ کوڕە رەنجدەرەکەی
کانی ئاسکان
ئیتر جارێکی تر من نابمەوە
بە عومەر فلاش
ئیتر شەو بۆ دیمەنێک
پێکێکم بۆ ئامادە ناکەی بۆ
دەورەکەم
ئیتر پێکەوە پیاسەیەکی
قەڵاو منارە ناکەین
ئاخ. رەزاو رەمەزانت نەکرد
زۆر زوو بوو هاوڕێ.
تۆ ئەڕۆیت و کەسێک وەڵامی
سڵاوە پڕ نائومێدییەکەت
تێنەگەیشت
ماڵئاوا خەون و خەمی
چۆلەکەکان
ماڵئاوا خەوی ئازادی و
منداڵە پرتەقاڵییەکانی
کوردستان
ماڵئاوا...

**حەمە عەلی خان- سلێمانی**

# هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud_ibrahim_ar@yahoo.com
ژمارە ٣٢ - ١٢١ - چوارشەممە ٢٠٠٩/٧/٨ی زایینی


## پرۆفیشناڵ

## گۆرانییەکەی تۆ بۆ کام لیستە؟

لەم سەروبەندی هەڵبژاردنەدا پیاو سەری لێ تێکچووە نازانێ چ بکا، گوێ لەچی بگرێ، تەماشای چی بکا، کام لافیتە و پۆستەر بخوێنێتەوە، لەبەرئەوەی وەکو مافێکی یاسایی خۆیان هەموو لیستەکان بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

لەو هەڵبژاردنەدا جیا لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبینین لیستەکان هانایان بۆ هونەرمەندان بردووە و دەیانەوێ پەیامەکەی خۆیان لەرێگای هونەرەوە بە خەڵک بگەیەنن، ئەوەی لەم گۆرانی گوتنەدا پشکی شێری بەرکەوتووە لیستی کوردستانییە، دیارە ئەوەش لای ئەو گۆرانیبێژانەی بەرهەمەکانیان تۆمار کردووە ئەوە دەسەلمێنێ کە حکومەتی رابردوو وێرای کەمتەرخەمییەکان بەڵام بە شێوەیەکیش لە شێوەکان خزمەتی چینی هونەرمەندانی کردووە، جیا لە لیستی کوردستانیش هەندێ لیستی دیکەش چەندین گۆرانیان بۆ تۆمارکراوە.



مەسعودی مەلا هەمزە

ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکرێ هەڵوێستی ئەو هونەرمەندانەیە لە بەرامبەر گوتنی ئەو گۆرانییانە، ئاشکرایە زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی گۆرانی دەڵێن بۆ بانگەشە بۆ لیستەکان بریتین لە هونەرمەندی دیار و بەرچاوی پارچەکانی کوردستان، دیاریشە هەریەک لەو هونەرمەندانە بە ئامانجێک گۆرانییەکەی گوتووە، تەنها هەندێک لەوانە نەبێ کە ناویان لەخۆ ناوە هونەرمەند، ئەگینا هونەرمەند نین، بۆ نموونە کابرا خۆی لە لیستێکە و بەسەر لیستێکی دیکەدا هەڵدەڵێ، بانێکە و دوو هەوایە یان پارە لەکوێ بێ هونەری ئەوان لەوێ دایە.

ئەوەشی گرنگە و لە لێدوانی زۆربەی هونەرمەندەکان بەدەر دەکەوێ ئەوەیە گۆرانیبێژەکان بێ بەرامبەر ئەو کارەیان کردووە و کەس پێی نەگوتوون، ئەوەش دڵسۆزی ئەو هونەرمەندانە دەسەلمێنێ جا بۆ هەر لایەنێک بێ، خۆ لەوانەشە دوای بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکە ئەو هونەرمەندانە لە لایەن لیستی گۆرانی بۆ گووتراوەوە پاداشت بکرێن، کە ئەوە هەقێکی خۆیانە و ناکرێ کەمتەرخەمی لێ بکرێ.

لە لایەکی دیکەوە هەندێک هونەرمەندی گۆرانیبێژ هەن بە هەموو شێوەیەک ئەو جۆرە گۆرانی گوتنانە رەت دەکەنەوە و پێیانوایە ئەوە تێکەڵکردنی سیاسەتە بە هونەر، بە بروای من قسەکەی ئەوانیش لە لایەک لەجێی خۆیەتی، لەبەرئەوەی بۆچی دەسەڵاتی کوردی جگە لە کاتی هەڵبژاردن لە کاتەکانی دیکە چینی هونەرمەندانی بیر نییە و لە ماوەی چوار ساڵی پەرلەمانی رابردوو نەتوانرا یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان بخرێتە بواری جێبەجێ کردن، چونکە هەموومان دەزانین لەم وڵاتەدا ئەو چینەی زۆرترین مافیان دەخوورێ، بریتین لەچینی هونەرمەندان، هەرئەوەشە وایکردووە چەند هونەرمەندێک لە بەرامبەر ئەنجامدانی کۆنسێرتێک بۆ لیستێکی دیاریکراو پارەیەکی زۆر و خەیاڵی رەت بکەنەوە.

سەیریشە ئێمە نازانین تا رۆژی کۆتایی بانگەشەی هەڵبژاردن چ هونەرمەندێکی تر گۆرانی تۆمار دەکا، هەر ئەوە نەبێ ئەگەر زانیمان وا گۆرانییەکەی تۆمار دەکا لێی بپرسین، ئەرێ برادەر گۆرانییەکی تۆ بۆ کام لیستە؟

# حەمە عەلی خان: باوەڕناکەم هیچ درامایەک بەقەد گەردەلوول شتی لەسەر نووسرابێ



حەمە عەلی خان

**هونەرمەندی شانۆکار و سینەماکاری ناسراوی کورد حەمە عەلی خان لە دیدارێکی بەدرخان باس لە ئەزموونی خۆی لە بواری شانۆ و دراما و سینەما دەکا، هونەرمەند لە ٢٠٠٩/٣/١٦ بە بۆنەی ساڵیادی کیمیارانی هەڵەبجە بەشداری لە شانۆگەری "نێرگز و مەرگی هەڵەبجە" کرد و هەر لەو رۆژەش لە شاری سلێمانی نمایش کرا، سەبارەت بە بەرهەمەکانی دواندمان..**

## ئا: هونەری بەدرخان

*** وەکو بەشداربوویەک ئاستی "نێرگز و مەرگی هەڵەبجە"ت چۆن بینی؟**

– من بە خۆشەویستییەوە دەیڵێم، ئەگەر یادی هەڵەبجە نەبووایە و دوو یا سێ مانگی دیکە ئەو کارە بکرابایە، ئەم شانۆگەرییە هەندێک شت لەدەست دەدات، بەڵام لەبەرئەوەی بۆ یادی هەڵەبجەیە خەڵک دێ، ئەگینا ئەم جۆرە شانۆگەرییانە هی ساڵی هەشتاکانە، کە ئێمە شانۆی بەرگریمان هەبوو، ئەم شانۆیەش لەپێشەوەی ریزبەندی شانۆکانی تر بوو، بەڵام دوای ٢٠–٢٥ ساڵ وردە وردە شانۆی کوردی پێشکەوت و شۆڕشی کورد پێشکەوتوو حکومەت دروست بوو، ئەم جۆرە شانۆگەرییانە بۆ ئەم نەوەیەی ئێستا تۆزێک زەحمەتە، لەگەڵ ئەوەی دەستخۆشی لەکاک قادر دەکەم، کە رۆژێکی باشی هەڵبژارد بۆ نمایشکردنی ئەم شانۆگەرییە، بەڵام بەگشتی ئەم جۆرە شانۆگەرییانە تام و بۆی خۆیان هەیە، من کە رۆڵم لەو شانۆگەرییە دەبینی ساڵی هەشتاکانم بیر دەکەوتەوە، کە لەمجۆرە شانۆگەرییانە دەرگای هۆڵەکان دەشکا، چونکە ئەوکات خەڵک تینووی سەربەستی و ئازادی بوو، بەڵام ئێستا تیراز و شێوەی ئەم جۆرە شانۆگەرییانە نەماوە، پێشم باشە جار جارە بمێنێ، لەبەرئەوەی ئەگەر لە بۆنەکانیش بێ مەسەلەی هەڵەبجە قەزیەیە، مەسەلەی ئازادی قەزیەیە، ئێمە تا ئێستا ئازادی تەواومان وەرنەگرتووە، بۆیە زۆر ئاساییە ئەم جۆرە شانۆگەرییە لە بۆنەکان و ماوە ماوە پێشکەش بکرێ، بۆ ئەوەی ئەم نەوە تازەیەش بزانێ کە ساڵی حەفتا و هەشتاکان ئێمە لەچ میحنەت و کارەسات و مەئساتێک بووین.

*** وەک ئەکتەرێک بەگشتی ئەمڕۆی شانۆی کوردی چۆن دەبینی؟**

– زۆرجار دەڵێن شانۆ لەقەیراندایە، بەڵام شوکر بۆ خوا ئەوە تیپەکان و هونەرمەندان ئیش دەکەن، یانی قەیران نییە، مادام هونەرمەندان ئیش دەکەن، ئیتر قەیران لەکوێدایە، ئێستا ئەوە ئێمە شانۆگەریمان هەیە، کاک ئەحمەد سالار شانۆگەرییەکی هەیە، بەکر رەشید شانۆگەرییەکی تری ئامادەیە، کامەران سوبحان شانۆگەرییەکی هەیە، مانای وایە هونەرمەندان ئیش دەکەن و قەیرانیش نییە، بەڵام کە خەڵک نایێ نازانم پێم سەیرە؟

*** بەڵام تۆ پێتوایە تەنها نمایشکردنی شانۆ بەس بێ بۆ ئەوەی بڵێین قەیران نییە، یان دەبێ شانۆگەری داهێنانی تیابێ و لەگەڵ ئەمڕۆ بگونجێ؟**

– وایە، بەڵام سەیرکە ئەوانەی ئیش دەکەن "مامۆستا ئەحمەد سالار و ئەرسەلان دەروێش و بەکر رەشید و کامەران سوبحان"، ئەوانە هەموویان کادیری پێشکەوتووی ئەمڕۆ و دوێنێی شانۆی کوردی بوون، بۆیە من ناڵێم زۆربێ و بۆر بێ، بەڵام ئەو شانۆگەرییانەی تا ئێستا پێشکەشکراوە و خەریکین، هەموویان شانۆگەری باشن، بۆیە واهەستدەکەم هونەرمەندان شانۆیان لەبیر نەکردووە، رەنگە جەماوەر شانۆی لەبیر کردبێ.

*** پێتوانییە بۆ لایەنی بینەر پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا زۆر کاریگەری هەبێ؟**

– حەتمەن، ئەو شتانە زۆر کاریگەری هەیە، کابرا ئێستا کۆنترۆلێکی پێیە و لە مەترێکی چوار گۆشەدا دەتوانێ پەیوەندی بکا بە هەموو دنیاوە، چ مەجبوورە بێ دوو سەعات بەدیار شانۆیەک دانیشێ، بەڵام تا ئێستاش نائومێد نیم، بەوەی کە شانۆی کوردی هەر جەماوەری خۆی هەیە.

*** بەر لەوەی بەشداری لە فیلمی سینەمایی بۆنی سێو بکەی، داوات لێکرا لە "کەواتا چاوەڕێ بە"ی جوان بامەڕنی بەشداربی، بەڵام بۆنی سێوت هەڵبژارد، لە کاتێکدا ئەزموونی گردی پیرۆزت لەگەڵ جوان بامەڕنی هەبوو، ئەوە بۆ؟**

– گردی پیرۆز دەچێتە خانەی ڤیدیۆوە، ناچێتە خانەی سینەما، من لەگەڵ ریڤینیش ئەزموونێکی تری سینەماییم هەبوو، ئەزموونێکم هەیە بەناوی "رۆژانی زەرد" لە تورکیا لە دێیەک بەناوی "قۆچ عەلی" سەر بە ناحیەی ئەدیامان ریڤین عەساف فیلمی رۆژانی زەردی کرد، تەنیا کەسی سلێمانی کە بەشداری کردبێ من بووم، شەماڵی عەبەرەش لە هۆڵەنداوە هاتبوو، بەکر مەعروف لە هەولێرەوە، ئەوانی تریش خەڵکی باکووری کوردستان بەشداریان تیاکرد، من ئەو تاقیکردنەوەی ریڤینم بەرز نرخاند، لەبەرئەوەی من ئێستا قەناعەت و بیرکردنەوەم وایە، کە ئیتر بەسە ئیشکردن بۆ ناوخۆ، با دەنگی قەزیە و سینەما و رووداوەکانی مرۆڤی کورد کە هەمووی بەدبەختی و کیمیایی و قەسفکردن و کوشتن و برین و جینۆساید و ئەوانەیە، پێویستە ئێمە پردێک دروست بکەین ئەم شتانە بگەیەنین بە دەرەوە و بڵێین ئێمە ئاوامان لێهاتووە، بۆیە تا ئێستا نە خاوەنی دەوڵەتین، نە خاوەنی پشتیوانین لە دەرەوە، سینەما پشتیوانی بۆ گەلی کورد دروست دەکا، بۆیە ئەوەی ریڤین کە چووە دەرەوە پێم باش بوو، دوایی من لەگەڵ جوانا بەینم هەبوو، بەڵام جوان زۆر دواکەوت، ریڤینیش یەک مانگی هەبوو، وتی لەگەڵما بەشداری دەکەی؟ گوتم: بەڵێ، رۆژی پێنجەم و شەشەمی ئیشکردنم لەگەڵ ریڤین جوان تەلەفۆنی کرد، گوتم جوان لەگەڵ ریڤین ئیش دەکەم پێم ناکرێ، بەراستیش من لەگەڵ جوانا دەزانم چۆن ئیش دەکا، ئەو زیاتر لە فیلمی ئەکشن ئیش دەکا، من حەزم لێ بوو فیلمێکی ئینسانی هەڵبژێرم بۆ یاد و شەهید و کەسوکارانی شەهیدانی هەڵەبجە، بۆیە ئیتر بەشداریم لەگەڵ جوان نەکرد، بەڵام دوای بۆنی سێو لە ئەستەنبوڵ لەگەڵ کچە هونەرمەندی تورک "ئایتەر دامگەچی" پەیوەندیم هەبوو، لەبەرئەوەی ئەو کوردی نازانێ، منیش تورکی نازانم، بە ئینگلیزی تەلەفۆن لەنێوانمان هەبوو، ئەویش لەفیلمی رۆژانی زەرد بەشداری کردبوو، ئیتر بیرمان لەوە کردەوە فیلمێکی کوردی بەرهەمهێنانی تورکی دروست بکەین بەزمانی ئینگلیزی، بۆیە ئەو فیلمە پێی چووم بۆ میهرەجانی ئەستەنبوڵ، دوایی وەزیری رۆشنبیری بۆسنا داوەتی کردین لە میهرەجانی سەرایڤۆ، دوایی حاکمی دوبەی ڤیزەی بۆ ناردین، کە بچین بەشداری فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی دوبەی بکەین.

*** ئەوەندەی ئاگادارم لە دوبەی کۆمەڵێک کۆنتاکت کردووە، کە بەنیازی ئەنجامدانی کۆمەڵێک کاری هونەری، دەکرێ باس لەو کۆنتاکتانە بکەی؟**

– کۆنتاکتەکان ئەوەبوو من "دانی گلۆڤەر"م بینی، وێنەمان گرت، بەڵام بەداخەوە ئەو کاتی زۆر کەم بوو، خۆت دەزانی ئەو ئەکتەرە ئەمریکییانە بێ کاتن، بەڵام من ئەوەندەم پێگوت من لە کوردستانەوە هاتووم و حەزدەکەم رۆژێک لە رۆژان پەیوەندی بکەین، ئەو وتی ئەگەر هاتی بۆ ئەمریکا قسە دەکەین، وتم ئەگەر تۆش هاتی بۆ کوردستان من دەبینی، "لولوڤ"م دی کە ئەکتەرێکی گەورەیە لە رەش و سپییەوە لە سەردەمی عەبدولحەلیمەوە ئیش دەکا، قسەمان کرد، ئەو کۆنتاکتانەش ناکرێ لەدوبەی بێ، دەکرێ ئەگەر من بچم بۆ ئەمریکا یان قاهیرە، ئەڵبەتە "رجاء جەداوی"شم بینی و وێنەکانیشم هەیە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو پرۆژەی "مارلۆن براندۆ" من و ئایتەر دامگەچی وەکو فکرە باسمانکرد و دەرهێنەری کوردی خەڵکی ماڵاتیای حوسێن کاراڤای ئەو هەڵسا بە دەرهێنان و وێنەگرتنی کارەکە، بەڕاستی فیلمێکی جوان بوو کە کچێکی تورک حەز لە پێشمەرگەیەکی خەڵکی سلێمانی بکا، ئەوەبوو لە میدیاکانیش دەنگی دایەوە، لە سویسرا، تورکیا ٤٠٠ هەزار یۆرۆی دا، کە ئەو فیلمە نمایش نەکرێ، بەڵام دوایی هەر نمایش کرا.

*** لە کاتێکدا دەڵێی پێویستە هەوڵدەین لەرێگای سینەما کورد بە جیهان بناسێنین، کەوایە قسەت لەسەر ئەمڕۆی سینەمای کوردی چییە؟**

– من دەڵێم سینەمای کوردی لێرەو لەوێ هەیە، یانی ناتوانم بڵێم سینەمای کوردی هەیە وەک چۆن سینەمای ئێرانی هەیە، بۆیە دەڵێم سینەمای کوردی لێرەو لەوێ هەیە، یانی کەسێک هەوڵێک دەدا، ئێستا من خۆم سێیەم فیلمم تەواو کردووە ئەوە خەریکی چوارەم کاری خۆمم، چونکە دوای ئەوە خەریکی فیلمی "هیئە" دەبم، فیلمێکە کە ئیشکردنە لەسەر ئازار و ئەشکەنجەی مرۆڤی کورد.

*** فیلمەکە بە زمانی عەرەبییە؟**

– نەخێر "هەیئە" قەسابخانەکەی کەرکووکە، کە هەزاران گەنجی کوردی تیا ئەشکەنجە دراو بە هەزارانیشی تیا ئیعدام و شەهید کرا، رۆمانەکە هی بەرێز سەلام عەبدوڵڵایە، جووتیار ناشاد کاری ئەدەبی و سیناریۆیی بۆ کردووە، خۆم کاری تەنفیزی سیناریۆ و دەرهێنانی بۆ دەکەم، جا بەڕاستی ئەم هەوڵانە لێرەو لەوێ، بۆ نموونە لە ئێران ئەوە بەهمەن و جەمیلی رۆستەمی و مەهدی ئومێد و رەحیمی زەبیحی ئیش دەکەن، جوان بامەڕنی دەیەوێ ئیش بکا بەڵام بەداخەوە جوان گرفت و کێشەی زۆرە.

*** پێتوایە ئەو کێشانە هی خۆیەتی یا بۆی دروست دەکرێ؟**

– خۆی جوان دەیەوێ بە رەهایی ئیش بکا و هەموو شتەکان بە زیادە سەرف کردنەوە بێ، بەڵام ناکرێ، تۆ سەیری شەوکەت ئەمین بکە، بە "٣٠٠–٤٠٠" ملیۆن فیلمێکی کردووە چۆتە یابان، ئیسپانیا، یانی مەرج نییە سینەما ئەو بودجە مەلایین مەلاینەی بۆ سەرف بکرێ، بۆ ئەوەی بگەیەتە ئەنجام، جاری وا هەیە مرۆڤ ئەگەر دەستیشی کورت بێ خەڵک هەیە یارمەتی بدا، من لە فیلمی ئەنفالدا زیاد لە "٤٠٠–٥٠٠" کەس لە خەڵکی گەرمیان بەخۆیان و ئۆتۆمبێل و تراکتۆرەوە هاتن گوتیان هاوکاریت دەکەین، لەبەرئەوەی پارەکەم کەم بوو، ٢٥ هەزار دیناری ئەوکات بوو، بۆیە من دەڵێم نە پارەی زۆر سینەما بەرەو پێشەوە دەبا، نە پارەی کەمیش، بەڵام ئەوەی کە بۆت دیاری دەکرێ هەقە بەقەد ئەوە ئیش بکەیت، هەق نییە لەوە زیاتر ئیش بکەی، بۆ نموونە زۆر کەس دەیانگوت جوان کە ئۆتۆمبێلێکی کڕیوە و خانوویێکی بەکرێ گرتووە هەڵەیە، خۆ راستە ئەمە کارێکی سینەماییە لە سینەمادا راستە، بەڵام ئەگەر بودجەکەت بەشی نەکرد، دەبێتە غەڵەت، بۆیە دەبێ بەقەد بودجەکەت حیسابات بکەی، بۆیە جوان لەپڕ پارەی نەدەما، ئیدی فیلمەکەی دەوەستا، ئەمەش خەتای جوانە و خەتای جوانیش نییە، خەتای جوانە لەبەرئەوەی کە دەبێ حیسابی بەرنامە و بەڕەکەی خۆی بزانێ، دوو نابێ موسریف بی، نابێ من ٤٠٠ هەزارم بۆ سەرف دەکەن، بەڵام من ٦٠٠ هەزار سەرف بکەم، چونکە حکومەت شکم لێ دەکا و سبەینێ نامداتێ، دەڵێ تۆ بودجەت ئەوەندەیە و تەواو، بۆیە من دەڵێم سینەمای کوردی ئەوە "جوان بامەڕنی، مەهدی ئومێد، شەوکەت ئەمین" ئیش دەکەن، رەنگە لەمەودوا حەسەن عەلی ئیش بکات، من بەنیازم ئیش بکەم، دەیان گەنجمان هەیە "هونەر سەلیم و چەندانی تر لە ئەوروپان، یانی زۆر خەڵک هەن لەو بوارە ئیش دەکەن، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانمان پەرتە، یانی من چووم لە ئەستەمبۆڵ کۆمپانیایەکم دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی "مارلۆن براندۆک"م بۆ بکا، لەبەرئەوەی ئێمە کۆمپانیامان نییە، کۆمپانیای سۆلی فیلممان هەیە، بەڵام بەڕاستی ئەو ئیشە زۆرتری دەویست لەوەی کە ئەوان دایاننناوە، بۆیە من چوومەتە ئەستەمبۆڵ دەرهێنەر و کامێرامان و ئەکتەرم هێناوە، کە "ئایتە دامگەچی" خۆی تورکە لە فیلمەکە بە ئینگلیزی قسە دەکا، من کوردێکی پێشمەرگەی خەڵکی سلێمانیم و هونەرمەندم لەرێگای هونەرەوە یەکتری دەناسن، ئەم فیلمەش پانتاییەکی زۆر گەورە لە زۆر شوێن داگیر دەکا، لەبەرئەوەی یەکەم کورد و تورک چۆن دەتوانن پێکەوە بژین، کاتێک دەتوانن پێکەوە بژین کە یەکتریان خۆش بوێ، ناکرێ من دوژمنکاری تورک بکەم و ئەویش هی من، ئێمە دەبێ بە خۆشەویستی بگەینە ئاشتی، ئەمە نامەی ئەم فیلمەیە، ئەم نامەیەش نامەیەکی سیاسی و گرنگە، بۆیە گرنگە ئەم جۆرە فیلمانە بکرێ.

*** یانی وەکو تۆ کە دایکیشت لە رۆڵی ملازم موحسیندا رقی لێت بوو؟**

– راستە، من بەدەیان جار هەتا لەسەر شەقام ژنێک هات پێشبینیم کرد تەسەروفی ناشیرینم لەگەڵ بکا، گوتم ئێستا بەردێکم پیانەکێشێ، کە هات گوتی ملازم موحسین، ئەوەی راستی بێ کە وایگوت حەزەری خۆم وەرگرت گوتم نەکا نەعلێکم پیا بکێشێ، کەچی گوتی حەمەعەلی ئەمشەو دوعام زۆر لێکردووی، گەردنم ئازاکە، گوتم مادام وایە من کاراکتەرەکەم گەیاندووە، خۆشی ئەکتەری سەرکەوتوو کە کاراکتەرەکەی بە باشی دەگەیەنێ یا خەڵک خۆشی دەوێ یا رقی لێدەبێتەوە، ئەگەر لە رۆڵی کابرایەکی وەکو ملازم موحسین بێ، کە دەستی بەخوێنی هەموو گەنجێکی کورد سوور بووە، رق دروست دەکا، بەڵام ئەگەر کەسێکی وەکو عومەر فلاش ببینن ئەوە هەموو خەڵک بەزەییان پێ دێتەوە و خۆشیان دەوێ، من لە گردی پیرۆزدا رۆڵی پێشمەرگەم هەبوو، بەڵام لە خوولەپیزە جاش بووم، لە خولەپیزە هەزاران جوێنم بۆ هاتووە، بەڵام لە گردی پیرۆز پێشمەرگەیەکی یەکجار دڵسۆز و بەوەفا بۆ خاک و نیشتمان، تەنانەت ئامادەیە پێش شەڕ بە هێمنترین شێوە موسەیترە، کە دەبێ بەشەڕ دەبێتە کڵپەیەک ئاگر.

*** وێڕای بەشداربوونت لە گەردەلوول چ رەخنە و قسەیەکت لەسەر گەردەلوول هەبوو؟**

– دەتوانین ناو لە گەردەلوول بنێین درامایەکی جەماوەری، هەڵەی تیابوو، زۆرجار کاتەکانی پێشخستووە، رووداوەکان ئەو واقیعیەتە نەبوونە، کە هەبووە، بەڵام کە کاک جەلیل دەڵێ من هونەر دەکەم، بۆ نموونە ئەگەر گەردەلوول بیکەیە ئینگلیزی و بیبەیە ئەوروپا کەس جیاوازی پێ ناکا، بۆیە مەرج نییە تۆ واقیع هەروەکو واقیع بکەی، دەتوانی جوانکاری و ستاتیکای تیابکەی، هەندێ کەس هەبوون رەخنەیان هەبوو لەسەر کۆمەڵێک مەشهەد کە زیادە بوو، ئەوە رای خۆیانە، بەڵام من دەڵێم کاری هونەرمەند ئەو کارەیە، کە بتوانێ جەماوەرێکی باش لەخۆی کۆبکاتەوە، جەماوەری زۆریش مەرج نییە، جەماوەری باش گرنگە، یانی ئەوەندەی لەسەر گەردەلوول قسەکراوە، باوەڕ ناکەم لەسەر هیچ درامایەکی دیکە ئەوەندە قسەکرابێ، بۆیە هەستدەکەی ئەمە جەماوەرێکی باشە.

*** رات لەسەر بەدرخان..**

– هەڵبەتە زۆر دەمێکە دەمگوت بەدرخان هەفتەنامەیەکی قنجە، زۆر بەهێواشی و خشکەیی خۆی خستە ناو راگەیاندنی کوردییەوە، بەڵام ئێستا لەناو رۆژنامەگەری کوردی شوێنێکی زۆر باشی داگیر کردووە، بەڕاستی کاک حەمید ئەبوبەکر رۆژنامەوانێکی زۆرباش و سەرکەوتووە و پێشبینی دەکەم بەدرخان دەست و پەنجەی ئەوە ئاوا فراوان و جوانی کردووە.

کەلچەری بەدرخان
Bedirxan
بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2000@yahoo.com
ستاف: سەعدوللا نووری، جەوهەر شێخانی
بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان: د.هیمداد حوسێن
ژمارە ٥٣ - ١٢١، چوارشەممە ٢٠٠٩/٧/٨ی زایینی

# کوشتنی ژینگە لە رۆژهەڵاتدا



د. ئازاد حەمە شەریف

لەبەرئەوەی ژیانی ئەم سەرزەمینە لەلای مرۆڤی رۆژهەڵاتی شتێکی بێ بەهایە، مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەموو حەز و ئارەزووە تێرنەکراوەکانی خۆی بۆ جیهانی دوای مردن دەنێرێت و لەوێدا تێریان دەکات. بۆیەش هیچ گرنگیەکی ئەوتۆ بە ژینگەکەی نادات و ژیانی ئەم سەرزەمینە بلەلای ئەو لە خەونێکی ناخۆشی مۆتەکەیی پتر نییە. جا بۆیە لە جیاتی جوانکردن و خۆشکردنی ئەم ژیانە و ئەو ژینگەیەی کە دەوروبەری ئەم ژیانەی ئەوی تەنیووە، هەتا پێی کراوە ناشیرین و قێزەوەنی کردووە و لە جوانی و ناسکی کەم کردۆتەوە. بەم بێ بەهاکردنەی ژینگەش، ئەو سەرەنجام بەهای خۆی وەک مرۆڤ و ژیانی خۆی بێ بەها و بێ مانا کردووە.

ئەمەش هەر لەخۆوە نەهاتووە چونکە بە تێروانینی ئەو لە دونیای پاشمەرگدا هەرچی ئەو بیەوێت و دڵی بیخوازێت بەبێ خۆماندووکردن دێتە بەردەستی و بەبڕوای ساویلکانەی خۆی لەوێدا پەری و حۆری ناسک و نازدار و کۆشکی جوان و دڵرفێن و خواردنی خۆش و بەتام چاوەڕێ ی دەکەن . هەر ئەم بڕوا کورتبینانەشە، ژیانی ئەم سەرزەمینە بە شتێکی پووچ و کەم بایەخ و پیس ببینێت کە شایەنی ئەوە نی یە لەپێناویدا خۆی هیلاک بکات و رەنجی بۆ بدات. بێگومان ئەم جۆرە تێگەیشتنە وای لەو مرۆڤانە کردووە روانینێکی نێگەتیڤانە و دژواریان بەرامبەر بە ژینگەکەیان هەبێت .

جا ئەگەر بەوردی سەرنج لەو لایەنانەی ژینگەوە بدەین کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی پیسی کردوون یان خەریکە بەتەواوی وێرانیان دەکات، دەبینین یەکەمین لایەن کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی دەستی بەدکارانە و نەزانانەی خۆی لێ وەشاندووە خاک و خۆڵەکەیەتی. خاکی رۆژهەڵات نەک هەر تەنها پاشماوەی زبڵ و خاشاک داگیری کردووە، بەڵکو لەلایەن دانیشتووانەکەی بەناشیرینترین شێوە دەستی لێ وەشێنراوە و لێرە و لەوێ کەند و لەندو قۆرتی نارێک و بێ سەروبەر لێدراوە و پڕکراوە لە چڵکاو و پیسی و بەم جۆرە بەربادە جەستەی جوان و ناسکی ئەو خاکەی پێ زامدارکراوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە بەبێ هیچ پلانێک، هەرکەسەو بەکەیف و هەوەسی خۆی و بەبێ هەستکردن بەلێپرسینەوە کەوتۆتە ویزەی ژینگە بەسەزمانەکە .

ئاوو سەچاوەکانی ئاو، هەر لە دەریا و رووبارەوە بگرە تا دەگاتە گۆم و چۆم و کانی یەوە، نەک هەر مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەوڵی نەداوە رووخسارێکی جوانتری پێ ببەخشێت لەوەی کە سروشت پێ ی بەخشیووە، بەڵکو بەخراپترین شێوە وێرانی کردووە. جۆگەلە و ئاوەڕۆی ماڵانی بەناو شەقامەکانی شارەکاندا وەرکردووە و هەرچی کەرستەی پیس و زیانبەخش هەن راستەوخۆ لەگەڵ ئاوی جۆگەلە بەناو ژینگەدا بڵاوی دەکاتەوە. ئەو دەریا و رووبار و چۆمە جوانانەی بەجۆرێک بەرباد کردووە کە بۆگەن بووینە و بۆنیان هێندە ناخۆش بووە کە نەک هەر مرۆڤ لێیان بێزارە بگرە ماسی و باڵندە و گیانەوەرە ئاوییەکانیش یان لەناویدا مردار دەبنەوە یان رەو دەکەن و سەری خۆیان بەرەو کەنارێکی پاک و ئارام هەڵدەگرن .

ئاووهەوای رۆژهەڵات لەبەرئەوەی کارگەی زل و زەبەلاحی تیا نی یە دەبوایە خاوێنترین و سازگارترین ئاووهەوای دونیا بووایە. بەڵام لەبەر کەمتەرخەمی و نەزانی مرۆڤی رۆژهەڵاتی، ئەوان ئەو ئاووهەوا سازگارەیان بە سووتاندنی ریخ و تەپاڵە و پاشماوەی زبڵ و خاشاک و بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بەرباد کردووە . جاریش وابووە بەمەبەست یان بێ مەبەست ئاگریان لە گژوگیا و دارودرەخت بەرداوە بەبێ ئەوەی بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئەم کارەیانکاریگەریەکی یەگجار خراپ و دژواری لەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیان دەبێت. سەرباری ئەم هەموو وێرانکاریانەش، مرۆڤی رۆژهەڵاتی لەرێگای زێدە بەکارهێنانی ماکینەکانی وزەی میکانیکی، نەک تەنیا سروشت بەڵکو سەرتاپای ژینگەیان وێران کردووە .

لایەنێکی تری ژینگە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی هیچ بایەخی پێ نەداوە دەنگ و هەراو هۆریایە . مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەسروشتی خۆی حەزی لەدەنگی بەرز و هاتوهاوارە و گوێچکەکانی هێندەی بەدەنگی ناخۆش راهاتوون نیو ئەوەندە بەدەنگی خۆش و نەرم و ناسک رانەهاتووە. هەربۆیەش زۆر حەز لەدەنگی زلی ماکینە و ئۆتۆمبێل و بەرزکردنەوەی دەنگی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەکەن، تەنانەت لەکاتی قسەکردن لەگەڵ یەکتریشدا بەهاوار قسەدەکەن . بێگومان هاتوهاوار و دەنگی زل و قەبە کاریگەریەکی خراپی لەسەر مێشکی مرۆڤ هەیە و وادەکات هەمیشە مرۆڤی رۆژهەڵاتی تووڕەوتووند و دەمارگرژبن. سەرباری ئەمەش، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە رۆهەڵات بە وڵاتی دەنگ زلەکان بناسرێت . رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتیەکانی جاران تارادەیەک بایەخیان بە شتی جوان و رازاندنەوەی دەوروبەر و ناوماڵ دەدا. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی بەرهەمی تەکنۆلۆجی، مرۆڤی رۆژهەڵاتی پشتیان کردۆتە ئەو شتە جوانە هونەریانەی کە جاران بەدەستی خۆی دروستی دەکرد . جا ئەو هەستە جوانناسیانەیەی کە جاران کەم تا زۆر لە دەروونی مرۆڤی رۆژهەڵاتی رسکا بوو، لەم پەنجا ساڵانەی دواییدا خەریکە لەبەرچاو ون دەبێت . هەربۆیەشە ئەگەر سەیری شێوەی شار و گوندەکانی ئەم پەنجا ساڵانەی دوایی رۆژهەڵات بکەین، بەگشتی دەبینین کە بێ سەروبەری و بێزەوەریەکی زێدەتری لەچاو هی جاران پێوە دیارە . ناوماڵ و ناوکۆڵان و سەرشەقام و ناوگوند و ناوشار لە هەموو رووخسار و دیمەنە جوان و دڵرفێنەکانی جاران داماڵراون و ئەمەش وادەکات هەستی جوانناسیانەیان تێدا بزر بێت.

جاران ناوماڵی مرۆڤی رۆژهەڵاتی، رازاوە بووایە یان نا، بەبێ پێناسە پێ ی دەگوتیت من ماڵێکی رۆژهەڵاتیم، شێوەی خانوو و سەرشەقام و شارەکانیش بەهەمان شێوە. بەڵام لەئەنجامی تێکەڵ بوونی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، رۆژهەڵاتیەکان بەشێوەیەکی کوێرانەکەوتنەلاساییکردنەوەی رۆژئاوا لە هەموو شتێکدا . ئەمەش وای لە مرۆڤی رۆژهەڵاتی کردووە کە لەهەردوو جەژن ببێت: نەبتوانێت هەستی جوانناسیانەی رۆژهەڵاتیانەی جارانی خۆی پەروەردە بکات و نەبشتوانێت وەک رۆژئاواییەک ژینگەکەی برازێنێتەوە و خۆی لەگەڵ هەستی جوانناسی رۆژئاوایی سەردەمیانە کە کاریگەری تەکنۆلۆژیای هاوچەرخی بەسەردا زاڵە بگونجێنێت و چێژی لێ وەربگرێت . مرۆڤی رۆژهەڵاتی ئەمرۆ وەکو کەسێکی دووڕەگی لێ هاتووە کە نیوەی بە دایکی دەچێت و نیوەکەی تری بە کەسێکی بێگانە. ئەمەش کاریگەریەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر رەسەنایەتی هەست و روانینی و هەرگیز ئاسان نییە بتوانێت خۆی بەهیچ لایەکدا بدات یان لە هیچ لایەکیان بگیرسێتەوە .

جا لە رۆژی ئەمڕۆماندا، لەبەرئەوەی ژینگە و جوانکردن و پاراستنی ژینگە کاریگەریەکی یەگجار بەهێزی لەسەر بەختەوەری و مانەوەی نەک هەر مرۆڤ بەڵکو سەرجەم گیانەوەرانی ئەم زەمینە پان و بەرفراوانەدا هەیە، پێویستە مرۆڤی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی بەهەر نرخێک بێت پارێزگاری لە لانکەی مرۆڤایەتی کە زەویە بکەن .

رۆژئاواییەکان بۆ پاک راگرتنی ژینگەی دەوروبەری خۆیان چەندین دام و دەزگا و رێگای کاریگەریان داناوە و تەنانەت هیچ سڵ لەوە ناکەنەوە کە پارە بدەنە حکومەتە دەبەنگەکانی رۆژهەڵات تا پاشەڕۆ زیانبەخشەکانی تەکنۆلۆژیای ژیانفەوتێنی ئەتۆمی ئەوان لەناو خاک و ئاوی رۆژهەڵاتدا زیندە بەچاڵ بکەن . مرۆڤی رۆژهەڵاتیش چونکە ئاستی هۆشیاریان یەگجار نزمە، ئامادەن لەبەرامبەر برەپارەیەکی زۆر کەمدا یان سوپاسێکی زلهێزەکانی دونیا نەک تەنها ژینگەی خۆیان وێران بکەن، بگرە ئامادەن ئایندەی چەندین نەوەی داهاتووی وڵاتەکانیشیان بەگەوجی یەوە بخەنە مەترسییەوە .

لەوتارێکی پێشوومدا کە بەناونیشانی "کوشتنی سروشت لە رۆژهەڵاتدا"یە گوتوومە کە : "رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتیەکان زۆر لەمێژە رۆحیەتی شەڕەنگێزی لەناو دەروونیاندا رسکاوە و بەدرێژایی مێژوو ئەو رۆحە وای لێ کردوون شەڕ وپێکدادانی بێ ئامان ئەنجام بدەن کە سەرەنجام بۆتە هۆی تێکوپێکدان و وێرانکردنی کێڵگە و باغ و رەز و دارستان و کێو و چۆڵ و چیا. هەروەها لە ئەنجامی شەڕوشۆڕی بێ ئەندازەی رۆژهەڵاتیەکان لێرەو لەوێ سەدان و هەزاران لاشە و تەرم و کەلاک جوانی و پاکی سروشتی یان پیس و بۆگەن کردووە. هەروەها پاشماوەی کەرەسەکانی شەڕ هەر لە گالیسکەی تێکشکاوی جاران تا دەگاتە ماشێن و تانک و فڕۆکە و گوللەتۆپ و باروت و هتد ئەم سروشتە جوانەی تێک و پێکداوە."

جا بۆ ئەوەی مرۆڤی رۆژهەڵاتی وڵات و ژینگەکەی خۆی خۆش بوێت، پێویستە بەر لە هەموو شتێک واز لەو رۆحە شەڕەنگێزانەی خۆی بهێنێت و لەجیاتی وێرانکردن و تەفرو توناکردن، بیر لە بنیاتنانەوە و خۆشکردنی ژیان و پاراستن و جوانکردنی ژینگەکەی بکاتەوە . لەسەر دەوڵەتیش پێویستە پشتگیری رێکخراوە ژینگەپارێز و پارتە ژینگەپارێزەکان بکات و بەیاسا لەسەر هەر خێزانێک ئەوە بسەپێنێت کە لە باخچەی ماڵەکەیدا بەلای کەمەوە پێنج درەخت بروێنێت و هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەش ساڵانە درەختێک لە شوێنێکی گشتیدا بچێنێت . هەروەها زۆر پێویستە ساڵانە رۆژێکی دیاریکراو هەبێت کە هەموو هاووڵاتیەک بەشدار بێت لە خاوێنکردنەوەی ژینگەکەی . جگە لەمەش هەر کەسێک بووە هۆی پیسکردن یان تێکدانی ژینگە بەتووندی سزا بدرێت چونکە پاراستنی ژینگە واتە درێژەدان بە ژیانێکی خۆش و تەندروست و وەک هەمووشمان دەیزانین ژینگە سەرچاوەی ژیان و مانەوەیە و بەبێ پاک و چاک راگرتنی ئەو لانە دڵخۆشکەرە دوارۆژێکی رەش و تاریک چاوەڕێی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات .


هەولێر ٢٠٠٨/١١/٢٨



## بەئەسپایی

### گەورەیی مامۆستاو وەفای شاگرد

مامۆستا ناوێکی گەورە، قورسایییەکی یەکجارگرانە، هەموو شتێک و توانایەک دەرۆستی نایەت و هەموو زمانێکیش ناکارێت بە ئاسانی گۆی بکات، هەمیشە مامۆستای راستەقینە ئەوەی یەک حەرف و یەک رستەو یەکەم شتە جوانەکانت فێردەکات، ئەوەی ئاراستەی بیرکردنەوە و بونیاد و پێکهاتەت دەگۆڕێت. ئەو مرۆڤەی تاچاوی ئەبەدییەت لێک دەنێیت لە ئاستیدا خۆت بە قەردار دەزانیت و دنیایەک خۆشەویستی و رێزی لێ دەنێیت، گومانم لە وەنییە دەزانیت، کە هەر خودی ئەو مامۆستایەیە لێیەوە فێری ژیاندۆستی، جوانپەرستی، وەفا، خۆشەویستی. بوویت. سەرچاوەی زوڵاڵی ژیانی تۆ لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مامۆستاکەت، کە رێ نیشان دەرەکەت، کە هەندێک جار دڵسۆز و راستەقینە ئەمرۆی تۆی هەڵناو خۆتت دۆزییەوە.



عەبدولڕەحمان مەعروف

هەڵبەتە لە هەموو چاخ و گاف و شوێنێکیش، قسەونووسین و حیکایەت و بابەتمان بیستووەو خوێندۆتەوە، کەسێک، شاعیرێک، بیرمەندێک، خوێندکارێک، چۆن باس لە مامۆستاو پێشەواو رێنوێنەکەی خۆی دەکات و بەسەرسامی و پڕشکۆیی و وەفاوە ناوی دەبات، ئەفلاتوون، سوکرات مامۆستای بووە و ئەرەستۆش پەروەردەی دەستی ئەفلاتوونەو. گۆران، شێخ نوری شێخ ساڵح بە مامۆستا و رابەری خۆی دەناسێنێت، هێمنی شاعیریش فەوزی: دەبێ بڵێم من دەسکردی فەوزیم. ئەو هەڵیوەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەر لەنوێ دروستی کردمەوە. ئەو دەرکەی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوە. ئەو رێگای ژیانی پێ نیشاندام. بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لەکن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا رێبازی ژیانم ئەو رێبازە نەدەبوو، کە گرتم و پێیدا رۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە.

ئەمە هاوکێشەیەکە لێکدانەوە و راڤەو قسەکردنی زۆر هەڵدەگرێ، ئەو پیاوە شۆڕشگێڕە، ئەو شاعیرە مەزنە ئەو هەموو شیعرە ناسک و پڕ داهێنانە سەرچاوەکەی فەوزی بێت.

لە وەدا ئاماژە بە وەفای شێرزاد حەسەنی چیرۆکنووس لەبەرامبەر مەلاهەمزەی شیوعی و لۆبیافرۆشی کورانی بدەم، کە لە زۆر بۆنەو لە دیدارەکانیشی بە باوکی رۆحی و مامۆستای خۆی دەزانێت، کە شێرزاد حەسەنی شەرمن و تازە هەڵچوو بەرەو دنیای خوێندنەوە و گەڕان و پرسیارکردن بەرەو ئەو ئاقارە بەرێت، بەهەرمەکەشی ئەو شێرزادە بێت، کە ئەمرۆ هەموومان دەیناسین و پێویست بە تاریف و نووسینی من ناکات.

دواشت دەبێ ئەوە بڵێم: ئەوە رووە پۆزەتیڤ و تەندروست و جوانەکەی مامۆستاو گەورەیی و وەفای شاگرد بوو لێوەی دوام. لەبەرامبەریشیدا روویکی قێزەون و رەش و نێگەتیڤ هەس، کە کەسێک و مامۆستایەک رێنوێنی شاگردو هەویرە نەشێلدراوەکەی بەدەستی بەرەو هەڵدێرو ناشیرین کردن دەبات!

# د. جەرجیس گوڵیزادە: گۆڤاری (بەغداد) وتارێکی عێراقییانەی ڕاستەقینەیە

**ژمارەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵا لە هەژمار نایەن، بەڵام ئەو بڵاوکراوانەی شوێنی خۆیان کردۆتەوە لەم نێوەندە ڕاگەیاندنەدا دیارو بەرچاون، جا چی بڵاوکراوەی حزبەکان یان کەرتی تێکەڵاو یان کەرتی تایبەت و ئازاد بن. گۆڤاری بەغداد لە ٢١ ژمارەدا پێگەیەکی جەماوەری عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە ماوەیەکی کورتدا بەدەستهێنا، بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەم سەرکەوتنە ڕاگەیاندنەی گۆڤاری ناوبراو، بەدرخان لەگەڵ سەرنووسەرەکەی دکتۆر جەرجیس گولیزادە، ئەم دیدارەی سازکرد...**

**دیدار: بەدرخان**

*** چۆن پێناسەی گۆڤارەکەتان دەکەی؟**

-گۆڤارەکەمان هەفتانەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، مەبەست لەگۆڤارەکە دروستبوونی میدیای ئازادە لەعێراق و هەرێمی کوردستان، سەر بە هیچ لایەن و قوڵ و باڵێکی کوردستانی یان عێراقی یان نێودەوڵەتی نییە، مینبەری قەڵەمی نیشتیمانیی و لیبراڵیی و مرۆڤدۆستانی ئازادە، بێ گوێدانە ڕەگەزو نەتەوەو ئایین و مەزهەب، نووسینگەکانی لەبەغداو هەولێرو سلێمانی کراوەتەوە، تاکو ئێستا ٢١ ژمارەی لێدەرچووەو تیراژی رووەو هەڵکشانەو گەیشتۆتە ٩٥٠٠ دانەو لە ناوەندو خوارووی عێراق و وڵاتانی دەوروبەرو ئەوروپا بڵاو دەکرێتەوە، ژمارەیەکی کەمیشی لەهەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە، چونکە خوێنەری زمانی عەرەبی لە کوردستان بەگوێرەی ئاوات و ویستەکانمان نییە.

*** سەرکەوتنی گۆڤارەکە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

-بەرز بوونەوەی کێرڤی تیراژی ژمارەکان لە ١٠٠٠ دانەوە بۆ ٩٥٠٠ دانە لە ماوەی ٢١ ژمارەدا، نیشانەی سەرکەوتنی گۆڤارەکەیە، واتە خوێنەری هەیە لە نێوەندی جەماوەری عێراق و ناوچەکە، هەڵبەتە بابەتە جۆراوجۆرەکانی نێو گۆڤارەکە کە بە وتارێکی عێراقییانەی کراوە کاریگەری خۆی دروستکردووە لە ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەری خوێنەر، چونکە دەربڕینە لە ویست و خواستەکانی ئێستاو دواڕۆژی.

*** پێتوایە گۆڤارەکەتان وێنەی گۆڤارێکی سەرکەوتووی پێشتر بێت؟**

-گۆڤارەکانی جیهان کە بەزمان و دیزاین و بابەتی جۆراوجۆر دەردەچن، لەیەک چوونێک هەیە لەنێوانیان، بەڵام خوێنەری عێراقی کەمتر خولق دەداتە گۆڤاری پسپۆڕی، پێی خۆشە بابەتەکان هەمەجۆرو خێرابن و دەربڕین بێت لەئاواتێک کاری بۆ بکرێت بۆ ئێستاو دواڕۆژی، جا چی بابەتەکان کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ڕۆشنبیری یان مێژوویی بن، چونکە ئێستا سەردەمی کلتووری سەندەویچییە، خوێنەر تاقەتی دەچێت لە درێژدادڕی بابەت و پڕکردنەوەی لاپەڕە بە بابەتی ئاخنراو، جەماوەر بابەتی چڕو پڕو پوخت و گەیەنەری دەوێت.



د. جەرجیس گوڵیزادە

***ڕۆڵی دەستەی نووسەران چییە لەو گۆڤارەدا؟**

-گۆڤارەکە جەماوەرییە، جیا لەگۆڤارەکانی دیکەی عێراقی، دەستەیەکی نووسەرانی تایبەتی نییە، بەڵکو هەر ژمارەیەک دەستەیەکی نووسەرانی خۆی هەیە، کە بابەتەکانیان لەو ژمارەیەدا هەیە، واتە خاوەن بابەتە بڵاوکراوەکان خۆیان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبنە دەستەی نووسەران، بۆیە لەهەر ژمارەیەک دەستەیەکی جیا لە





ژمارەی پێشتر یان دواتر بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش جۆرێکی تازەی شێوازی ڕۆژنامەوانییە لە عێراق.

***مەبەست چییە لەوەی لە هەر ژمارەو کەسایەتییەک دەخاتە بەردەم خوێنەر؟**


-دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، چەندین کەسایەتی تازە لەعێراق هاتنەسەر شانۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری.. هتد. لێرەدا بەمەبەستی پێناسەکردنی ئەو کەسایەتییانە بە خوێنەر بەشێوەیەکی گشتی، کەسایەتییەکان هەڵدەبژێرین بۆ پێناسەکردنی مێژووی خەبات و ئاستی ڕۆشنبیری و بەرنامەکانی بۆ بونیادنانی عیراقی تازە..هتد. هەروەها ئەو کەسایەتییانەی دەیانەوێت بەشداری بکەن لە بونیادنانی عێراقی تازە لەسەر هەموو ئاستەکان، نوێکردنەوەو دامەزراندنی پەیوەندی تازەی موکوم لە نێوان سەرکردەو جەماوەر بۆ خەبات کردن بەیەکەوە بۆ عێراقێکی تازەو، وەلانانی ڕق و کینەو، پتەوکردنی گیانی برایەتی و لێبوردەیی، گەیاندنیان بە قەناعەتێک کەوا چارەنووسمان لەخۆشی و ناخۆشیدا بەیەکەوەیە.

***تا چەند گۆڤارەکە توانیویەتی تیرۆرو تۆقاندن ڕیسوا بکات؟**

-تیرۆربەهەمووجۆرەکانییەوە، لەیەک تێکنەگەیشتنە، خۆ دوورخستنەوەو خۆشاردنەوەیە لە دیالۆگ، کە گیانی ئەم سەردەمەیە، ئێمە هەوڵدەدەین بە گوتاری گۆڤارەکەمان ئەو توندی و ئاڵۆزییەی لەدەروونی مرۆڤی عێراقیدا هەیە خاوبکەینەوە، بتوانین ڕێگای دیالۆگیان پێ نیشان بدەین، چونکە توندوتیژی لەهەر ئاست و جۆرێک بێت مایەکەی پووچەو بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، سەرەنجام هەردەبێت لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن بەیەکەوە، گەر تیرۆریش لەدەرەوە بۆ ناوەوە بێت، ئەوا بەتوندی مەحکومی دەکەین، ئەگەر عێراقییەکانیش یەکگیر بن، ئەوا تیرۆری دەرەوە بەرەو نەمان دەچێت.

***چی ترت ماوە بیڵێی؟**

-هیوادارم ڕاگەیاندن لەعێراق ئازادتر بێت و بە پیشەییەوە کار بکەن، حزبەکان و دەزگاکانی حکومەت ڕێزی زیاتر لە کارو مافی ڕژنامەنووسان بگرن، ژیان و گوزەرانیان باش بکرێت.





## نۆڤلێت (١٣)

ئێستا هەموو گیانت گەرم دادێ، تۆ بە هێمنی وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدەیتەوە، با جەستەشت بۆ هەموو زەبرێک ئامادە بێ، لەوە دڵنییابە ئەو کاتانە ئازارت دەدەن کە قسەکانت بە دڵی ئەوان نابێ، هەر کاتێ بەسەرتدا قیژاندیان، ئەوە بزانە جەستەت داوە موویێک لە ئەشکەنجەدان نزیک بۆتەوە، لەوە مەترسە چیت پێدەکەوێ، تۆ وای دانێ زللەیەکە، یا قامچییەکی زۆر بەهێزە، گرنگ ئەوەیە لەو لەحزەیە دەبێ ئاگات لەوە بێ، کە هەموو لەشت خاوکردبێتەوە، ئەوکات دەبینی چ هێزێک روو لە جەستەت دەکا، تۆ لەو ساتانەدا تەنیا گوێت لە دەنگی قامچی و زللەکانە، هەست بە هیچ ئازارێ ناکەیت، ئەوان لەوەدا دەتۆقن و هەست بە بەرائەتی تۆ دەکەن، بەڵام بە ئاسانیش دەستت لێهەڵناگرن، ئەوان بۆ ئەوە هاتوون گوێبیستی قسەیەک بن کە تۆ پێی تاوانبار کراوی، ئەگەر هیچ شتێکت لێنەبیستن ئەوە هیچیان پێنامێنێ تەنیا ماندووبوون و بێزاری نەبێ، دواتر ناچار دەبن بەر لەوەی جێتبهێڵن وبە رووشتدا هاواربکەن :

-- تۆ لە چ جنسێکیت، ئینسان نیت ؟!

ئەو دەمە دەتوانیت پێیان بڵێیت :

-- بەڵێ ئینسانم، بەڵام من ئەوە نیم کە ئێوە بە دوایدا دەگەڕێن .

ئەگەر زیاتر پێ لەسەر قسەکانیان دابگرن و بڵێن:

-- بڵێ کۆمۆنستم، تا ئازادت بکەین !

باوەڕ بەو قسانە مەکە، وەکو جاران تەنیا پێیان بڵێ :

-- من دۆستی ئەوان و هەموو ئەو کەسانەشم کە دژی بەعسن .

لەدواییدا هیچیان بۆ نامێنێتەوە و بە تووڕەیی دەچنە دەرەوەو پێت دەڵێن :

-- تۆ درۆزنی، دەبێ لێرە بڕزێیتەوە !

من ئاوا خۆم بۆ ئەو لیکۆڵینەوەیە ئامادە کرد، کەچی کە بە چاو بەستراوی بردمیانە ئەو جێیە، پێم سەیربوو ئەو جارەیان لە سەداسەد قسەکانیان جودابوو، یەکەم پرسیار کە لێیان کردم، کەسێک بە دەنگێکی لەسەرخۆ وەک ئەوەی دڵم بداتەوە وتی :

-- ئەگەر وێنەیەکت نیشان بدەین دەیناسیتەوە ؟

منیش زۆر بە هێمنی وتم :

-- ئەگەر بیناسم پێتان دەڵێم.


من بەلامەوە گرنگ نەبوو وێنەی چ کەسێکم نیشان دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا یەکسەر بیرم بۆ وێنەی ئەو برادەرە چوو، کە بەر لە گرتنەکەم نامەیەکی پێدام، لەو نامەیەدا زۆر شتی نهێنی تێدا نوسرابوو. کە چاومیان کردەوە، تەنیا کەسێک لە ژوورەکەدا بوو، لە پشت مێزێک دانیشتبوو، بزەیەکی بۆم فڕێداو رووی وێنەکەی لە من کردو وتی :

-- دەیناسی ؟

منیش بۆی هەڵسامەوەو لە وێنەکە نزیک کەوتمەوە، کە دیققەتم دایێ، دروست ئەوەی بیرم لێدەکردەوە، وێنەی ئەو بوو، منیش بێ ئەوەی تۆزقاڵێک خۆم تێک بدەم، دەستم بۆ وێنەکە درێژ کردو لێموەرگرت، بەو رەفتارەم ویستم باوەڕێکی وا لە مێشکی بچەسپێنم، کە ئەگەر بیناسم، ئەوە پێیدەڵێم، بەڵام هەر زوو وێنەکەم دایەوە دەستی و پێموت :

-- نەخێر نایناسم .

کابرا، کە وێنەکەی لێوەرگرتمەوە بە شێوەیەک سەیری کردم وەک ئەوەی پێمبڵێ ( ئەو قسەیەشت وەک قسەکانی پێشوو راست نەبوو، بەڵام با وابێ ! ) من لەوە تێگەیشتم، کە نیشاندانی ئەو وێنەیە لە دوو شت بەدەر نییە، یا ئەوەتا ( موحسین ) ئەوەی لەگەڵم گیرابوو، ئیعترافی لەسەر خاوەن وێنەکە کردووە، کە هاوڕێی هەردووکمان بوو، یا خود دەبێ لەمێژ بێ خاوەن وێنەکە لە ژێر چاودێری ئاسایشی ئەو شارەدا بێ، من ئەگەرچی بەبینینی ئەو وێنەیە هەستم بە هەژانێکی رۆحی گەورە کرد، بەڵام نەمهێشت لە سەروسیمام دەرکەوێ، ئیدی ترسی گەورەم ئەوەبوو خاوەن وێنەکە بگیرێ، چونکە بە گرتنی ئەو، زۆر شت تێکەڵوپێکەڵ دەبوون، بە تایبەتیش ئەگەر هەرسێکمان رووبەڕووبکەنەوە، من زۆر لەوە دڵنییابووم کە (موحسین ) بێئەوەی زللەیەکی پێبکەوێ، یەکسەر ئیعتراف دەکا، ئەو کات جارێکی دیکە لیکۆڵینەوەکان ئاڵۆزتر دەبن و کێشەکان گەورەترو پرسیاری تازەتر دێنێتە گۆڕێ . من بۆ خۆم قەناعەتێکم بۆ دروست ببوو، کە ڕەنگبێ لە ماوەیکی نزیکدا بەرمبدەن، بەڵام نیشاندانی ئەو وێنەیە، جارێکی دیکە بێئومێدی کردمەوە و زانیم شتگەلێکی دیکە بەڕێوەیە، ئەو کابرایەش کە لیکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکردم، بەر لەوەی جێمبهێڵێ ئاخرین قسەی کرد:



کاروان عەبدوڵڵا

-- باشتر وایە بۆخۆت ئیعتراف بکەیت و بڵێیت کۆمۆنستم و بڕایەوە، ئیدی هەر ئێستا ئازادت دەکەم!

ئەو قسەیەی کردو هەڵسایەوە، بێئەوەی ئاوڕیشم لێبداتەوە رۆیشت و لەسەرخۆ دەرگاکەی پێوەدا . هێندەی نەبرد پاسەوانێک هات و پەڕۆ رەشەکەی خستەوە سەر چاوم و بردمییەوە ژوورەکەی خۆم.

من ماوەیەک بوو لەو ژوورەدا بووم، نە لێکۆڵینەوەم لەگەڵ دەکرا و نە هیچ ئاماژەیەکیش هەبوو بۆ بەردانم، نازانم لەو گوێپێنەدانەیان گەرەکیانبوو چیم لێبکەن ؟ ئەوێ گرتووخانەیەکی کاتیی بوو، زوو زوو بەندکراویان دەهێنان و دەیانبردن، کەس نەیدەزانێ ئازاد دەکرێن یا بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێنەوە ؟ گرنگ ئەوەبوو نە کەس دەمایەوەو نە چۆلیش دەبوو، پاسەوانەکان کوردیان دەزانی، بەڵام لەوە دەچوو یا فێرکرابن یا بەو شێوەیە فێربووبن، زۆربەی ئەوانەش، کە دەهێنرانە ئەوێ کوردبوون، تاک تاکیشیان بە ئازەری و فارسی قسەیان دەکرد .

ئێمە هەموومان چاومان بڕیبووە دەرگای ژووری بەندیخانەکە، مات و بێدەنگ، لەچاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی گیراوێکی دیکەدا بووین، لەپڕ دەرگاکە کرایەوە، پیرەمێردێک کە لەوە دەچوو دووسێ رۆژبێ ریشی نەتاشیبێ، هێنرایە ژوورەوە، من کە دیتم لە شوێن خۆمەوە تاسام، گیانم پڕ بوو لە موچڕکەی سۆزو غەریبی، پیرەمێرد بێئەوەی سەر بەرز بکاتەوە بە شەرمەوە سڵاوێکی کردو یەکڕاست لە تەنیشت من دانیشت، لەپێ دەستەکانم بەخێرا ئارەقیان دەردا، بە لاوونیو لە پیرەمێردەکەم ڕوانی، بە ئانقەست بە کوردی بەخێرهاتنم کرد، ئەویش هەر بە کوردی وشەی ( خۆشبی ) لە دەم دەرچوو، هەوڵمدا لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا خۆم بە ئاسایی نیشان بدەم، کەچی لە دەروونمدا شتێکی دیکە دەگوزەرا، مێژوویەک لە رۆژانی شاخ، لە قسەو باسەکانی ئەو پیرەمێردەم هاتنەوە بیر، هەموو ئەو کەسانەی کە لە بارەگای راگەیاندن بوون، یەکە یەکە بە بەر چاومدا رەتبوون، ئەو چادرانەی کە لەبن دارە زل و زەبەللاحەکانی گوندی مەلای ناوچەی لۆلان هەڵماندابوون، ئەو خانوانەی کە لەوێ قیتمان کردبوونەوە، ئەو ئێزگەیەی کە وتارەکانمان تێدا دەخوێندنەوە، هەموویان بە هاتنی ئەو پیرەمێردە لەبەر دەممدا ئامادە بوون، پیرەمێرد وەک ئەوەی لە ژیانیدا منی نەناسیبێ بە ئاسایی سەیری کردم، لە چاوەکانیدا ئەزموونێکی زۆری زیندان و ئەشکەنجەو دەربەدەریم دەبینی، خۆی وادەردەخست وەک ئەوەی بەهەڵە کەوتبێتە شوێنێک و نیازی نەبێ هیچیش بپرسێ، بێئۆقرەیی لە چاوەکانیدا دەبینرا، بەڵام نیگای بە نیگای هیچ کەسێک نەدەکەوت قرو قەپ لە شوێن خۆیدا هەڵتروشکا، کە یەکەمجاریش سەیری منی کرد، تەنیا بۆ ئەوە بوو، کە بە چاو پێمبڵێ ( نە من تۆ دەناسم، نە تۆش من دەناسی !) راستییەکەی من لە فرسەتێک دەگەڕام، بە پەلە دوو قسەی لەگەڵدا بکەم، کەچی ئەو خۆی وا نیشان نەدەدا، کە پێویستی بە قسە بێ، دوو رۆژی رەبەق نەمن شتێکم وت نە ئەویش، زۆر لەوە دەترسام لە ژوورەوە کەسێک چاودێریمان بکا، ئەو کاتەی پیرەمێردیان بردە دەرەوە، دڵم بەوە خۆشبوو، کە ئیدی ناگەڕێتەوە، کەچی هێندەی نەبرد هێنایانەوە ژوورێ، پڕ بە دڵ حەزمدەکرد هەندێ پرسیاری لێبکەم، کە بۆچی بانگیان کردو دەبێ چییان پێوتبێ، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوەو بێدەنگ بووم، هەستمکرد ئەویش بە نیازە شتێکم پێبڵێ، لە فرسەتێک دەگەڕا لێمنزیک بێتەوە، لە شانسی ئەو لە دەرگاکە دراو پاسەوانەکە داوای کرد دووسێیەکمان بچین خواردنی نیوەڕۆ بینین، کە لە پشت دەرگاکە دانرابوو، پیرەمێرد خێرا سەری هێنایە بن گوێم و وتی :

-- من ناوم دکتۆر رەحیم نییە ! لەتۆیان پرسی وتم نایناسم .

منیش بە پەلە وتم :

-- زۆر باشە، تەواو .

نازانم بۆ بەو قسەیە شەپۆلێک لە موچرکی خۆشیی بە لەشمدا رەتبوو، زو لێیدوور کەوتمەوەو خۆم گەیاندە دوانەکەی دیکەو خواردنەکەمان هێنایە ژوورەوە، ئەو رۆژە ئەگەرچی دڵیشم زۆر خۆشبوو، کەچی هەر دوای نانخواردنەکە پێچێکی بەهێز بە هەناومدا هات و هێدی هێدی ئازارێکی توندی لەگەڵ خۆیدا دەهێناو تەواو بێتاقەتی دەکردم، یەکێ لە گیراوەکان بە توندی لە دەرگاکەی داو وتی :

-- ئەرێ کاکی پاسەوان، برادەرێک زۆر نەخۆشە، دەرگاکە بکەرەوە .

پاسەوان لە سەرخۆ دەرگاکەی کردەوەو بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە سەیری هەموومانی کردو بەکوردییەکەی خۆی وتی :

-- چییە کێ مرد، بۆ دەرگا دەشکێنن ؟!

کە پاسەوانەکە منی بینی، یەکسەر رووی لە دکتۆر رەحیم کردو وەک هەواڵێکی خۆشمان پێبدا وتی:

-- ئەوە دکتۆر لێرە، با تەماشا کا .

دکتۆریش بە دەست ئیشارەتی بۆ پاسەوان کرد، کە جانتاکەی بۆ بێنێ، بۆ ئەوەی فەحسم بکا.

# ئەو وێنانەی پاش تەمەنێک، یادەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە

له ئەرشیفی: کەمال محیەدین


مەحمود عوسمان، موئەیەد نەقشبەندی، نوری تاڵەبانی، جەمیل شەرەف، کەمال محیەدین، قادر ئەسعەد، بەغدا، سەد هندیە، ١٩٦٠


کەمال، سورەیا، زەکیە، لوتفیە، رووناک، کۆنگرەی ٥ی پارتی، بەغدا، ساڵی ١٩٥٩


د. مستەفا شەڵماشی و هاوسەرەکەی، کەمال محیەدین، مۆسکۆ ١٩٦٠/٩/١٧


کۆیە، نەورۆزی ١٩٦١


عومەر شێخ سەدر، محەمەد سادق، عەبدولرەحمان رەسوڵ، حەسەن بەگ، کەمال محیەدین، ئەحمەد خدر، سەڵاح رفیق، کۆیە ١٩٥٦


بەغدا، سەلمان پاک، نەورۆزی ١٩٥٨


سانەوی کۆیەی کوڕان، نەورۆزی ١٩٥٤


بابە تاهیر شێخ جەلال شێخ مەحمود، کەمال محیەدین، ژین محەمەد، بەغدا ١٩٥٩


کۆنفرانسی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، بەرلین ١٩٦٨


کەمال عارف، جەمیل شەرەف، کەمال محیەدین، براگ ١٩٦٠


زۆرگ رواندزی، کەمال محیەدین، جەمیل دزەیی، محەمەد عەلی، عەدنان نەقشبەندی، سدیق سادق، فازل سەعید، فوئاد زەکی، جەلال سنجاری، کۆلیژی ماف، بەغدا ١٩٥٩


نەورۆزی ١٩٥٧، بەغدا


کۆنگرە ی ٥ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەغدا ١٩٥٩


نەورۆزی ١٩٥٧، سەلمان پاک


کەمال محیەدین، واحید سەعید، مەجید ئاسنگەر، چایخانەی حاجی حەمە سەعید، کۆیە ١٩٥٦




# شێرزاد هەینی حاجی پاولۆو ترێنە خێراکەی خۆرهەڵات چاپدەکا

**تایبەت بە بەدرخان**


لەو ماوەیەی رابردوودا نووسەر و وەرگێڕ شێرزاد هەیینی دوو کتێبی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و لە لایەن دەزگای موکریانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ترێنە خێراکەی خۆرهەڵات کتێبێکی ١٣٦ لاپەڕەییە و لە نووسینی فلادیمێر فیدروفسکی نووسراوە و نووسەر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کتێبەکە خۆی لە ١٠ بەشی جۆراو جۆر دەبینێتەوە و رۆمانە.

کتێبی دووەمیش دانپێدانانەکانی حاجی پاولۆ لە ئامادەکردنی خوان ئایریاس کە دیمانەیەکە لەگەڵ نووسەر و فەیلەسووفی بەرزایلی پاولۆ کۆیلۆ ئەنجامدراوە و لە دوو توێی ٢٧٢ لاپەڕەییدا شێرزاد هەینی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و کتێبەکە خۆی لە ١١ بەش دەبینێتەوە و تێیدا باس لە چەندین تەوەری تایبەتی ژیان و ئەدەبی پاولۆ کۆیلۆ دەکات.

جێی ئاماژەیە نووسەر و وەرگێڕ شێرزاد هەینی تا ئێستا زیاتر لە ٢٥ کتێبی چاپکردووە و چەندین کتێبی دیکەشی ئامادەی چاپە و ئێستا نیشتەجێی وڵاتی سویدە و بە شێوەیەکی بەردەوام کاری وەرگێڕان و ئامادەکردنی بۆ کتێبەکان کردووە.

هێژای گوتنێیە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان دوا کتێبی بەناوی "دەسەڵاتی دوو ژن" لە ئایندەیەکی نزیک، بۆ نووسەری ناوبراو چاپ دەکات.




# فەرهەنگی ناوو ناتۆرە

## نازناو و ناو و ناتۆرە لە کوردەواریدا

١- نازناو: لەقەم: لەقەب: شۆرەت: ناڤ و دەنگ، بەزۆری باری سروشتی کوردەواری "لەقەب" بۆ ئەو کەسە دروست دەکات، کە بریتییە لە کار و پیشەو باری چینایەتی و ئایین و سیاسی و کۆمەڵایەتی. هتد، دەوری کاریگەری دەبینن لە دروستکردنی "لەقەب"، نازناو کەسەکە خۆی بۆ خۆی هەڵی دەبژێرێ بۆ ناسینەوەی لەنێو کۆمەڵی کوردەواری، یا نازناوی سیاسی بۆ ئەوەیە کە کەسەکە نەناسرێت بۆ خۆی ناوێک هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە نازناوی خۆی و زۆرجار ئەو نازناوانە جێگای ناوی راستەقینە دەگرنەوە، بەو نازناوە دەناسرێت لەنێو کۆمەڵ، وەک: "هێمن، هەژار" لێرەدا نازناوەکانم پۆلین کردووە و جێم کردۆتەوە بۆ زیاتر شارەزابوون و روون بوونەوە.

٢- ناو ناتۆرە: ناو و نەگ: ناوبیتکە: بریتییە لەو ناوە سووک و ناشیرینانەی کە وەک توانجێک دەقەبەل ئەو کەسە دەکرێ بۆ سووک کردنی ئەو کەسەیە. نەقوستانی دەبێتە ناو و ناتۆرە، وەک: کۆرە، بۆ ئەو کەسەی کە "کۆرەیە". بۆ شکاندن و ریسواکردنە، خەڵک و کۆمەڵ هەڵیدەبژێرن و بە تایبەتی ئەو کەسەی کە بەکاری نارەواو نابەجێ هەڵدەستێ لەناو کۆمەڵ و زیان بە کۆمەڵ دەگەیەنێ، بۆیە کۆمەڵ بۆ پەرچدانەوە و شکاندنی ناو و ناتۆرەی بۆ دروست دەکات، یان کارێک لەناو کۆمەڵ جوان نەبێت ئەوەی بەو کارە هەستێ کۆمەڵ لێی رازی نابێت و ناوناتۆرەی بۆ دروست دەکات. یان کەسێک یەکێکی خۆش نەوێت. ناتۆرە رووبەڕوو بەکەس نەدەگوترا.


عەبدولوەهاب شێخانی

نازناو: بریتییە لەو ناوە خواستراوەی کە مرۆڤ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و یان کۆمەڵی کوردەواری بۆی دادەنێ لە سەرەتای ناوە ئەسڵییەکەی بۆ زیاد دەکات، یان لەدوای ناوی ئەسڵی دێت، وەک "جەمالەڕەش" یان نازناوەکە جێگای ناوی ئەسڵی دەگرێتەوە و لەناو کۆمەڵ بەو ناوە دەناسرێتەوە و ناوە ئەسڵییەکەی لەبیر دەکرێ، وەک: "هەژار، هێمن" باری سروشتی کۆمەڵی کوردەواری و باری ئابووری کۆمەڵ نازناو دروست دەکات، وەک نازناوی چینایەتی هەردوو چین، دەوڵەمەند و فەقیر لێی بێبەش نین، وەک "ئاغا و بەگ و کرمانج" یان لەناوی ئایینی بووەتە نازناوی ئەو کەسە وەک: "مەلا، سەید، شێخ، . هتد" کە لە سەرەتای ناوە ئەسڵییەکەوە هاتووە وەک: "سەید کەریم، حاجی مەجید، مەلا عەلی" هەر ئەو نازناوە بووەتە نازناوی کوڕەکەی لەدوای ناوی ئەسڵی کوڕەکەی هاتووە، وەک "مستەفا حاجی، عەونی سەیدە"، کار و پیشە بووەتە نازناوی ئەو کەسەی ئەوکارەی ئەنجام داوە، وەک: کارو پیشەکە بووە نازناوی، کە لەدوای ناوەکەی هاتووە و بەو نازناوە ئەو کەسە ناسراوەتەوە، رەنگ و رووی روخساری ئەو کەسەش جێگای لاپەڕەی نازناوی کردۆتەوە وەک:"حەمەڕەش، عەوڵا سوور، . هتد" کارو پیشەی سیاسیش نازناوی دروست کردووە، بۆ ئەوەی ئەو کەسە لەناو کۆمەڵ نەناسرێتەوە، زوو ئاشکرا نەبێت لە لایەن دوژمنەوە. زۆر لە کەس کوردستان لە نازناوێک زیاتر بگرە دوو نازناو، چوار نازناو، پێنج نازناوی هەبووە و بەکارهاتووە، هەروەهاش ژنیش بێ بەش نەبووە لە نازناو، زۆر ژنیش نازناوی هەبووە.

کاری تەنیا کەسێکیش بێ کەم و کوڕی و هەڵە نابێ، بەڵام تێبینی و رەخنەی خوێنەر بابەتەکە بەپێزتر دەکا، جا لێرەدا پۆلینکردنی لە فەرهەنگدا واتە هەر دانەیەکی زمان فەرهەنگێکی تایبەتی خۆی هەبێ ئەمە زیاتر زمان دەوڵەمەند دەکات، وشەکانیش لە فەوتان رزگاریان دەبێ، لێرەدا وشەیەک دەخەمە بەرچاو ئەویش وشەی "ئەنگوستە"، گەر ئەم وشەیە لەلایەن هەموو رووەکانی زمانەوانی لێک بدرێتەوە، ئەوا دەبێتە فەرهەنگێکی تایبەتی، جا هەموو وشە و بابەتەکان بەم شێوە سەنگ و سوژن بکرێت و لێک بدرێتەوە، ئەوا زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەند دەبێت. فەرهەنگی ناو و نازناو. هتد، وەک لێکۆڵینەوەیەک کە دەبێتە ئەم هەموو بەشە کە لەم فەرهەنگە دیاری کراوە بۆ زیاتر روونکردنەوە و لێکۆڵینەوەیە و پلەی وشیاری نەتەوەکەمان دیاری دەکات. جا ئەوە لە شێوەزاری سۆرانی یان ناوەڕاست ئەوهایە، ئەی شێوەزاری کرمانجی سەروو و شێوەزاری خواروو دەبێ و "ناو و نازناو و ناتۆرە و ناو قرتاندن و ناو کوردی کۆن" دەبێ جوان بێ هیوادارم لێزان لە شێوەزاری سەروو و خواروو هەوڵ بدەن و لێ بکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی زمانی کوردی زیاتر و زیاتر دەوڵەمەند بێت.

**بەشی یەکەم**

# سڵاو لە یادی شەهیدبوونی شێخ حەمە ساڵح تاڵەبانی و هەردوو کچەکەی

**کازم عومەر دەباغ**

شەهید ئەم وشە پڕ ماناو بەهایەیە دەدرێتە پاڵ کەسێکی قارەمان، کە خۆشەویستترین و بەنرخترین شت لە ژیانیدا دەبەخشێت بە گەل و نیشتمانەکەی لە پێناو سەر فرازی و ئازادی و خۆش گوزەرانی گەل و نیشتمان، کەم کەس هەیە بتوانێت بە جەرگ و لێبوردە بێت کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت لە پێناو خۆشگوزەرانی میللەتەکەی، بۆیە دەبێت لە ئاست شکۆداریان ملکەچ رابوەستین و رێز لە کەسوکاریان بگرین، حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان بەری رەنجی خوێنی شەهیدانە.

(٢٥) ساڵ لەمەو بەر لە رۆژی (١٩٨٤/٦/٣٠) شێخ (حەمە ساڵح تاڵەبانی) و دوو کچە قارەمانەکەی بە ناوی (نازدارو هێرۆ) بە دەستی تاوانبارانی خوێنرێژ لە پرخەی خەودا لە گوندی کەڵکان خەڵتانی خوێن کران، ئەم شەهیدانە شەهیدی بنەماڵەی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بوون، سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ، ئەم رووداوە دڵتەزێنە هەموو کوردستانی هەژاند، هاوکاتیش بوو لەگەڵ گفتوگۆکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ رژێمی بەعسی لەناو چوو بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی میللەتەکەمان، خۆفرۆشان بۆ گەیشتن بە مەرامی گڵاویان دوور لەهەموو نەریت و مافەکانی مرۆڤ، ترسنۆکانە کۆتاییان بە ژیانی برای بەڕێز مام جەلال و هەردوو کچەکەی هێنا .

خوالێخۆشبوو (شێخ حەمە ساڵح تاڵەبانی) یەکێک بووە لە پێشمەرگە چاونەترسەکانی کوردستان هەمیشە چەکی بەرگری بە شانیەوە بوو بەشداری هەموو شۆڕشەکانی کوردی کردووە لە پێناو سەرفرازی میللەتەکەی هەمیشە دەر بە دەرو پشت بە کۆڵ بووە و خەریکی کاری کشتوکاڵی بووە دڵسۆزی خاکی کوردستان بووە بۆیە لەم پێناوە زۆر قوربانی داوە لە کۆتایی دا پاداشتی بە شەهید کردنی خۆی و دوو کچەکەی درایەوە بە دەستی خۆ فرۆشان .

شەهید (شێخ حەمە ساڵح تاڵەبانی) لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٧) بووە لە تەمەنی نزیکەی (٦٠) ساڵی شەهید کرا، (نازدار تاڵەبانی) لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٠) شاری کۆیە بوو لە تەمەنی (٣٤) ساڵی شەهید کرا، (هێرۆ تاڵەبانی) لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٤) لە تەمەنی (٣٠) ساڵی شەهید کرا .

ئەمەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە گەورەیی بەڕێز سەرۆکی کۆماری عێراق دەر دەخات لەکاتی لێبوردنە گشتییەکەی دوای راپەرینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) بەڕێزیان بەڵێنی دا لێبوردن بکات بۆ هەموو ئەو کەسانەی، کە تاوانیان دەرهەق بە گەلەکەیان ئەنجام داوە، بە تایبەتی ئەوانەی بە ناهەق خوێنی براکەی و برازاکانیان رشت، ئەمەش گەورەیی ئەم زاتە دەر دەخات، هەرسێ شەهیدی قارەمان لە گردی کەکۆن لە شاری کۆیە بەخاک سپێردران لەم شوێنەی کە حاجی کردوویەتیە هەوێنی شیعرەکانی ئەم کۆستە گەورەیە هەموو کوردستانی خامۆشکرد خەمێکی دیکەی خستە سەر خەمەکانی حاجی، هەربۆیە لەم باوەڕەدابووم ئەگەر حاجی بمابایە شیعرێکی بۆ دەهۆندەوە وەی کرد بەکراس و سەرپۆشی باوکی شەهید و دوو کیژەکەی، ئەمەی گرنگە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە روو رەشیان بۆ مایەوەو شەهیدانیش سەربەرزی و سەروەری و نەمریان بۆ هەتا هەتایە بە باڵا بردرا، لەمێژە ئەم چارەنووس و کارەساتە جەرگبڕانە دەبینین، وەک مامۆستا (کامەران) لەم دێڕ هۆنراوەیە دەڵێت:

چاوم هەڵهێنا دیم ئەم میللەتە
دیمەنی ژینی قەنارەو پەتە



# لە یادی رەشبگیرییەکەی مانگی تەممووزی ١٩٦٣ شاری کۆیە

**باوکی دابان**

چل و شەش ساڵ لەمەو بەر لە (١٩٦٣/٧/٤) تا (٣١/ ٧ / ١٩٦٣) چەندین تاوانی تراجیدیایی یەک بە دوای یەکی دژ بە مرۆڤایەتی دەر هەق بە جەماوەری کوردپەروەری شاری کۆیە لەسەر دەستی پیاوەکانی رژێمی بەعسی ئەو کات ئەم، ئەنجامدراوە، تاوانە تراجیدیایانە لەکەیەکی رەشە بە نێوچەوانی خوێنرێژە بەعسییەکان بە دروشمی شەلم کۆرم هیچ ناپارێزم هەنگاویان دەنا !!!!

بۆ تۆقاندنی جەماوەری کورد پەروەری ئەم شارە کەوتنە گرتن و کوشتن و لە سێدارەدان جگە لە بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی ئەم شارە دەستیان لە هیچ شتێک نە دەپاراست هاوشێوەی هیتلەر مامەڵەیان لەگەڵ ئەم خەڵکە بێ دەرەتانە دەکرد.

هەر بۆیە خوێنرێژە حەرەس قەومییەکان رۆژی (١٩٦٣/٧/٤) شاڵاوێکی بەربڵاویان هێنایە سەر شاری کۆیەو بەسەدەها کەسی خۆڕاگری ئەم شارەیان زیندانی کرد، دوای ئەوەی (گەڕان و سوڕانیان قەدەغە) کرد لە هەموو لایەک خەڵکی شاریان دایە بەر رێژنەی گوللە، لە ئەنجامی ئەم کارە نامرۆڤانەیە چەندین کەس لە سەر شەقامەکان بوون بە قوربانی و خەڵتانی خوێن کران، لەوانە شەهید (مەلای شێخ تاهیر) و (حەمید فەقێ سمایل) و (جەلال سمایل ئەحەسوور) هەر لەم رۆژەدا (منیرە مەلا تاهیر و کۆرپە تاقانەکەی بەناوی شوان سابیر مەلا رەئوف) شەهید کران، خوێنی دایک و کۆرپە هاوشێوەی شەهید بوونی عومەری خاوەر تێکەڵ بەیەکتری بوون!!!!

دوا بە دوای رەشبگیرییەکەی، کە بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا هات لە (١٩٦٣/٧/٤) دوای سێ رۆژ واتە لە (١٩٦٣/٧/٧) بە سەدەها پیاوی بەندکراوی ئەم شارەیان رەوانەی بەندیخانەی (موسەیەب) کرد، ماوەی پێنج مانگ بەبەندکراوی مانەوە، ئەمەی شایانی باسکردنە شەش پیاوی قارەمانی ئەم شارە، کە بەر رەشبگیرییەکە کەوتبوون بەیانی رۆژی (١٩٦٣/٧/٧) لە بەر چاوی جەماوەری ئەم شارە لە دینگەکانی (مەیدانی خوارێ لەناو بازاڕی کۆیە) پێچران و گوللە باران کران بە فەرمانی جەلاد (تاهیر شەکرچی) ئەمەی گرنگە باس بکرێت وەک شاهێدحاڵێک ماوەی شەوو رۆژێک تەرمی ئەم شەش شەهیدە بە پێچراوی بە دینگەکانەوە مایەوە، رۆژی دوایی مەلای گەورەی کۆیە مامۆستا (مەلا عەلی حاجی تۆفیق) و قەشەی مەسیحییەکان قورئان و ئینجیلیان بۆ رجا کردن برد بۆلای (تاهیر شەکرچی) بۆ ئەوەی رێگایان پێ بدات تەرمەکانیان بە خاک بسپێرن، شەهیدەکانیش موسلمان و مەسیحی بوون، ئەمەش ناوی شەهیدە نەمرەکانە:

١- شەهید (شەفیق ئۆمەر چایەچی ) لە گۆڕستانی شەهیدانە.
٢- شەهید (حەمەدئەمین ئەحمەد ئاغای غەفوری) لە گۆڕستانی شەهیدانە.
٣- شەهید (سولەیمان حەمە قاوەچی ) لە گۆڕستانی شەهیدانە.
٤- شەهید (محمد وهاب ئاغای حەوێزی) لە گۆڕستانی دەروێش خدر.
٥- شەهید (یوسف حەنا بەرگدروو) لە گۆڕستانی هەرمۆتە.
٦- شەهید (حەنا یوسف هەرمۆتەیی ) لە گۆرستانی هەرمۆتە.

دوا بە دوای ئەم رووداوە تراجیدیایانە دوای (٢٤) رۆژ تاوانبارە خوێنڕێژەکان جارێکی دیکە بە هەمان شێوەی پێشوو لە هەمان شوێن چوار رۆڵەی بێ گوناهی ئەم شارەیان بۆ جاری دووەم لە دینگە پێچرایەوەو گوللە بارانیان کردن، سێ لەم شەهیدانە برا بوون و لەیەک خانەوادە، ئەمانەش شەهیدەکانن :

١-(حەسەن شەریف ئیبراهیم)
٢-(حوسێن شەریف ئیبراهیم)
٣-(عومەر شەریف ئیبراهیم)
٤-(قولی کوێخوا عەلی کێلەسپی)

ئەم رووداوە کارەسات بارانە هەموو




خاوەن ویژدانێکی لە کوردستان هەژاند، گڕو گڵپەو تینی زیاتر دا بە شۆڕش، هەر بەوانەش نەوەستا چەندین قارەمانی دیکەی زیندەبەچاڵکرد لە ناو سەربازگەی کۆیە، لەوانە (مامۆستا کەمال رەشید ئاغای حەوێزی)، هەموو ئەم تاوانانە بە مەبەستی شاردنەوەی شکستەکانیان بوو، دەبێت ساڵانە یادی ئەم رووداوانە بکەینەوە بۆ ئەوەی نەوەکانمان ئاشنا بکەین بەم تاوانانەی، کە دەرهەق بە گەلەکەمان ئەنجام دراوە .

بۆ ئەوەی نەوەکانمان بزانن حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان بەری رەنجی خوێنی شەهیدانە، پێویستە لێپرسراوانی شاری کۆیە بۆ رێز لێگرتن لەم شەهیدانە هەندێک شوێنی گشتی بە ناوی ئەم شەهیدانەوە ناوبنێن بۆ بەرزراگرتنی خەباتی ئەم قارەمانانە.



# حەسەن مستەفا: من (سەید مەجید)م هێنایە ریزی کوردایەتی

ئا: بەدرخان

* سەید مەجیدت چۆن ناسی؟

– ئێمە ماڵمان لە سۆربەشی خدری پاشا بوو، برایەکم هەبوو ناوی رەشید مستەفا بوو، تەراحی دەکرد، گەنمی دەکڕی و دەفرۆشت، گۆتییە من هەروە لای منارە و یەدی قزلەر و گردعازەبانی خزمەکانمان هەموو لەوێنە و هەندەک گەنمی بکڕە، ئۆتۆمبێل و شت نەبوو، منیش بەپێیان لە ماڵەوە هاتمە منارەی، ئەوکاتی "ساڵی ١٩٥١–١٩٥٢" منارە چایخانەکی لێ بوو، لە چایخانەکەی چوومە ژووری، دوو کوڕە جاحێڵ دانیشتبوون، سەلامم لێیان کرد و بەخێرهاتنیان کردم، چایچیەکە ناوی مام عوسمان بوو، یەکیان گوتی مام عوسمان چایەکی بۆ ئەو کوڕە بینە، چایەکیان بۆ هێنام، وەڵا قسە بە قسە قسەمان لەگەڵ یەکتری کرد، گوتیان کێوە دەچی، گوتم: دەچمە گردعازەبان، گۆتیان: لۆ دەچی، دەچیە کن کێ؟ گوتم: وەڵا خزم و برادەرم لەوێیە، گۆتی برادەرت کێیە لەوێ؟ گوتم:: برادەرم سەید عەزیز و سەید قادرە، ماڵی خزمیشم حاجی عەبدەیە و مام عوسمانە بابی حاجی عەبدەی، گۆتیان ئەدی لۆ دەچی؟ گوتم: گەنمی دەکڕم. ئەمنیش گوتم ئەدی ئەتو؟ گۆتی وەڵا ئەمن مەلای منارەیمە ناوم عەبدولمەجید سەید حوسێنە، ماڵمان لە گردعازەبانە، ئەوەی ئەتوو باسیان دەکەی هەموو ئامۆزای منن، گۆتی ئەتو کویان دەناسی؟ گوتم: وەڵڵا برادەرمن. گۆتی کو برادەرتن؟ گوتم: برادەرمن، کتێبۆکەکیشم پێیە ئەگەر خوێندەواریت هەیە (هێشتان نەمزانیبوو مەلای گوندییە"، گوتی: وەڵلاهی خیندەوارم، جلدەکم لە شیعری جەنابی مەلای کۆیێ کە دەڵێ:

"هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم
عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بە ماڵم"

ئەوەم دایێ، گوتم: بەڵام هەفتەیەکی دیکە دەمدەیەوە، گوتی: باش. دوایێ تەماشای منی کرد گوتی: ئەتوو تەڕاح نی، گوتم: کاکە تەڕاحم کو تەڕاح نیمە، گۆتی بەخوای ئەتوو تەڕاح نی، پاشان گۆتی ناوت چییە؟ گوتم: ناوم فلانی کوڕی فلانە و ماڵمان لە فلان جێیە، لە ئەنجامدا لەگەڵ سەید مەجید پەیوەندی لەنێوانمان دروست بوو، گوتم: سەید مەجید وەڵلاهی ئەمن حزبیمە و کادیری حزبم و پارتیمە، گوتی: وەڵلاهی ئەتو لەسەر چ دینەکی ئەمنیش دێمە سەر دینەکەی توو، ئەتوو ئەو کوڕە جوانە، ئاوا زیرەک، خوێندەواریت لە سەدا سەد هەیە، گوتم: بەمنداڵی لە عومری دوازدە ساڵی لەلای خاڵێکم لە هەولێر مەلا قادری قورشاغلوی لە مزگەوتی خانەقای شێخ مەزهەر قورئانم ختم کردووە، بەڵام لە بەندینخانان زۆر گیرایمە و لەوێ فێری خوێندنەوە و نووسین بوویمە، بە تایبەتی کاک عەونی یوسف لە ساڵی ١٩٤٨ کە گیرا، ئێمە حەپس بووین و ٣ ساڵ حوکم بووین، گۆتی ئیلا دەبی فێری خوێندن و نووسین بن لێرە، یەک دوو کەسی پیشاندان، وانەیان پێ دەگوتین و دەمانخوێند وەکو قوتابخانەی.

* یانی تۆ سەید مەجیدت هێنا رێزی کوردایەتی؟

– بەڵێ ئەمن سەید مەجیدم هینا ریزی کوردایەتی، هەموو جارێک بەخۆی لە مەجلیسان دەرێ خزمینە ئەو پیاوە سەری منی لەو ئارۆزو گرۆزە ئاراندییە، لە فۆڕمی وی ئەمن ئیمزام کردووە، کە سەید مەجید دەڵێ ئەمن بوومە ئەندامی پارتی.

* ئەی لە پاشان؟

– لە پاشان پەیوەندیمان هەر بەهێز بوو، لە ئەنجامدا کردمانە ئەندامی ناوچە، ئەوجا هەتا ئێستاش عیلاقەم هەر ماوە و هەر دەشمێنێ.

* چۆن لە بەندینخانەی نوگرە سەلمان رزگارت بوو؟

– ئەو وەختی لە ١٩٦٣ ئێمە پێشمەرگە بووین لە ناوچەی وڵاتی کۆیێ لە رەسول بچکۆل بووین، کە بەیانی ١٩٦٣ی مەلا مستەفای رەحمەتی لەگەڵ حکومەتی عێراق راگەیاندرا، ئێمە هێشتا لە بەندینخانەی نوگرە مابووین، مام جەلال و شاخەوان نامیق و ساڵح یوسفی رەحمەتی هەرسێکیان بوونە وەفدی مفاوز و هاتنە بەغدا، ئێمە بروسکەیەکمان دایە مام جەلال، مام جەلال وەڵامی داینەوە و گوتی: لە جەزائیر داوەت کراینە، ناچمە جەزائیر هەتا بەندییەکانی نوگرە سەلمان ئازاد نەکەم، ئێمە ٣٤٥ کەس لە بەندیخانەی نوگرە سەلمانی بووین، "تەها بابان لە سلێمانی، خالید دلێر، عەباسەفەندی، ئەمن و ئەحمەد عەبدوڵڵا، لەتیف نادر رواندزی، مەلا برایمی رواندزی، شێخ کەریم هیرانی و ئەوانەمان هەموو لەگەڵ بوو، لەپاش هەفتەیەک مەرسومی کۆماری ناوی ئێمەی لەرادیۆ خوێندەوە و ئێمە هاتینەوە، ئەوجا کە هاتینەوە تێهەڵچووینەوە لە حزبایەتی، ئێمە لە ناوچەی رەسول بچکۆلین، بەیانی لامەرکەزی دا، ئەوجا منداڵە هوردکە هەڵدەپەڕین دەیانگوت: "ئەی بابە پێمان تەزی، مام جەلال نامانەوێ لامەرکەزی"، هەر لەو مفاوەزاتەی مام جەلال لە بەغدا خەریک بوو، هەواڵیان دانێ گوتیان کوڕە لە بەغدا دەتانگرن، بەهەر شێوەیەک بوو مام جەلال ریشی بەرداوە و لەوکات قوماشێکیان دروست کردبوو ناویان نابوو ریشی مام جەلال، ئەوجاری خۆی کردبووە قەشە بەناوی قەشە خۆی گەیاندە سووریا، رۆیی و هەڵات، ئەوجا ساڵح یوسفی و شاخەوان گیران، هەتا دووبارە لە ٦٦ و ئەوانە مفاوەزاتەکی دیکە پەیدا بوو، هی حکومەت لەگەڵ مەلا مستەفا، ئەوجارە دووبارە ئەوانە بەربوون.

بەشی هەشتەم




حەسەن مستەفا - هەولێر ٢٠٠٩

---

# دەسەڵاتدارانی تورکیا نایانەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکەن






پارێزەر: کەمال محێدین- هەولێر

چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی سیاسی یا نەتەوایەتی دەبێ لە بنەڕەتەوە هۆیەکانی کێشەکە دەستنیشان بکرێت، لەگەڵ لایەنە بنەڕەتییەکانی دەست بکرێت بە دایەلۆگ لەنێوانیان و هەر لایەک بە روون و ئاشکرا بۆچوون و داخوازییەکانی خۆیان بخەنە سەر مێزی باسکردن و بەبێ فرت و فێڵ بچنە ناو لایەنی گرنگی کێشەکەو بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی مێژوویی و جوگرافی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووداوەکانی پاش شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی، بۆ ئەوەی هەر لایەک لە هەڵوێست و ماف و ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی یەکتری تێبگەن دوور لە بیروبۆچوونی دەسەڵاتداری و قازانجی تەسکی تەمەن کورت و ماڵوێرانی درێژخایان.

واتا گەر باسی کێشەی کورد بکەین لە کوردستانی تورکیا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بوون و نەبوونی تورک و کورد لەو ناوچانەی، کە ئێستا پێیان دەگوترێ کۆماری تورکیا، بۆئەوەی براتورکەکان دڵگیرنەبن، کە بەدۆستی خۆمانیان دەزانین داوا لەخۆیان دەکەم کە بگەڕێنەوە بۆ مێژووی خۆیان و هاتنیان بۆ ئەم ناوچانەو چۆنییەتی تێکەڵاویان بە دەوڵەتی عوسمانی و وەرگرتنی پلەو پایەی بەرز لەم ئیمپراتۆرییەتە گەورەیە، هەر لەوکاتەش رێژەی کورد و ماف و دەسەڵاتیان تا رادەیەکی زۆر بەرچاوو فراوان بوو، تا رادەیەک لە زۆر ناوچەکانی کوردستان کوردەکان دەسەڵاتی خۆیان و موختاریان هەبووە.


بەڵام پاش رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی میراتی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بە پێی پەیمانەکانی قاهیرەو سایکس بیکو و سیڤەر و لۆزان. تا کار گەیشتە ئەم قۆناغەی کە ئێستا لەبەر دەستماندایە لە رۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٣ کۆماری تورکیا راگەیەندرا بە سەرۆکایەتی ئەتاتورک"کەمال مستەفا پاشا"، کە لەساڵی ١٨٨١ لەشاری سالونیک لەدایکبووەو پاشان بووە بە ئەفسەر لەناو سوپای عوسمانی، پاشان چووەتە ناو حیزبی تورکیای لاو "ترکیا الفتاە" دوایی بووە بە سەرۆکی حزبی"گەل" لەساڵی ١٩٣٨ کۆچی دوایی کردووە، پاش ئەویش عیسمەت ئێنۆ بووە بە سەرۆک کۆماری تورکیا، ئەویش لەسەر رێبازە توندڕەوو شۆڤێنییەکەی کەمال ئەتاتورک بەردەوام بوو، تا ئێستاش ئەم سیاسەتە شۆڤێنییەی تورک پەرستییەی حکومەتەکانی تورکیا بەردەوامە، هەر بۆیە بەدرێژایی ٨٥ هەشتاو پێنج ساڵی رابردوو هەمیشە شەڕو پێکدادان بەردەوامە لەنێوان کاربەدەستانی تورکیا نەتەوەکانی ژێردەستی، وەک: کورد، عەرەب، ئەرمەن، شەرکەس، قوبرس، بولغار، کە کاربەدەستانی تورکیا ئەم نەتەوانە بە تورک دەزانێ و لە بچووکترین مافی نەتەوایەتی و دیموکراسی بێ بەشی کردوون، هەمیشە بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازییەکانیان داونەتەوە، ئەمەش بووە بەهۆی تێکچوونی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی تورکیا، لەئەنجامدا چەندجار کودەتاو لێکدان لەناو کاربەدەستانی حکومەتی تورکیا روویداوەو زۆر لە سەرۆکەکانیان لەلایەن نەیارەکانیان تووشی کوشتن و سزادان بوونەتەوە هەروەها ئەم بارە خراپەی ناو تورکیا حکومەتەکەی ناچار کردووە پەنا بەرێتە بەر حکومەتەکانی ئەمریکاو ئەوروپا و ئیسرائیل. بۆ یارمەتیدانی تورکیا لەڕووی ئابووری و سەربازی، کە ئەمەش بووەتە مایەی کەمبوونەوەی سەروەری تورکیا، سەرەڕای ئاژاوەو هەژاری و پیلانبازی بەردەوام.

لەم رۆژەوە جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد لە کوردستانی تورکیا دەستی پێکردووە، حکومەتی تورکیا بە ئاگر و ئاسن بەربەرەکانێی دەکات و ناوی ناون تیرۆرو چەتەو پیاوکوژ، لەڕاستیدا وانییە، بەڵکو خۆیان تیرۆر و پیاوکوژن، رۆژانە بەکاری تیرۆری هەڵدەستن و دێهاتەکانی کوردستانی عێراق بە تۆپ و تەیارە بۆردومان دەکەن و بە سەدەها ژن و پیاو و پیر و منداڵی بێتاوان دەکوژن و بریندارەدەکەن و مەڕو ماڵات و کشتوکاڵیان دەسووتێنن و دەربەدەرییان دەکەن.

بەهەرحاڵ بەردەوامبوونی ئەم شەڕ و پێکدادانە نابەرامبەرە، کە ماوەی ٢٥ بیست و پێنج ساڵ زیاترە بە چەک و جبەخانەی پەیمانی"ناتۆ" "حلف الاگلس"و یارمەتی حکومەتەکانی پێشووی عێراق و ئێستای سوریاو ئێرانیش کە ئەنجامەکەی تەنها ماڵوێرانی و خوێنڕژانی رۆڵەکانی کورد و تورکی برامان بووە، سەرەڕای تێکچوونی باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی تورکیا بە هەموو نەتەوەکانی لە پێشەوەش نەتەوەی تورک، بۆیە هەندێ لە کاربەدەستانی تورکیا کەوتوونەتە پیلاندانانی جۆراوجۆر بۆ تێوەگلانی سوپای عێراقی و هەندێ لایەنی کوردستانی بۆ لێدانی جولانەوە ئازادیخوازەکەی کوردستانی تورکیاو سوپای عێراقی و هەندێ لایەنی کوردی بۆ لێدانی جولانەوەی ئازادیخوازانەی کوردسانی تورکیا.

ماوەی ٤ – ٥ مانگە هەندێ لە بەرپرسانی تورکیا بانگەشەی جۆراوجۆر دەکەن دەربارەی کورد و چارەسەرکردنی، بێ ئەوەی ناوی گەلی کوردو کوردستان بێنن و بێ ئەوەی کات و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکە نیشان بدەن، بەلای ئێمەوە لایەنە سیاسی و بەرپەرسەکانی ئێستای تورکیا واتە حزبی گەل و حزبی گەلی کۆماری و حزبی داد و گەشەپێدان لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و سەرۆک"یو شباغ"سەرۆکی ئەرتەشی تورکیا هیچ لایەک لەم دەسەڵاتدارانە تا ئێستا باوەڕیان بە بوونی کورد و کوردستان و چارەسەکردنی کێشەی کورد نییە، تەنانەت بە کەمترین پلەی مافی دیموکراتی بۆ تاکی کورد لە کوردستانی تورکیا، بۆیە ئەم کێشەیە رۆژ بەرۆژ گرژتر و ئاڵۆزتر دەبێت و گەلی تورکی براشمان باجی ئەم ئاڵۆزی و خوێنڕژان و ماڵوێرانییە دەدات لەگەڵ گەلی کورد، بۆیە پێویستە لەسەر دیموکراتخواز و پێشکەوتووەکانی گەلی تورکیا بە جددی فشار بخەنە سەر حکومەتی تورکیا و حزبە توندڕەوەکان، بۆئەوەی زیاتر و زووتر لەڕاستییەکان بگەن و کێشەکانی وڵات چارەسەر بکەن، لەپێش هەمووشیانەوە کێشەی کوردی کوردستانی تورکیا، بەشێوەیەکی ئاشتی و دیموکراتیانە، بۆئەوەی بە تەواوی ئەو خوێنڕێژی و ماڵوێرانییە کۆتایی پێبێت و حکومەتی تورکیاو گەلی تورکیش بە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ژیان بەسەر ببەن و لەهەمان کات ئومێدمان زۆرە، کە لایەنە کوردستانییەکان و کۆماری عێراق بەڵێنی بەشداربوون نەدەن بە تورکیا بۆ بەربەرەکانێی جولانەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی تورکیاو بەهیچ جۆرێکیش رێگا نەدەن بە حکومەتی تورکیا سەربازخانە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت، چونکە ئەم چەشنە بەڵێنانە ئومێدی تازەو بەهێزتر دەدات بە تورکیا بۆ لەناوبردنی کورد و کۆماری عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگیربوونی هێزی تورکیا لە کوردستانی عێراق، چونکە رەنگە تورکیا بەم ئومێدەوە بڵێت کێشەی کورد چارەدەکەین، واتا لەناوی دەبەن، نەک چارەسەری دیموکراتیانەی دەکەن، ئەگینا بۆچی کات و چۆنییەتی کێشەکە باس ناکەن و تا ئێستاش پەکەکەو جولانەوەی کورد و مافی کورد بە تیرۆر دادەنێن.

# جانۆ رۆژبەیانی چاپلینگ چیاکان بەرهەم دەهێنێ



جانۆ رۆژبەیانی لەیەکەم گرتەی فیلمەکەیدا

**تایبەت بە بەدرخان**

سەر لەبەیانی رۆژی دووشەممە ٢٠٠٩/٧/٦ هونەرمەندی سینەماکار جانۆ رۆژبەیانی دەستی بە کاری وێنەگرتن کرد بۆ فیلمی "چاپلینگ چیاکان" کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی خۆیەتی و فیلمەکە ٧٠٪ی بە زمانی ئینگلیزی و ٣٠٪ی بە زمانی کوردییە و یەکەم فیلمی "کوردی- ئینگلیزی"یە.

لەبارەی لەبارەی ئەم فیلمە ئەنوەر شێخانی بەڕێوەبەری بەرهەم و ئەکتەر لەو فیلمەدا گوتی: ناوەرۆکی ئەم فیلمە باس لە ئەنفالکردنی ٤٥٠٠ گوندی کوردستان و شارەزابوون لە کلتووری کوردان و جوانی کوردستان لە دوای ئاوەدان کردنەوە دەکا. فیلمەکە لەسەر بودجەی تایبەتی جانۆ رۆژبەیانی بەرهەم دێ و دەرهێنەر کەلوپەلەکانی کۆمپانیای ئەڤینی فیلمی فرۆشتووە تا بتوانێ ئەو فیلمە بەرهەم بێنێ، کە بە فیلمێکی ئەمریکی دەناسرێ، ئەکتەرەکان ئەمەریکین، وێنەگر هۆڵەندییە، کوردۆ گەلاڵی لە کەنەداوە ئەکتەری کوردی ئەم فیلمەیە و هەریەک لە "خۆشەوی عەزیز، مەحمود گلی، غازی غەفوور" وەک رۆڵی ناوەندی رۆڵ لەو فیلمە دەبینن.

سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی سینەماش دەکەین کە بە کامێراو چەند کەلوپەلێک یارمەتی ئیشەکەیان داوە".

جێی ئاماژەیە لە ٧٠٪ی لۆکەیشنی کارەکە ناوچەی سۆران و رواندز و دێیەکانی دەوروبەریەتی.

لە ژمارەکانی داهاتووی بەدرخان ریپۆرتاژێک سەبارەت بەو فیلمە بخوێنەرەوە.

# "نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر" ... لە ئەرشیفی تەواو نهێنی ساواک

**ئەو کتێبە "نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر" لە ئەرشیفی تەواو نهێنی ساواک، یاداشتی یەکێکە کە لە دەزگای نهێنی و هەستیارەکانی "ساواک"ی زەمانی "شا" کاری کردووە، نووسەری یاداشتەکە "عیسا پژمان"ە، کە لەلایەن زۆرێک لە سیاسەتمەدارو گەلێک رووناکبیری کورد لەساڵانی حەفتاکان ناسیویانەو لەدووتوێی کتێبێک، کە لەساڵی ١٩٩٧ لە بنکەی چاپەمەنی رۆژ لەسوید چاپی کردووەو لەلایەن ناسری ئیبراهیمی لەفارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و "پێشکەشی ئەوانەی دەکات کە بەدوای راستیدا وێڵن".**

**بەدرخان بەباشی زانی خوێنەری کوردیش بێبەش نەبن لە زانیاری و راستییەکان، هەرچەندە دەزانین کە ئەو کتێبە چەندین شتی ناراستیشی تێدایە، کە برینەکان دەکولێنێتەوە، بەڵام با نەوەی ئەمڕۆی کوردیش بزانن کە هەردەم بارودۆخی سیاسی کوردستان لەژێر هەڕەشە بووەو ناحەزان و جاسووسان و کرێگرتەکان هەر فرسەتێکیان بۆ هەڵکەوتبێ دژی کورد درێخیان نەکردووەو کاری خۆیان ئەنجامداوە. بۆیە بە پێویستمانزانی لەم ژمارە بەدواوە بە بەش بڵاوی بکەینەوەو لە پاشانیش ئەوانەی ناویان هاتووەو لەژیان ماون، بتوانین بیاندوێنین، بۆئەوەی راستییەکان زیاتر روونبێتەوە، چونکە "پەیمانی جەزائیری ١٩٧٥" دژی کورد و لەشێوەی ئەویش بەڕێوەیە، ئەگەر نێومالی خۆمان رێکنەخەینەوە. کتێبەکەش هەرچۆنەو چۆن نووسراوەتەوە، وەکو خۆی بڵاویان دەکەینەوە. تەنیا رێنووسەکە دەستکاری دەکەین.**

**بەدرخان**

من بە رێنوێنی و سەرپەرشتی سەرۆکی راستەوخۆم سەرهەنگ دکتۆر پاشان بێ وچان دەستم کرد بە خوێندنەوەی پەروەندەو کتێب و بەڵگەی رابردووی کورد و کوردستان "کوردستان و کوردەکانی: تورکیا، عێراق، سوریا و روسیای جیاکراوە لە ئێران" بەم هۆیە بەشێک بەناوی "کوردەکان" لە ئیدارەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێکهات، کە من بەسەری رابگەم. هەرچەندە دواتر ئاگاداری ئەوەبووم، کە فەلسەفەو هۆی دانانی من لە ئیدارەی دووەمی زانیاری دەرەوە "ئیدارەی پشکنین" بۆ سەر قونسولگەری ئێران لە سلێمانی، بە ناونیشانێکی دیکەوە بۆ کۆکردنەوەی ئاگاداری لەناوچەی پێویست و گرنگی کوردستانی عێراق بوو.

سەبارەت بە ئۆگری زۆر و شارەزاییم بە کارو ئیشی تایبەتیم و هەلومەرجی ئەوکات، بوومە جێگای سەرنجی سەرۆکەکانی خۆم نەیاننناردم بۆ دەرەوەی وڵات و شوێنی دیاریکراو. بەراستی باسی پیاوەتی و لە کارزانی، هەریەک لە بەرپەرسەکانی ساواکی ئەودەم ئەوەندە زۆربوو، کە بۆ هەریەک لەوانە دەکرێ باسێکی درێژ لە وتارێکی جیاوازدا بنووسرێ. کە لەکاتی خۆیدا خوێنەر لەوانە ئاگادار دەکەم.

یەک لەوانە پیاوەتی سەرهەنگی دکتۆر پاشاییە، کە ئەوکات عەقڵم بری نەدەکرد و هۆش و هەستم توانای ئەو تێگەیشتنەی نەدەدا. ئەوەبوو چونکە خۆی ئەوەندە لێهاتوو ناسراوی گشتی و بەتایبەت بەرپرسەکانی بەرزی ساواک بوو، پێویستی بە بچووکترین خۆ دەرخستن و فیزی پروپووچی نیزامگەری نەبوو. هەوڵی ئەو دایم ئەوەبوو کە بەردەستەکانی خۆی بە سەرۆکەکانی سەرووتر بناسێنێ، بەم شێوەیە ئەوانی بۆ کاری باشتر و زۆرتر هاندەدا.

بۆ وێنە ئەو پەروەندانەی، کە پێویستیان بەشیکردنەوەی زارەکی هەبوو لەلای کاربەدەستانی سەرووتری ساواک بانگیان دەکرد نەدەچوو لەجیاتی خۆی کارمەندی روتبەی خوارەوەی دەنارد، لەوانە من کە دەرەجەی بچووکتر و پلەی نزمترم هەبوو، بۆ سەرۆک و کاربەدەستانی سەرووش نەناسراو بووم، هەرچەند پێمدادەگرت، کە ئەو بانگکراوەو دەبێ بچێ روونی بکاتەوە، بەڵام ئێمەی دەنارد و بەمجۆرە کەم کەم کاربەدەستانی سەروو دەیانناسین. ئەمانە نیشانەی ئینسانییەت و خەسلەتی گەورەیی ئەفسەرێکە. دەنا لەناو ژیانی نیزامیدا مل بەملەو ئێرەیی "دەڵێن پێشبڕکێ یان مل بە ملە بەشێوەیەکی ئێرەییە لە شکل و شێوەو هەلومەرجی تایبەتدا"، دەبێتە هۆی تێکچوونی کارو ناخۆشی دووژمنایەتییەک کە لەگوتن نایە.

ئەم دوژمنایەتی و رکابەرییە، یا ئەم ئێرەییە هەمووکات زەرەرو زیانێکی لە رادەبەدەری بەو کەس و رێکخراوانە گەیاندووە.

ئەو وتە تەنیا دەگەڵ کەس دوژمنایەتی نەبوو، بەڵکو لە پێشبڕکێش خۆی دەپاراست. ئەم ئەفسەرە بەو هەموو کەرامەت و لێهاتووییەوە، کە لەسەرەوە باسکرا، لەسەر هەڵەیەکی بچووک، هەڵبەت لەروانگەی پاشای ئێرانەوە، لەکاتێکدا کە ئەرکی خۆی بەڕێوە برد، لە ساواک لەسەر ئیش دەرکراو شا فەرمانی دا، کە وڵاتەکەی بەجێبێڵێ، ئەوکەسەی کە عاشقی ئێران بوو، بێجگە لە خزمەت و گەورەیی و باشی ئێران و جگە لە تێروتەسەلی و ئاسوودەیی بۆ میللەت و گەلەکەی ئاواتی دیکەی لەسەردا نەبوو، ئێرانی بەجێهێشت و لەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو وڵاتی غەریبایەتی بارگەو بنەی تێکنا.


وڵات و میللەتی لەخزمەت بێبەشکرد و ئێمەشی لە پەژارەو ماتەمین دانا. ئێستاش ئەو هەر لەدەرەوەی وڵات دەژی و کاتێک کە ناوی ئێران دێت ئەسرینی بە سمیڵە قەیتانییەکانیدا دێتە خوار و جەرگان دەسووتێنێ. ئەوەبوو ئەنجامی خزمەت و ئەمەکداری و داوێنپاکی و ئەرکناسی، ئەم وەلانانەی لەکاتێکدابوو، کە وەک ئەتاشەی نیزامی، لە لوبنان سەرۆکایەتی نوێنەری ساواکی لە ئەستۆ بوو، ڕووداوی ١٥ی جۆزەردانی ٤١یش هەر لەم ساڵەی وەلانانی ئەوداڕوویدابوو.

بگەڕێینەوە سەر باسەکەی پێش وەلانان و دوورخستنەوەی دکتۆر پاشائی. ڕۆژێک سەرهەنگ پاشائی منی بانگکرد و گوتی: تۆ بە نوێنەری ساواک لە عێراق وەک یاریدەدەری کارداری نیزامی لە باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا هەڵبژێردراوی. ڕاست ساڵێک دوای شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق. شۆڕشێک، کە یەکەمین هەواڵی دەستپێکردنی ئەو شۆڕشەم لە مامۆرییەتێکی ناوچەی کوردستان و لەشاری سەقز بۆ تاران نارد، لە ئیدارە هەموو گاڵتەیان پێدەکردم و هەروەها شای ئێرانیش تووشی تووڕەیی و سەرسوڕمان هاتبوو. لەکاتێکدا دوای مانگێک شۆڕشی ٥٨ ڕویداو هەموو ئاگاداربوون و گاڵتەو تووڕەیی و سەرسوڕمان بوو بە پێداهەڵگوتن و دەستخۆشانە. بەسەرهاتی شۆڕش، بەڕێوەبەرانی سەرەکی، دەست تێوەردانی بێگانەو دواتر مل بەملەی توونددی ڕێبەرانی کودیتابوو بەهۆی دووژمنایەتی و ڕکابەری تووند و زیندانیکردنی سەرتیپ عەبدولسەلام عارف، یەکێ لە سەرۆکەکانی شۆڕش لەلایەن سەرۆک وەزیرانی شۆڕش‌سەرتیپ "ژەنەڕاڵ" عەبدول کەریم قاسمەوە، بەکورتی، دوای کودیتای ناوبراو، قەومییەکانی لایەنگیری ناسر و بەعسییەکان بە ڕێبەرایەتی عەبدولسەلام عارف، کە ماوەی ساڵێک بوو لە بەندیخانەهاتبووەدەر، هەروەها سەرتیپ ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن تکریتی لەساڵی ١٩٦٣ کودەتایەک، کە بەقسەی خۆیان شۆڕشیان کرد، کە عەبدولکەریم قاسم ئیعدام کراو سەرتیپ عەبدولسەلام عارف بە دەرەجەی ئەرتەشبدی "مشیری بە قەولی ئەرتەشی عێراق" بوو، بە سەرۆک کۆمار و ئەحمەد حەسەن بەکر بە سەرۆک وەزیر، دوای ماوەیەک کێشەی نێوان قەومییەکان و بەعسییەکان سەریهەڵدا. عەبدولسەلام عارف سەرتیپ ئەحمەد حەسەن بەکری لە سەرۆک وەزیری لابردو دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز، کە لە مامۆستایانی بەناوبانگی زانستگای بەغداو لە زانایان و سیاستمەدارانی ناسیونالیستی عێراقی و دۆستی هوەیدای سەرۆک وەزیری پێشووی ئێران بوو، کردی بە سەرۆک وەزیر.

بێجگە لە ڕووداوێک کە لەکاتی ئەرتەشبد عەبدولسەلام عارفدا ڕوویداهاوکات لەگەڵ مامۆرییەتی من بوو لە عێراق، عەبدولڕەحمان عارفی برای کە فەرماندەی لەشکری پێنجی بەعقوبە بوو لەجێگای عەبدولسەلام دانیشت و عەبدولڕەحمان بەزازیش وەک سەرۆک وەزیر مایەوە. حیزبی بەعس کە لەکاتی عەبدولسەلام عارفدا نهێنی ببوو، هەوڵی دەدا بۆ ڕووخانی دەوڵەت، لەساڵی ١٩٦٨ بە کودەتایەک بە ڕابەرایەتی سەرلەشکر حەسەن بەکر حکومەتی گرتە دەست و عەبدولڕەحمان عارفی دوورخستەوە بۆ تورکیا، ئەم حیزبە کە هاوڕەگەزەکەی لە سوریا بە ڕێبەرایەتی حافز ئەسەدە، لەسەر حوکمە، ئێستا لەعێراق هەر خەریکی فەرمانڕەوایی و پەرەخوازییە.

تێکۆشانی ساواک کە لەسەر ویست و نییەتی شای ئێران بۆ گێڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی لەعێراق دەست پێکرابوو. هەر لەوکاتەشدا بۆ هاتنە سەرکاری حیزبی بەعسیش کاریگەر بوو. ئەم دۆستانە ئەم خۆشەویستانە!!! کە سەدان هەزار براو ڕۆڵەو جگەرگۆشەی ئێرانی ئێمەیان لەماوەی هەشت ساڵ شەڕی داسەپاوی ماڵ سوتێنەردا. نابوت کرد، هەر ئەوانە بۆ بەدەستختنی دەسەڵات لە یارمەتی ئێران کەڵکیان وەرگرت، ئەمانە مەسەلەو مەبەستگەلێکن کە تا ئەمڕۆ لە ڕیزی ڕازو کردەوەی نهێنی وڵاتدا ببوون کە کەس نەیتوانیوە بیاننووسێ و تەنانەت لەو مەسەلانە ئاگاداریش نەبووە. ئەمانەو گەلێک مەسەلەی دیکەی سەرنجراکێش کە بەتەواوی نهێنی و لەماوەی پێنج ساڵی تێکۆشانی ساواک و مامۆرییەت و مانەوەم لە بەغدا، کە دەستم لەزۆربەی ڕووداوەکاندا هەبووە، بە درێژی لە وتاری جیاوازدا بۆ تۆمارکردن لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بە ئاگاداری خوێنەران و هاونیشتیمانانی دەگەیەنم.

لەبەرئەوەی خوێنەر تووشی ماندووبوون و سەرئێشە نەکەم دەمەوێ بچمەوە سەر ئەسڵی باسەکە، کە مەبەست و ناونیشانی ئەم نووسینەیە، بەڵام دەبێ بەکورتی سەرەتایەک لە دەستپێکی چوونم بۆ عێراق و دەستپێکردنی کارەکەم لە بەغدا بنووسم، تا بگەمە سەر چیرۆک و دەسپێکردنی کارەکانم و پێکهێنانی تواناو نفوزی نهێنی لە عێراق، کە بوومە هۆی بەستنی پەیمانی١٩٧٥ی جەزائیر لەکاتی سەرۆک کۆماری هواری بومەدیندا.



عیسی پژمان


Paris, 25/8/96

لەسەرەتادا لەگەڵ ئامادەبوونی کەلوپەل و لێکۆڵینەوەی پێویست لەسەر ڕووداوەکانی عێراق، بەتایبەت مەسەلەکانی ڕۆژی عێراق، چونکە ساڵێک بوو موتالام لەسەرکردبوو، سەبارەت بە بوونی دوو ملیۆن کوردی جیاکراوە لەئێران و نیشتەجێ لە باکووری عێراق، کە لە مەسەلەکانی گرنگ و ڕۆژی ئەم وڵاتە بوو، زانیاری و دەسەڵاتی تەواوم وەدەست هێنابوو. بە هەست و سۆزێکی لە ڕادەبەدەر و دڵێکی پڕ لەهیوا بۆ خزمەت بە نیشتیمانەکەم بەرەو عێراق کەوتمە ڕێ و لەناوچەی مەنسور لەدەرەوەی بەغدا، لەماڵی برادەر عەبدولهادی چەلەبی، یاریدەدەری پێشووی سەنای عێراق، کە دوای شۆڕشەکەی ٥٨ هەڵات و لە لوبنان خۆی گرتبۆوە، نیشتەجێ بووم، ماڵێکی گەورەو پڕ کەلوپەلی ژیان بوو، لەبەرئەوەی خاوەن ماڵەکە ڕایکردبوو، وەکیلەکەی بە نرخێکی هەرزان بۆماوەی چوارساڵ خانووەکەی بەکرێدا بە من، من لێرەدا خراپ نییە، کە ناوی عەبدولهادی چەلەبی هاتووە، بۆ گۆڕانی چێژەکە بەکورتی باسێکی چۆنیەتی ئاشنایەتیم لەگەڵ ناوبراو بکەم، کە کاتێک لە تاران بووم.

**بەشی دووەم**




شای ئێران و سەدام حوسێن




بەرگی کتێبەکە

# ڕێزلێنان لە ڕووانگەی دەستنیشانکردنی بابەتییانە و ناشیاودا...








**کەمال غەمبار**

ڕێزلێنانی کەسانی لێهاتوو لەو بوارەی کە تێیدا ناویان دەرکردووە لە هەموو جیهاندا باوەو، چ امودەزگای فەرمی چ نافەرمی خەڵاتی تایبەت بەخۆیان هەیە بەو کەسانەی دەبەخشن کە شیاوی ڕێزلێنانن، زۆرجار ئەو لیژنەیەی کە خەڵاتەکە دەبەخشێ تووشی هەڵە دەبێ چ لە ئەنجامی ئەوەی کە لە ڕێگەی وەرگرتنی زانیاری ناراست و ناورد لەبارەی کەسی پاڵێوراو بۆ خەڵاتەکەو چ بەهۆی ئەوانەی لە لیژنەکەوە نزیکن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان زانیارییەکان لینگەو قووچ دەکەنەوە، یاخود زانیاری تەواویان بەدەستەوە نییە و لایەنی ڕووکەشی پاڵێوراوەکە دەکەنە محەکی کەسایەتی ئەو کەسەو پەیوەندی بە کەسانی پاک و شارەزای کرۆکی ڕاستەقینەی ئەو کەسە ناکەن، کە زانیاری تەواو بە لیژنەکە بدەن، کە باکگراوندی پاڵێوراو چییە و تەنانەت بەرهەمەکانی لەو ئاستەدان کە ئەوەندە شیاوی پیاهەڵدان و ڕێزلێنان بێت، بۆیە خەڵاتکردنەکەی کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی لەناو خەڵکدا دەبێ، لەم ڕووەوە لیژنەی خەڵاتی ڕێزلێنان سەرکەوتوو نابێ و نابێتە مایەی ڕەزامەندی و دەستخۆشی ئەو کەسانەی خەڵاتکراو لە نزیکەوە دەناسن.
جاری وا هەبووە کە لیژنەیەک پێشنیازی خەڵاتکردن دەکات، مرۆڤی لێوەشاوە و ناشیاو و مرۆڤی چاک و بەد تێکەڵ دەکات، ئەویش بۆ مەبەستی تایبەتی، جاری واش هەبووە کە خەڵاتکراو لە بوارێکی تایبەتی نا سیاسیدا چالاکییەکی باشی نواندووە و سەرنجی بەشداربووانی بۆنەکە و بەرپرسانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و ئەوانەی کە سەرپەرشتی بوارەکەیان کردووە پێشنیازی خەڵات پێ بەخشینیان کردووە، کە ئەو کەسەی لە بوارەکەدا کارامە و لێهاتوو بووە خەڵات بکرێ، کەچی هەندێ کەس بێ ئەوەی ئاگایان لەسەروبەندی خەڵاتەکەوئەنجامیڕەتکردنەوەی بێ لێی دەکەونە تەقەو دەست بە تانەو تەشەر لێدان دەکەن و کلک و گوێ بۆ خەڵاتکراو دەکەن و لە پەناوە تۆمەتی ناڕەوای دەخەنە پاڵ، ئەوەندە ئازاو بوێریش نین بە ڕاشکاوی ڕای خۆیان لەم ڕووەوە دەربڕن.
لە سەردەمی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا لە چەندین بواردا نووسەران و هونەرمەندان خەڵات دەکران، بۆ نموونە هونەرمەندی شێوەکار و ئەکتەر و دەرهێنەر و نووسەری شانۆ و نووسەر لە چەندین بواردا، خەڵاتەکانیش چەند جۆرێک بوون، هەبوو لەناو ئەوانەدا سەر بە ڕژێم، هی واش هەبوو مرۆڤی پاک و خاوەن هەڵوێست بوو، کە ڕەتکردنەوەی خەڵاتەکە مەترسی بەدواوە دەبوو.
لێرەدا حەزدەکەم دوو نموونە بێنمەوە یەکێکیان چەند خەڵاتێکی هەمەجۆری بە کۆمەڵ بوو، کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندی گرتەوە، ئەویش لەڕێگای پێشنیاز و دەستنیشانکردنی لیژنەیەک کە لە سێ نوێنەر پێکهاتبوو: "موسڵح جەلالی بەڕێوەبەری دەزگای کوردی ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوە و سەڵاح سەعید سەرنووسەری ڕۆژنامەی عێراق و نوێنەرێکی ئەمنی گشتی" لەناو ئەو خەڵاتکراوانە نووسەر و شارەزای باڵاو هونەرمەندی گەورە هەبوون، کە مرۆڤی پاک بوون و هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان بە دام و دەزگاکانی ڕژێم نەبوو کە خزمەتیان کردبێ، هی وای تیابوو ئۆتۆمبێلی پێ بەخشرابوو حەزیشی پێ نەدەکرد، هی واشی تیابوو کە ئەڵقە لەگوێی ڕژێم بوون، ئەم جۆرە تێکەڵکردنەی چاک و خراپ بە مەبەست و ئامانجی نیشاندانی ڕژێم بوو، کە بە چاوێکی بایەخ سەیری ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی دەکات، لە هەمان کاتدا لەناو خەڵاتکراوەکاندا ڕۆشنبیری باڵاو دیاری تیابوو، کە دوای ڕاپەڕین حکومەتی هەرێم باوەشی بۆ کردبۆوە، کە بیکاتە وەزیر، هەشبوو پلەوپایەکی باڵای وەرگرت. لێرەدا پرسیارێکی ڕەوا دەکەم و دەپرسم ئایا هەر کەسێک لەوانەی کە خەڵاتکراون سەر بەڕژێم بووە، یان خزمەتی کردووە بۆیە خەڵاتکروە؟! ئەم جۆرە لێکدانەوەیە نیشانەی ئاست نزمی ئەو کەسانەیە کە بەم جۆرە بیر دەکەنەوە.
نموونەیەکی تر کە لە پەناوە بێ بەڵگەو بنەما باسی لێوەدەکرێ و تا ئێستا لەدوای ئاشکرابوونی ئەو هەموو فایل و بەڵگەی بەدەستخەت و چاپکراو و بڵاوکراوە، یەکێک نەیتوانی بەڵگەیەک کە بە فەرمی دەرچووبێ لەسەر من بڵاوبکاتەوە. وامن خۆم وەک ئەمانەتێکی مێژوویی بڵاوی دەکەمەوە، بۆ ئەوەی سەری ئەو زێرابە کراوانە بگرم کە بەناڕەوا و بێ ویژدانانە دەیانەوێ دەستە چەورەکەی خۆیان بە کەسانی وەکو من و لە نموونەی من بسڕنەوە، خۆ ئەو پروپاگەندەی لە سایتەکاندا بڵاو دەکرێتەوە کە کەسانی ڕابردوو پاک تێکەڵ بە فایلی ئەوانەی خزمەتی ڕژێمیان کردووە دەکەن. ئەویش یەکێکە لە هەوڵی ناوزڕاندنی مرۆڤی نیشتیمانپەروەر و خاوەن هەڵوێست بێ ئەوەی بیر لەمێژووی پڕ شانازی و قوربانیدان و کۆڵنەدان و خۆ نەدۆڕانی ئەو کەسە بکەنەوە، وابزانم ئەو جۆرە شێواندنەی ڕاستی ڕەنگدانەوەی داتەپینی دەروونی ئەو کەسانەیە کە خۆیان هیچیان لەبار نییە شانازی پێوە بکەن، یان دەیانەوێت وا لەو دۆست و برادەرانە بکەن، کە من لێیان نزیکم لەمێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزان کە من بەر لە ڕاپەڕین قسەم لەسەر هەیە و خەڵاتکراوم وابزانم ئەوەی کە لەنزیکەوە من بناسێ، کە لە پۆلی دووی ناوەندییەوە ساڵی ١٩٥٢ چوومەتە ناو کۆڕی خەباتی سیاسی و لە ساڵی ١٩٥٤دا کە تەمەنم شانزە ساڵ بووە لەگەڵ بەڕێزان مام جەلال و عەلی عەبدوڵڵا و سیاسەتمەداری ناوداری کۆچکردوو فاتیح ڕەسول گیراوم و لە مانگی تەمووزدا چوار ڕۆژ مانمان گرتوو و بە کەلەپچەی پۆلیس ڕاپێچکراوم بۆ هۆڵی ئەزموونەکان و لەهەمان سەردەمی پاشایەتی دووجار گیراوم و دوو جاریش دراومەتە دادگای عورفی و لە سەردەمی کۆماری سێجار گیراوم و خۆم شاردۆتەوە دراومەتە دادگای شەمسەدین عەبدوڵڵا، لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا ڕامکردووە لە "عمارە" و چوومەتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوول و لە ساڵی ١٩٧٨دا لەسەر ئیمزانەکردنی پاکانە لە مامۆستایەتی دەرکرام و دوور خراومەتەوە بوومەتە "کاتب" لە دادگای شەرعی بەسرەو دوایی بۆ حیللە و تا بڵێی دەربەدەر و برسیەتیم دیوە و ماڵ و منداڵم تووشی نەهامەتی و مەینەتی ژیان بوون. تا ئەم کاتە سەرم بۆ هیچ ڕژێمێکی دکتاتۆری شۆڕ نەکردووە و تەحەدای هەر کەس و گروپ و هەر حزبێکی ناحەز دەکەم گەر بتوانن خاڵێکی ڕەشی لەڕووتی ژیانی سیاسی ٥٧ ساڵی من بدۆزنەوە و قوتابیانی کورد لە زانکۆی بەسرە ئاگادار و شایەدی دەدەن کە من چۆن ورەم بەرز کردوونەتەوە کە وێڕای فشار و تەنگەتاوکردنیان نەبوونەتە بەعسی و نموونەیان بەمن هێناوەتەوە. دوای ڕاپەڕینیش نووسین و وتارەکانم لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بەڵگەی زەق و ئاشکران، تەنانەت بەر لە تەواوکردنی تەمەنی خانەنشینی ساڵی ١٩٨٧ خۆم خانەنشین کردووە، کە دوای دەرکردنیشم لە مامۆستایەتی فشارم خراوەتە سەر و ڕووبەڕووی پیاوانی ڕژێم بوومەتەوە و کە لەبواری ڕۆژنامەدا لە بەغدا کارم کردووە تەنیا دێڕێکم بۆ ڕژێم نەنووسیوە و وەرنەگێڕاوە و دەریانکردووم، ساڵی ١٩٨٧ گەڕاومەتەوە هەولێر، تەنانەت ڕێگەم پێنەدراوە کە ساڵی ١٩٨٨ لە پەیمانگای مامۆستایان وانە بڵێمەوە، لەهەمان ساڵی ١٩٨٨دا هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرانی هەولێر دەزانن کە باسێکم لە نموونەی شیعری نەتەوەیی لە کۆڕێکی تایبەتدا پێشکەشکرد چیان پێ گوتم کە بۆنی گرتنی لێ دەهات.
دوای ڕاپەڕینیش لە دروستکردن و بەگەڕخستنەوەی چەندین ڕێکخراوی دیموکراتی ڕۆڵی بەرچاوم هەبووە، هەروەها بەر لەو ماوەیەش کە لە ساڵی ١٩٦٢دا لە کۆلیژ دەرچووم ئامادە نەبووم بۆ بەعسی ئیمزا بکەم، کە لە ماستەر وەربگیرێم، ئەوانەی کە لە کۆلیژ بوون و یەک دەورە بووین لەمن زیرەکتر نەبوون کە ماستەر و دکتۆرایان بە بوونە بەعسی وەرگرت و دوای ڕاپەڕینیش ڕێزیان لێنراو پلەی بەرزیان پێدرا.
ئەمە پوختەیەکی زۆر خەست و چڕ بوو بۆ ئەوانەی کە بێ ویژدانانە گوللە بە تاریکییەوە دەنێن.



سەرۆک مام جەلال لەگەڵ نووسەرانی شاری هەولێر

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەک کە بە ئەنقەست مەبەستی هەندێ کەسە کە بیشێوێنێ و لە گیرفانی خۆیدا گوێز دەژمێرێ، حەز دەکەم بە بەڵگەوە بیخەمەڕوو کە ئەمە ڕاستییەکەیەتی:
ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١١ی نیسانی ١٩٨٥ "حوسێن جاف و محەممەد بەدری" هاتنە لام کە ئەو کاتە لە بەغدا وەزیفەکەم لە ڕۆژنامەی "الوقائع العراقیە"دا بوو بەسیفەتی سەرپەرشتیکردنی زمانەوانی و چاپکردن، نامەیەکی فەرمیان لە دکتۆر موحسین موسەوی سەرۆکی "رابگە نقاد الادب" بە ژمارە ٥٩ی مێژووی ١٩٨٥/٤/٤ لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو داوای لێکردبووم کە ڕەزامەندی دایەرەکەی خۆم وەربگرم کە ئامادەی ئەڵقەی ئەدەبی بەراوردکاری بم کە زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی ئەدەبیات- بە هاوکاری هاوبەندی ڕەخنەگرانی ئەدەب یەکەم کۆڕی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لەژێر ناونیشانی "پەیوەندیکردن بە ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی بەشداریکردنێکی کاریگەرە لە دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیری نیشتمانی و نەتەوەییدا" کە ڕۆژانی ١٢-١٦ لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێ و ئەم ئامادەبوونەش بەهێزکردنی ئەم دۆزە گرنگەیە و پشتگیریکردنی زانکۆیە.
دوای هەوڵێکی زۆر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی "الوقائع العراقیە" خوالێخۆشبوو "محمد علی الکرباسی" مۆڵەت پێدانی نیشاندا. کارتی لیژنەی ئامادەکاریش وەکو بەڵگەیەک لەبەردەستە. ماوەی ئەو سێ ڕۆژەی کۆڕەکە گفتوگۆ و موداخەلەی دوور و درێژ بەردەوام بوو، من چەندین جار قسەم لەسەر ئەدەبی بەراوردکاری کرد، بە تایبەتی ئەدەبی کوردی و گەلانی دراوسێ، تا یەکێ لە موداخەلە درێژەکانم مەسەلەی بەراوردکاری نێوان شاعیرانی کورد و عەرەب و فارس بوو لە دکتۆر موحسین موسەر وروژاندی و وتی: ئێمە ناتوانین بەراوردی نێوان شاعیرانی عەرەب و کورد و فارس بکەین، چونکە ئەوانە سەر بە ژیاری عەرەبی ئیسلامین، من بەرپەرچم بەدوور و درێژی دایەوە و مەسەلەی تێپەڕ کردنم بە بەڵگە هێنایەوە و شیعرەکەی "پەیام"ی "ساڵح دیلان"م کە خۆی لەوێ بوو بە نموونە هێنایەوە و موداخەلەی تریشم زۆر بوو بە تایبەتی مەسەلەی کارتێکردن، چاوەڕوانی ئەوەبووم کە دکتۆر موحسین موسەوی کە نووسەرێکی دیار و کارامەیە بەتوندی وەڵامم بداتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە کە لە ئوتێلی هەورامان یەکترمان بینی وتی: "ما کنت اتصور ان تمتلک هژه االغه والسلاسه" و سوپاسم کرد و لەگەڵ دکتۆر کامل بەسیری خوالێخۆشبوو لەسەر مەسەلەی کارتێکردن ڕای جیاوازمان هەبوو.
١٦ی مانگ کۆڕەکە تەواو بوو، کە گەڕامەوە بەغدا ١٩٨٥/٤/١٨ لە بەڕێوەبەرایەتی "الوقائع العراقیە" سەرۆکی بەشی بڵاوکردنەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی پیرۆزە لە دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق گوتیان: نووسەر بێت و ڕۆژنامەنووسێکی وا لێهاتووتان هەیە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەتان بێ. گوتمان بەڵێ. وتیان پیرۆزبایی لێ بکەن سەیارەکی بۆ دەرچووە، لە ڕاستیدا بەلامەوە شتێکی لەپڕو چاوەڕوان نەکراو بوو، کە من لە مامۆستایەتی دەرکراوم و کۆچکردوو دکتۆر ئیحسان فوئاد بەر لەو خەڵاتە بە فەرمی داوای لە وەزارەتی داد کردبوو کە ڕەزامەندی دەربڕێ بۆ گواستنەوەم بۆ وەزارەتی پەروەردە- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی- بە وەزیفەی بەڕێوەبەری بەرنامە و کتێب. بەرپرسی ئاسایشی وەزارەت کە کوردێکی بەرزنجی بوو، کوردی نەدەزانی بەڕاشکاوی پێی گوتم تۆ کە بە بڕیاری "مجلس قیادە الپورە" لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ وەزارەتی داد گوێزرایتەوە ناکرێ ڕەزامەندی لەسەر گواستنەوەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی بدرێ.
بەر لە وەرگرتنی سەیارەکە لە حاڵەتێکی نیگەرانی و پەشێوی دابووم چ هەنگاوێک هەڵێنم کە لە دڵەوە تا بڵێی ناڕەحەت بووم، بۆیە هەر زوو تەلەفۆنم بۆ چەند برادەرێکی نزیک و دڵسۆز و پاک لە هەولێر کرد و پرسم پێکردن و گوتم چ بکەم باشە! وتیان تۆ هیچ شتێکت بۆ بەرژەوەندی ڕژێم نەکردووە، کە بەرامبەرەکەی ئۆتۆمبێلێکت بدرێتێ و وابزانە یانسیبت بۆ دەرچووە، وەی نەگریت بەماڵ و منداڵەوە تەفروتونات دەکەن، کە چوومە وەزارەتی داد و نووسراوەکەم وەرگرت چاوم بەناوی کۆچکردوو دکتۆر کامیل بەسیر کەوت، کە لە دەقی نامەکەدا لە پەراوێزدا نووسرا بوو، بۆم ڕوونبۆوە کە دکتۆر موحسین موسەوی و چەند کەسێکی تر "من و دکتۆر کامیل بەسیر"یان پێشنیاز کردووە بۆ خەڵاتەکە و پەیوەندی بە ئەڵقەی لێکۆڵینەوەکەی ئەدەبی بەرواردکارییەوە هەیە کە بۆ دوا ڕۆژی تەواوبوونی لە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار دەرچووە.
هەردوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە دکتۆرە کوردستان موکریانی کە لە زانکۆی سەلاحەدینەوە لە کۆلیژی ئاداب گوێزرابۆوە بۆ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بە موسڵح جەلالی گوتبوو کە من و کامل بەسیر ئۆتۆمبێلمان بۆ دەرچووە. موسڵح سەیری پێ هاتبوو چۆن شتی وا دەبێ، چونکە بەر لەو خەڵاتە خودی موسڵح و سکرتێری بەیان، کە پێشتر لە سەردەمی کۆچکردوو ئیسماعیل ڕەسول من لەوێ دامەزرا بووم، کە موسڵح جێگەی ئەوی گرتەوە، پەنجا دیناری بۆ من زیادکرد، کە قەڵەمەکەم لێ بکڕێ، بەڵام ئەوەی کە هەردووکیان ویستیان "واتە موسڵیح و سکرتێری گۆڤاری بەیان" دوو وتاری ڕۆژنامەی "الپورە" کە لەسەر خومەینی بوو بکەمە کوردی، وازمهێنا بوو، بۆیە پێی سەیر بوو کە شتێکی وا هەبێ و چەند جارێکی تر کە تا بڵێی باری ئابووریم خراپ بوو، لە ئەنجامی دوورخستنەوە لە مامۆستایەتی و کارکردنی ڕۆژنامە زیانێکی زۆر گەورەم لێکەوتبوو، پارەیەکی زۆر قەرداری خانووکردن بووم، بۆیە هەرزوو کە هاتمەوە هەولێر ئۆتۆمبێلەکەم بە "٥٥٠٠" دینار فرۆشت، کە هەرگیز ئەو نرخە قەرەبووی ئەو زیانە زۆرەی دارایی و تەندروستی ناکاتەوە، ئەوە لە کاتێکدا کە لە بەسرە زۆر پێویستم بە پارە بوو چەند جارێک "نامیلکەکانی سەدام"یان خستە بەردەمم کە وەریانگێڕم و ناوم نانووسرێت، ڕەتم کردەوە، هەتا ساڵێک بەر لە پاییزی ساڵی ١٩٨٧ کە خۆم خانەنشین کرد ماڵم نەبووە تێیدا بحەوێمەوە و لە ترسی بەزۆر کردنم بە بەعسی شەو لە بارەگای کۆمەڵەی ڕۆشنبیری خەوتووم و برادەرێکی پاسەوانی بارەگاکە بێ ئاگاداری بەرپرسانی کۆمەڵەکە داڵدەی داوم و بە تەحەداوە دەڵێم لەهیچ کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەی تایبەت بە حزبی بەعس و لەدایکبوونی سەدام ئامادە نەبووم، بەقەد موویێکیش پەیوەندیم بە ڕژێمەوە نەبووەو بۆم نەنووسیوە و بابەتی حزبیم نەکردۆتە کوردی.
لە کۆتاییدا دەڵێم: نەک خۆم، بەڵکو ئەندامانی خێزانەکەشم تەنیا ئیمزایەکیشیان بۆ بەعس نەکردووە. دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێ و با سەگ هەر بە مانگە شەو بوەرێ، کورد وتەنی: ڕاستەبو بڕۆ ڕێی شێری.









بەدرخان
Bedirxan
www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا:
حەسەن یاسین، نازم دڵبەند، کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە، حەسیبە بابۆڵی.
- نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای ڕاپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- ڕاوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی
- ڕاوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
- ڕاوێژکاری کلتووری: خالید جوتیار
- ڕاوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٠٦٦
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +
سلێمانی، باڵەخانەی ڕەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٨٥٥٤ ١٥٩ ٧٧٠ ٩٦٤ +